# پەڕاوی ٤

## فێمینیزم

سەرپەرشتی: ڕۆزا شێخانی



پەڕاوی چوارەم

# فێمینیزم

سەرپەرشتی و ئامادەکردنی: ڕۆزا شێخانی

# فێمینیزم

سەرپەرشتی و ئامادەکردنی: ڕۆزا شێخانی

پەڕاوی ژنەفتن

jineftin.krd

ناونیشان: فێمینیزم

سەرپەرشتیاری: ڕۆزا شێخانی

بابەت: وتاری هزری

دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا

مێژووی بڵاوکردنەوە: هەولێر، کانونی دووەم ٢٠٢٢

چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی

٢٧٠ لاپەڕە

Email: jineftin@jneftin.krd

مافی لە چاپدانەوەی ئەلکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.

بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێپێدراوە.

پەڕاوی ژنەفتن

# پێرست

**بەرایی**
ڕۆزا شێخانی.......................................................... ٩

**فێمینیزم یەکسان نییە بە فێمینیزم**

هێرۆ خوسرەوی .................................................... ١٩
**دەربارەی فێمینیزم لە دونیای ئێمەدا**
مەریوان وریا قانع.................................................... ٧٢
**ژنانی کورد و فێمێنیزم**
هاوژین زیبا................................................................ ١٠٠
**وەهمی مەعریفە :**
**بەکلێشەبوون وەک ڕێگرێک لە بەردەم بەرهەمهێنانی مەعریفەدا**
عەدنان حەسەنپوور..................................................... ١٠٦
**فێمینیزم چییە و بۆ؟**
کنێر عەبدوڵا.............................................................. ١٢٥
**فێمینیزم؛ دونیابینییەکی ژنانە لە جیهانێکی پیاوانەدا**
هۆزان مەحموود........................................................ ١٣٧

**پرسی فێمینیزم لە هەرێمی کوردستان**
**جۆرەکانی فێمینیزم و جیاوازییەکانیان**
گۆنا سەعید................................................................ ١٦٨

**ڕوخساری ژانووسی ژنبوون لە کوردستاندا**
بەیان عەزیزی........................................................................ ٢٢٣

**بێ ڕزگاریی گشت، هیچ ڕزگارییەک نییە!**
نەبەز خالید........................................................................ ٢٦٢

# بەرایی



ئامادەکار و سەرپەرشتیاری پەڕاو

رۆزا شێخانی

هیچ شـــتێک هیندەی ئەوە بێزراوم ناکا لەناو کۆمەڵگا و هاوڕێیانم، بە هۆی چالاکی و کار و بیر و پرەنســیپەکانم، فێمینیســت بوون دەبێتە شــوناس و پێناســم. هۆکارەکەی هەرچییەکی تر بێت، بەڵام بە شــێوەیەکی گشــتی دیارە کە تێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردی تێڕوانینێکە پڕە لە ترس لە دنیـایەکی فێمینیســـتی، دنیـایەکی یەکســـان. دەیـانەوێ جیهانەکە وەک ڕابردوو و لە ئێســتایشــدا هەر جیهانیکی پیاوانە بێت، پیاو بەڕێوەی ببات، پیاو ســیاســەت بکات. بێگومـان زینییەتی پیـاوســـالاری هێنـدە زاڵە کە چووەتە نەستی ژنانیشەوە، هەر بۆیە زۆرێک لە ژنان یەکسانبوونی خۆیان لەگەڵ پیاوان پێ نادادیە و بە خۆیانی ڕەوا نابینن.

بۆیە کاتێک دەڵێیت فێمینیست، ڕاستەوخۆ زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگا بە هەر دوو ڕەگەزەکەوە ڕەتت دەکەنەوە و قبووڵ ناکرێی. پێشــتر لەگەڵ ئەوەی چالاکییەکانم و پرەنســیپ و بڕواکانم فێمینیســـتی بوون بەڵام وێنایەکم بۆ دروســـت بووبوو کە وام دەزانی فێمینیســـت بوون عەیبەیە و پێم

خۆش نەبوو بە فێمینیســـــت بانگ بکرێم. وەک وتم منیش وەک زۆربەی ژنــانی تر بەر ئەو شـــەپۆلە لە دیــدی نێرســـــالاری کەوتبووم و لە ناخودئاگامدا کاری دەکرد ئەگەرچی بەگژ نادادییە جێندەرییەکاندا دەچوومەوە. ئەم دۆخە تەنها بۆ من وا نەبووە بەڵکوو بۆ زۆرێک لە ژنان (فێمینیســـــت) وەکوو جنێو دەبینین. "چیمامـانـدا نگۆزی ئەدیچی" نووســـەر و فێمینیســـتی نەیجریایی لە یەکێک لە نووســـینەکانیدا چیرۆکێک دەگێڕێتەوە دەربارەی یەکەمین بەرکەوتنی ئەو بە تێرمی فێمینیســـــت، دەڵێت: «ئۆکۆلۆما باشترین هاوڕێی منالّیم بوو زۆر جار دەکەوتینە مشتومڕ و گفتوگۆ بەو زانیارییانەی لە کتێبەکانەوە وەرمانگرتبوو، لە تەمەنی چواردە ساڵاندا بووم لە ماڵی ئەوان بووین هەر خەریکی گفتوگۆ بووین و قســـــەمـان دەکرد، ئۆکۆلۆمـا تەماشـــای کردم و پێی وتم "دەزانی تۆ فێمینیســـتیت". ئەم قســـەیەی ئەو، تاریفکردن و ســـتایشـکردن نەبوو، لە تۆنی دەنگییەوە بەوەم زانی. دەنگێک وەک ئەوەی تۆ بە کەسێک دەڵێیـت: "تۆ پشـــــتگیریی لە تیرۆریزم دەکەیـت". من بە دروســـــتی نەمدەزانی مانای وشـــەی فێمینیســـــت چییە. هەروەها نەمدەویست "ئۆکۆلۆما" تێبگات کە من هیچ شتێک

لەو بارەیەوە نازانم. بۆیە بڕیارم دا واز لەو باسـە بهێنم و درێژە بە گفتوگۆکەمان بدەم. یەکەم شت بەرنامەم بۆ دانا، ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەوەی گەیشـــتمە ماڵ لە فەرهەنگۆکدا بگەڕێم و مانای فێمینیزم بدۆزمەوە».

" شـــێرڵ ســـــاندبیرگ" لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (لین ئین) دەڵێت: «لە کۆلێژ گروپێکم دروســـــت کردبوو بۆ هاندانی ژنـان تـا لە بوارەکـانی ئـابووری و حکوومەتـدا بخوێنن، کەچی قبوڵم نەبوو بە هیچ جۆرێـک و شـــێوەیەک، یـان ڕێگایەک فێمینیســــت بم، هیچ کام لە هاوڕێکانی کۆلێژم خۆیان بە فێمینیست نەدەزانی»

ئەگەرچی "چیماماندا" لە کۆمەڵگەیی جیهانی سـێهەم بێت و "شـــێرڵ ســـــاندبیرگ" لە کۆمەڵگەیەکی یەکەمینەکان بێت، بەڵام جیـاوازیی تێڕوانینەکـانی کۆمەڵگـاکـان بەرانبەر بە چەمکی فێمینیزیم و فێمینیست بوون وەک یەکە بە هەندێک تایبەتمەندیی جیاوازەوە. لەســــەر بنەمای ئەم دوو لێدوانە کە هەرکامیان ســــەر بە کۆمەڵگایەکی جیاوازن، دەتوانین

بڵێین ئەوەی هەیە دژایەتیکردنی فێمینیزم و ســـەرهەڵدانی ژنانە، لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بێت.

ئەم ڕەتکـردنەوە و دژایەتـی کـردنەی بـزووتـنەوەی فێمینیستی لەو دیدە نێرسالارییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەدرێژاییی مێژوو دژی هەوڵ و تێکۆشـــان و شـۆڕش و چـالاکی و خەبـاتی ژنـان بووە بۆ ژیـانێـک و دنیـایەکی یەکســـان و باشـــتر، لەبەر ئەوەی خودی ژنان لەژێر هژموونی نێرســـالاریـدان ڕێژەیەکی زۆری ژنـانیش لە بەرژەوەندی پیاوان بیر دەکەنەوە و تێدەکۆشن و شانازی پێوە دەکەن بەڵام کارکردن بۆ یەکسانیی ژنان شورەییە و نابێ ببێتە مایەی شـــانازیت. ئەمە لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر سـەختترە بەرگری لە فێمینیسـت بوونی خۆت بکەی، گروپێکی کەم و دەگمەن لە ژنان بانگەشـــەی فیمینیســـت بوونیـان دەکەن، زۆریک لە ڕێکخراوەکانی ژنـان خۆیـان بەدوور دەگرن لە فێمینیســـت بوون، لە ترســـی ڕەت کردنەوەیان چ لەلایەن حیزبە باڵادەســـتەکەیان کە لەژێر هەیمەنەی ئەودان چ لەلایەن کۆمەڵگاوە.

وەکو ژنێکی ئازادیش، فێمینیسـ‌ـــــت بوونت جارێکی دی هەڕەشـ‌ـەیە بۆت کە یەکەمین پێناسـ‌ـە ئەوەیە کە تۆ ژنێکی دژی نەریت و ئایین و بەهاکانی کۆمەڵگایت، ژنێکی دژی پیاو دەجەنگی، گەرچی شـ‌ـــەڕی فێمینیزم بۆ یەکسـ‌ـــانیی ئابووری و سـ‌ـــیاسـ‌ـــی و کۆمەڵایەتییە لەگەڵ پیاواندا نەک دژایەتی کردنی کەچی پیاوان و کۆمەڵگاکان ئەم یەکسانییە بە هەڕەشـ‌ـە بۆ سـ‌ـەر خۆیان دەبینن! بۆیە هەمیشـ‌ـە کار بۆ بە ئۆبژەکردنی ژنـ‌ـان دەکەن لەڕووی کۆمەڵایەتـی و سیاسی و ئابوورییەوە.

ئەم ترسـ‌ـــە لە چەمکی فێمینیزم و فێمینسـ‌ـــت بوون وەک بزووتنەوە و بزاڤێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی بووە هۆی کردنەوەی ئەم تەوەر(پەڕاو)ە.

ئەم باس و وتـارانەی لەم پەڕاوەدا دەیخوێننەوە، وەڵامی کۆمەڵێ نووسـ‌ـــەر و ڕۆشـ‌ـــنبیر و چالاکوانن، کە بە تەنگ داواکەمانەوە هاتن و وەڵامی تەوەرەکەیان دایەوە. ئەمەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە دەقی تەوەرەکەیە بە پرسـ‌ـــیار و تێبینی و ڕوونکردنەوەکـانەوە. ئەو وتـار و توێژینەوانەش

لەم پەڕاودان وڵامی ئەو نووسـەر و رۆشـنبیر و چالاکوانانەن کە بە تەنگ داواکەمانەوە هاتن.

## دەقی تەوەرەکە:

پرسیار : وا دەردەکەوێ نەک تەنیا لەنێو خەڵک بە گشتی، بەڵکوو لەنێو نووسـەران و خاوەنڕا و چالاکان و تەنانەت ڕێکخراوەکانی ژنانیشـدا فێمینیزم چ وەک چەمک چ وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕەوتێکی خەبات کردن، هەروەها فێمینیسـت بوونیش بە لاڕێدا چووە و گەیشتووەتە ئاستێک کە تێگەشتن لە فێمینیزم بە ڕقلێبوون لە پیاو، داماڵینی نمای خانمێتی لە ژنان گەشتووە بە گوێی مرۆڤـایەتی، لە ئێسـتـادا ڕەوتێکی نوێی لە چـالاکـانی فێمینستی هەوڵدەدەن بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەتێگەشتنە و، لە هەمان کاتدا خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەی پتری بیری یەکسـانیـخوازی. ئێمەش لە ڕێگەی ئەم تەوەرەوە دەمانەوەێ نووسـەر و خاوەن را و چالاکانی کورد لەو بارەیەوە بدوێنین.

بە بڕوای ئێوە ئایا فێمینیزم وەک چەمک و تێگەیشـــتن چەند شـێوێنراوە؟ ئایا ئەمە چەند دەسـتی خودی ڕەوت و کەســـە فێمینیســـتە کوردەکانی تیایە؟ ئەرکی فێمینیســـتە کوردەکــان لە ئێســـتــادا و بۆ کۆمەڵگــای کوردی ڕاسـتکردنەوەی چەمکەکەیە یان بەردەوام بوونە لەسـەری بەو جۆرەی کە هاتووە؟

ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی ژنان تا چەند چالاکییەکانیان دەچێتە خانەی چالاکی کۆمەڵایەتی و سـیاسـی فێمینیسـتی و ئایا توانیویانە هەنگاو بە هەنگاوی بەرەوپێشـچوونەکانی لە جیهاندا، ئەمانیش بەرەوپێش بچن؟

لە بنەڕەتدا ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی بەرگری کردن لە مافەکانی ژنان چ لەســـەر ئاســـتی ڕێکخراوەیی بێت، یان لەسـەر ئاسـتی تاکەکەسـی بوێری ئەوەیان هەیە خۆیان بە فێمینیســـت دابنێن؟ یاخود ئەمانیش خۆیان بێبەری دەکەن لەم چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە؟

لە لایەکی ترەوە ترسـی کۆمەڵگـای کوردی لە چەمکی ئازادی و یەکسـانیی جێندەری و فێمینیزمدا هەموو نەرمە هەوڵەکانی ژنانی بۆ ئازادی پەک خسـتووە، ئایا کۆمەڵگای کوردی کێشـەی لەگەڵ چەمکەکان هەیە وەک پێناسـە و ڕاڤەیەک کە پێیان گەیشـتووە یاخود لەگەڵ خودی ئازادی و جێندەری باڵانسـدا کێشـەی هەیە؟ یان دەکرێ بپرسـین کۆمەڵگای ئێمە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەم بزووتنەوە و چالاکییە دەترسێ یان لە ڕووی سیاسییەوە؟

بۆ بەدیهێنانی یەکسـانیی جێندەری و، دروسـت بوونی ڕەوتێکی فیمینیزمی ڕاسـتەقینە لە کۆمەڵگـای کوردیـدا هۆشـیارکردنەوەی کام ڕەگەز پێویسـتی سـەرەکییە، ژنان یـاخود پیـاوان. ئەو میکـانیزمـانەی دەکرێ بگیرێنەبەر کامانەن؟

ڕاستکردنەوەی ئەم کۆنسێپتانە ئەرکی کێیە؟

فێمینیست کێیە؟ فێمینیزم چییە؟

**تێبینی:**

-مەرج نییە وەڵامی کۆی پرســـیارەکان بدەنەوە. بەڵکوو دەتوانن سەرنجتان لەسەر ئەو بەشە لە پرسیارەکە قووڵ بکەنەوە، کە لاتان وایە شایەنی قسە لەسەر کردنە.

-زۆر بە لامانەوە گرنگە کە وەڵامەکەتان وەک وتارێکی ســـەربەخۆ و بە ناونیشـــانێکی ســـەربەخۆ بێت، (هەڵبەت پێوەندیی ڕاستەخۆی بە تەوەرەکەوە هەبێت).

ئەم تەوەرە بۆ چەندین نووســـەر و ڕۆشـــنبیر و چالاکی مافەکانی ژنان دەنێردرێت و وەڵامی هەر کەســـێک وەک وتـارێکی ســـەربەخۆ لە بەشـــی تەوەری هزری بڵاو دەکرێتەوە.

وەڵامیان وتارەکەتان لە ٥٠٠ وشـــە کەمتر نەبێت. بەڵام درێژییەکەی دەتوانن تا ئاستی توێژینەوەیەکیش بێت.

لەگەڵ رێزماندا (ڕۆزا شێخانی) لە ماڵپەڕی ژنەفتن

# فێمینیزم یەکسان نییە بە فێمینیزم



هێرۆ خوسرەوی

## فێمینیزم:

لە سەرەتادا پێم باشە دووبارە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە (چەندین جاری دیکەش بە وتاری جیا جیا ئاماژەم بەم خاڵە کردووە) کە فێمینیزم یەکسان نییە بە فێمینیزم. چەمکی فێمینیزم وەک هەر ڕێبازێکی تیۆری دیکە بە چەندین ئاراستەی فیکریدا گەشەی کردووە و لەو ڕێگەیەشەوە ئایدیا و تیۆرە فێمینیستییەکان پرسەکانی هێز، دەسەڵات، ژێردەستەیی، چەوساندنەوە و نایەکسانییەکان شیکار دەکرێن. بۆیە چەمکی فێمینیزم دەکرێت وەک چەمکی سەرەکی دەرک بکرێت و دواتر ئاماژە بەوە بکرێت کام فێمینیزم، چونکە بۆ خوێندنەوەی هەر بابەتێک لە ڕوانگەیەکی فێمینیستییەوە دەکرێت تێبگەین، کە ئەو فێمینیزمە بەرگری لە کام ئاراستەی فیکری دەکات و بە چ چاویلکەیەکەوە شەرحی بابەتەکە دەکات. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە تەنیا تێگەیشتن لە فێمینیزم و ئەوەی فێمینیست بوون چییە بەس نییە، بەڵکوو پێویستە لەگەڵیشیدا لە کۆنتێکستە مێژووییەکان تێبگەین، کە بۆچی هەلومەرج و پێشزەمینەی بۆ هەندێک گۆڕانکاری

ڕەخســـــاندووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ڕزگاریی ژنان بە چەند قۆناغێکی جیاواز ئاشـــنا دەبین، کە هەر یەکێکییان بەپێی ئەو بارودۆخە ســـیاســـی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەی تێیدا ســـەریـان هەڵـداوە لێکـدانەوە و دەرککردنێکی دیکەیـان هەیە لەگەڵ ئەوانەی پێش و پـاش خۆیدا. بۆیە چەمکی فێمینیزم وەک ئەوەی لە پرسـیارەکەدا هــاتووە، نەشـــێوێنراوە، بەڵکوو لەگەڵ گۆڕانکــارییە ســـیاســـییەکاندا بەرگی دیکەی بە بەردا کراوە. ئەمەش دیــاردەیەکی تــایبەت نییە بە کوردســـتــان و ڕەنگە چەمکەکەش بۆ کوردسـتان هێشـتا نوێ بێت، مەبەسـتم لە نوێبوونیش جێگرتنی چەمکی فێمینیزم وەک ئــایـدیـا و تیۆرییەک، کە کۆمەڵە کەســـانێک بناغە و بنەمایەک بۆ بزووتنەوەیەکی ســـیاســـی پێ بونیادبنێن، چونکە تاکوو ئێســـتا ســـەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی چالاکمان نەبووە لە مێژووی کوردیدا، کە بۆ پرسـی ژن چڕ بووبێتەوە، ئەوەی هەبووە خەباتێکی تا ئەندازەیەک لەلایەن پیاوانەوە بووە بۆ بەگژداچوونەوەی ســیســتەمە داگیرکارەکان و کێشــە سیاسییەکانی دیکە.

چەمکی فێمینیزم یـاخود هەموو چەمـک و تیۆرییە سـیاسـییەکانی دیکە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە پاشگری (یزم) وەردەگرن، کە وەک ڕێبازێک و تیۆرییەکی سـیاسـی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بەڵام زاراوەی فێمینیزم (Feminismus) بۆ یەکەم جـار لەلایەن ژنێکی فەڕەنسـییەوە کە مامۆسـتای مافی ژنانە لە سـاڵی ١٨٨٠ بەکـار دەهێنرێـت و ئەڵبەتە لەلایەن ئیوبێرتین ئەوکلێرت (HubertineAuclert ١٨٤٨-١٩١٤) کە دواتـر لە سـاڵانی ١٨٨١ تا ١٨٩١ لە ڕۆژنامەی(La Citoyenne) ئەم چەمکە وەک ئایدیایەکی سـیاسـیی دژی ماسـکولینیتی (Maskulinismus) [نێرایەتیی] نـاو دەبـات[1]. «خەبـاتی ژنان » و«فێمینیزم» لە ڕاستیدا یەک ئامانجی سەرەکییان هەیە، ئەویش ڕەخسـاندنی هەلومەرج و مافی سـەرەکیی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە دەوڵەت و حوکمڕانیدا، لە کۆمەڵگـا و کولتووردا و هەروەهـا لە سـنووری تایبەتیشـدا. بە شـێوەیەک کە ماف و ئازادی و بەشـداریی

1.Waldmann2019: 30

ژنان لە هەموو کایەکاندا بە شـــێوەیەکی یەکســـان و دادپەروەر، دابەش بکرێـت. خەبـاتی ژنـان وەک هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە دەکرێـت وەک پێکەوە کارکردن و مامەڵەکردنێکی کۆمەڵایەتی بناســـێنرێت، کە دەیەوێت بەو ئاراســـتەیەدا بڕوات بەشـــداری لە گەشـــەی کۆمەڵگادا بکات. بە تایبەتیش خەباتی ژنان هەوڵ دەدات کۆتـایی بە پەیوەنـدییە ڕەگەزییەکـان (جێنـدەرییەکـان)، نادادپەروەری و نایەکســـانییە کۆمەڵایەتییەکان بهێنێت. ئەگەرچی لە زۆرینەی کـات لە کـاتی پێنـاســـەکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـانی ژنـانەوە چەمکی فێمینیزم بەکار دەهێنرێت، بەڵام فێمینیزم هێشـــتا واتایەکی زیاتری هەیە. فێمینیزم وەک هەریەکێک لە تیۆریی و چەمکەکانی دیکەی وەک لیبرالیزم، کۆنزێرڤاتیزم، مارکســـیزم ....هتد ئاماژە بە ڕێباز و تیۆرییەکی ســـیاســـی دەکات، کە چەقی تیۆرییەکە چەند لایەنێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا بەرجەســـتە ناکات، بەڵکوو دەڕوانێتە تەواوی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا.

## بۆچی فێمینیزم؟

بزووتنەوە سەرەتاییەکانی ڕزگاریی ژنان وەک لە مێژوودا نووســـراوەتەوە، بزووتنەوەی ژنــانی بۆرژوازی بووە، چونکە داواکارییەکانیان لەو ئیمتیازانەدا کۆ بووبوویەوە کە پیاوانی چینی بۆرژوازی توانا و مافی بەدەســـتهێنانیان هەبوو، بەڵام ژنانی بۆرژوازی ڕێگرییان لێ دەکرا، ئەمەش لەبەر ئەو نۆرم و بەها و داوکارییە پیاوســـالارییانەی لە کۆمەڵگاکاندا هەبوون. داواکاریی مافی هەڵبژاردن، مافی خوێندن و مافی بەشداری لە سەروەت و سامان و میرات ســـەرەکیترین داواکــارییەکــانی ئەو بزووتنەوانە بوون. ***ڤیرجینا وۆلف*** کە بەبێ ســـڵەمینەوە نازناوی فێمینیســـت هەڵدەگرێت و هەوڵ بۆ مافی هەڵبژاردن دەدات و ئاماژە بەوە دەکات، کە چەوســـــاندنەوەی ژنـان لە پێکهاتەی دابەشکردنی کار و هەلومەرجی نایەکسان بۆ گەیشتن بە پارە و خوێندندایە. گۆڕینی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە ئامانجی ســـەرەکیی ئەو بزووتنەوانە بووە، کە ژنانیش بتوانن وەک بکەرێک بەشـــێک بن لە پرۆســـــە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا. وەک چۆن وۆڵف لە تێکستی

"سەما بۆ خاوەنداریێتی"دا بەڕوونی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت: «ئێمە پێویستیمان بە کۆمەڵگایەکی سەرمایەدار نییە، کۆمەڵگایەکی دیکەمان دەوێت، کە تێیدا ژنان بەر لە هەر شتێک زمانی خۆیان، میتۆدەکانی خۆیان، پەروەردە و فێربوونی خۆیان بدۆزنەوە. ئەمەش پەیوەست نییە بە یەکسانکردنەوەوە (یەکسانکردنی ژن بە پیاو)، چونکە پیاوێتی هیچ پێوەرێکی ئەرێنی نییە، بەڵکوو پیاوێتی هەڵگری سەرمایەداری، جەنگ و خۆپەرستییە. ڕزگاریی ژنان شتێکی دیکەیە، ئەڵتەرناتیڤێکی زیندووە و لێدەگەڕێت هەمووان تێیدا بگەشێنەوە»[٢]. سەرەڕای گرنگیی ڕۆڵی بزووتنەوەی ژنانی بۆرژوازی وەک سەرەتایەکی دیار لە ناوهێنان و باسکردنی مافەکانی ژناندا، هێشتا ناتوانێت بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو ژنان بدوێت، داواکارییەکان و تێگەیشتنیان لە دۆخی ژن تەنیا لەنێو چینی بۆرژوازیدا دەمێنێتەوە، هەر لەبەر ئەمەش بزووتنەوەی ژنانی بۆرژوازی دەکەوێتە بەر ڕەخنەی ژنانی سۆسیالیستی وەک ***ڕۆزا لوکسمبورگ***، کە بزووتنەوەکە وەک

2.Haug 2010: 143

کۆمیدیایەکی ســـــادە وەســـــف دەکات، چونکە ئەو ژنانە کارکردێکی ئابووریی ســـــەربەخۆیی خۆیان لە کۆمەڵگادا ناوێت و ناتوانن لەدەرەوەی داهاتی پیاوەکانیانەوە وێنای مافی ســیاســیی خۆیان بکەن، ژنانی بۆرژوازی نایانەوێت خۆیــان بێبەری بکەن لە بەرهەمەکــانی چینــایەتی و چەساندەوە، بۆیە مافی سیاسی دەبێت ئەوکاتە داوا بکرێت و ئەو کەســە دەبێت داوای بکات، کە خۆی تاکێکی چالاکی نێو کۆمەڵگا بێت[٣]، چونکە لوکســمبورگ ســەرکەوتنی مافی هەڵبژاردنی ژنان لەگەڵ خەباتی چینایەتیدا وەک خەباتێکی بەیەکەوە گرێدراو دەبینێت. بە هەمــان شـــــێوەش ***کلارا تسەتکین*** وەک سۆسیالیستێک و فێمینیستێک، کە باوەڕی تەواوی بە ڕزگاریی ژنان بە گشــتی هەیە، ئەم بزووتنەوە بۆرژوازییە لە بزووتنەوەیەکی ژنـان بۆ گرووپ و نوخبە و ئیلیتێک دەگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی ژنـانی پرۆلیتـاری ئەنتەرنـاســـــیۆنـال، کە نە ســـــنوور، نە نەتەوە و نە هیچ بەربەســتێکی دیکە بناســێت و خەباتێکی یونیڤێرســال بێت.

---

3.Haug 2010: 143

لوکسمبورگ هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە دۆخی ژنان و ستەمکردن لە ژنان بە شێوەیەکی گشتی دەردەبڕێت:

«شوێنی کارکردن لەسەر داهاتوو پێویستی بە دەستی زۆر و هەناسەی قووڵ هەیە. دنیای پڕ لە گلەیی و گازەندەکانی ژنان چاوەڕێی ڕزگاری دەکات. لێرە ژنە جوتیارێک بە دەست سەختی و قورسایی ژیان دەناڵێنێت و خەریکە گیان لەدەست دەدات. لەوێ لە ئەڵمانیا-ئەفریقا ژنانی هێرێرۆ لە بیابانە پەتییەکاندا ئێسکەکانیان دەسوێتەوە و بە هۆی سەربازە ئەڵمانییەکانەوە مەرگێکی تۆقێنەر بە برسێتی و تینوێتی ئەزموون دەکەن. لە هەر لایەکی ئۆقیانوسەکانەوە لە بەرزارییەکانی پوتومایۆ هاوار و قیژەی ژنانی ئیندیانی لەنێو زەوییە کشتوکاڵییەکانی سەرمایەدارە نێونەتەوەییەکان. ژنانی پرۆلیتاری، هەژارترینی هەژاران، بێمافترینی بێمافەکان، پەلە بکەن بۆ خەباتی ڕزگاریی ڕەگەزی ژن و ڕەگەزی مرۆڤ لە دەستی دەسەڵاتی سەرمایەی زەبەلاح»[4]. لەم نووسینەیدا ڕۆزا لوکسمبورگ ئەوەمان بەڕوونی پیشان دەدات، کە خەباتی

4.Luxemburg 1979: 412

ژنان دەبێت خەباتێک بێت دژی چینایەتی، کۆلۆنیالیزم و سەرمایەداری، ئینجا دەکرێت سەبارەت بە ڕزگارییەکی واقیعی ژنان قسە بکردرێت. ئەم شێوە لە خەباتی ژنانە بە ئاشکرا دەبێت مەترسییەک بۆ سیستەمە چەوسێنرەوەکان (هەم سەرمایەداری و هەم پیاوسالاری) چونکە بە میکانیزمێک کار دەکات کە جیاکاری و نایەکسانییەکان نەک لە سنوورێکی دیاریکراودا، بەڵکوو بە شێوەیەکی فراوان و جیهانی کەم بکاتەوە، بەو واتایەی کاتێک لە دژی چەوساندنەوەی ژنان لە ئەوروپادا دەوەستێتەوە، بە هەمان شێوەش دژی چەوساندنەوەی ژنانی وڵاتانی کۆلۆنیکراویش دەوەستێتەوە. کەواتە بۆ ئەوەی بەر بەو مەترسییە بگرترێت دەبینین دوو قۆناغی جیاواز بۆ هێرشکردنە سەر ژنانی ئازادیخوازی سۆسیالیستی لە مێژوودا بەدی دەکرێت، ئەویش لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوە پرۆلیتارییەکاندا، جووڵانەوەیەک و ئاراستەیەکی دیکەی سیاسی دروست دەبێت، کە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ دژایەتیکردنی داواکارییەکانی ژنانی پرۆلیتار (کە داوای کاری یەکسان و مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی

یەکسانیان دەکرد) و هەوڵ دەدات لەو ڕێگەیەوە وا نیشان بدات کە هەبوونی مافی ژنان لێسەندنەوەی مافەکانی پیاوانە، بەو واتایەی لێسەندنەوەی دەسەڵات لە پیاوانەوە بۆ ژنان. بەم هۆکارەش کۆمەڵێک پارتی سیاسی و جووڵانەوەی کۆنزێرڤاتیڤ دەست دەکەنەوە بە زەقکردنەوەی ڕۆڵی ژنان و ژنانەبوونیان لە کۆمەڵگادا، لە ڕێگەی دروشم و پڕوپاگەندەی سیاسییەوە، بەوەی کە جێگەی ژنان لەماڵەوە و خزمەتکردنە و پیاوان شوێنیان لە سیاسەتدایە. هەر ئەمەش زەمینەسازی زیاتر دەکات بۆ هاتنە دەسەڵاتی فاشیزم و پارتە کۆنەخواز و ڕاسیستەکانی وەک نازیزم لە ئەڵمانیا و فاشیزم لە ئیتاڵیا. دووەمین قۆناغ لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم و کەوتنی فاشیزمەوە دەست پێ دەکات، چونکە لەو کاتەدا یەکێتیی سۆڤیێت وەک بەرەیەکی دژی ناسیۆنال-فاشیزم لە بەرانبەر بەرەی ئیمپریالیستیی ئەمریکادا دەوەستێتەوە. لە ئەنجامی کێشمەکێشمی نێوان ئەمریکا و سۆڤیێتدا و دواتر ڕووخانی بلۆکی سۆڤیێت، سیاسەتی لیبڕاڵەکان لە ئەورووپادا گەشە دەکات، بەمەش لەنێو پرسی ژنانیشدا ئەم سیاسەتە ڕەنگ دەداتەوە، بەوەی کە بەرەیەکی

دژایەتیکردنی ژنانی سـۆسـیالیسـت دروسـت دەبێت، بە ڕابەرایەتیکردنی ***ئالیس شڤارتسە*** (کە لە ئێستادا یەکێکە لە ڕابەرانی ژنـانی فێمینیســـت لەنـاو پـارتە ڕاســـترەو و نیۆنازییەکاندا)، کە دژی هەر پرەنسـیپێک دەوەسـتێتەوە ژنـانی وەک کلارا تســـەتکین، لوویس میشـــێل، ڕۆزا لوکســـمبورگ، ... هتـد خەبـاتییـان بۆ کردووە، بەمەش دووبـارە خەبـاتی ژنـان و فێمینیزم پێنـاســـەیەکی دیکە وەردەگرێتەوە و بەپێی تیۆرییە (نیو)لیبڕاڵییەکان پرســـی ژن دەخوێندرێتەوە. ئەم دوو قۆناغە (کە ئێســـتا خۆمان لەنێو قۆنـاغی دووەمـدا دەبینینەوە) گرنگییەکی زۆریـان هەیە بۆ تێگەیشـتن لە پرســی ژن و ســـەرهەڵدانی بەرە جیاوازەکان لەنێو خودی تیۆرە فێمینیستەکاندا.

## ئاراستە و ڕوانگەکانی فێمینیزم:

فێمینیزم وەک ڕێبازێکی سـیاسـی، خاوەنی چەندین تیۆری و ئاراســـتەی فیکریی جیاوازە، بەڵام من لێرەدا دەمەوێت نـاوی چەنـد ئـاراســـتەیەک بـهێـنم و شـــێوازی

هەڵســەنگاندنەکانیان بۆ دۆخی ژن دیاری بکەم. بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامدا بتوانین پرسـی ژن بە شـێوەیەکی گشـتگیر و چەوسـاندنەوەی ژن لە چەندین لایەنی جیاوازەوە دەرک بکەین. بەپێی نەریتی **فێمینیزمی فێمینۆلۆژیست**، کە لەلایەن سیمۆن دو بۆڤوارەوە دامەزراوە، بوونی ژن پەیوەسـتە بە ژنانەییکردنی ژن لە بەرامبەر پیاودا. پیاو هەموو سیفەتێکی چـالاکبوون و بەهێزبوونی دەخرێتە پـاڵ و ژن لە ڕێگەی باڵادەسـتیی پیاوێتییەوە لە کۆمەڵگادا بە هۆی جەسـتەیەوە دەکرێـت بە ئۆبییێکتێـک (بە بـابەتێـک). لێرەدا کێشـــــە و نایەکسـانییەکان لە پەیوەندیی سـوبییێکت و ئۆبییێکتدا (بکەر و بابەت) دەخوێندرێتەوە، کە پیاو وەک ســـوبییێکتێک لە کۆمەڵگادا ئاماژەی پێ دەکرێت و ژنان وەک ئۆبییێکتێک و وەک ئەوی دیکە. ئەمەش بەرەو دەرئەنجامی باڵادەســـتی، ژێــردەســــــتەیــی و چەوســــــانــدنەوە لەنــێــوان ڕەگەزەکـان(جێنـدەرەکـان)دا دەڕوات. بۆڤوار لە کتێبی «ڕەگەزی دووەم»دا بە چڕی باس لەو ڕۆڵە جێندەرییانە دەکـات کە چۆن جەســـتەی ژن لە ڕێگەی چـاودێریی کۆمەڵایەتییەوە ئســـتیغلال دەکرێـت. بوڤوار لە ڕوانگەی ئەزموونەکانی خۆی وەک ژنێک کە دەیەوێت لەو دۆخی بە

ئۆبجێکتبوونە بڕواتە دەرەوە، شـــەرحی دۆخی ژن و ســـتەمکردن لە ژن لەڕووی ســـوبجێکـت و ئۆبجێکتەوە دەخوێنێتەوە. بەپێی بۆڤوار ئەم بە ئۆبجێکتبوونەش بووەتە ئامرازێک بۆ زەوتکردنی ئازادیی ژن و نەبوونی بڕیاردانی ژن. لەگەڵ ئەوەشدا بۆڤوار پێی وایە کە ژنان تا ئەندازەیەک ڕۆڵیـان لەم بە ئۆبجێکتبوونەدا هەیە، کە ببنە ئەوی دیکە، بەوەی هەوڵ نـادەن دژی ئەو بوونە بووەســـتنەوە کە خراوەتە پاڵیان، لە هەمان کاتیشدا ژنان ناچار دەکرێن ئەو دۆخی ئەوی دیکەبوونە قبوڵ بکەن، هەر ئەمەش دەبێتە هۆکـاری دووبـارە بەرهەمهێنـانەوەی پەیوەنـدییەکـانی دەســەڵات و ســتەمکردن و چەوســانەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا دۆخی ژن لەنێو ئەم ئۆبجێکتبوونەدا بەپێی شـــیکـارییە نوێیەکانی تیۆرییەکانی ئیمپـاوەرمێنـت (بەهێزبوون) دوو شـــێوە بوون بە خۆیەوە دەبینێت، یەکەمیان ژنان هەوڵ دەدەن لەو دۆخی بە ئۆبجێکتبوونە بچنە دەرەوە و ببنە سـوبجێکتی سـەربەخۆ، دووەمیشـییان زۆرتر بەرگریکارانی فێمینیســـتی لیبڕال جەخت دەکەنە ســـەر قبوڵکردنی ئەو ئۆبجێکتبوونە و لە خوددا هەڵگرتنی ئەو ئۆبجێکتبوونە وەک

ئامرازێک بۆ بەگژداچوونەوەی نایەکسانییە جێندەرییەکان لە کۆمەڵگا پیاوسالارییەکان، کە تێیدا پیاو هەموو شتێکە و ژن تەنیا ئەوی دیکەیە. بۆیە زۆر کات لە هەندێک لە مشتومڕە فێمینیستییەکاندا ئاماژە بەوە دەکرێت، کە ژنان بەوەی کە گرنگی بە جەستە، لەش و لار و جوانیی خۆیان دەدەن، ئەکتێکی فێمینیستییە و بەوە ژن هێز و توانای تایبەتی خۆی لە بەرانبەر پیاواندا نیشان دەدات و ئەمەش دەکرێت ڕێگەیەکی ڕزگاریی ژن بێت. بەپێچەوانەوە نەریتی **فێمینیزمی لیبراڵ** هێز وەک سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئەرێنی دەبینێت، کە لە واقیعییەتدا بە یەکسانی دابەش نەکراوە، کە ژنانیش بە هەمان شێوەی پیاوان هێز و دەسەڵات بەدەست بهێنن. بەو واتایەی ئەگەر ژنانیش بتوانن پلە و پێگەیەکیان بۆ چەساندنەوەی ئەوی دیکە پێ بدرێت، ئەوا یەکسانیی جێندەری بەدی دێت.

لە لایەکی دیکەشەوە بەپێی **فێمینیزمی ڕادیکاڵ** جیاوازییە جێندەرییەکان بەرهەمی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانن، کە هێز و دەسەڵاتێکی دوالیزمی لەسەر بنەمای «باڵادەستی و ژێردەستەیی» (Dominanz und Subordination)

بونیـاد دەنێـت، بوونی ئەم دوالیزمە وای کردووە پیـاوان ڕۆڵی باڵادەست و ژنانیش ژێردەست بگێڕن. ئەم فێمینیزمە زیاتر پشـــت دەبەســـتێت بە دیالێکتیکی ئاغا و کۆیلە، کە ***شـــولامیت فایەرســـتۆن*** بەرگریکاری ســـەرســـەختی ئەم چەشـــنە فێمینیزمە بووە لە ســـاڵانی حەفتا و هەشـــتاکانی سـەدەی ڕابردوودا. فایەرستۆن پەیوەندییە جێندەرییەکان وەک پەیوەندییەکی دیالێکتیکی دەبینێت. لەمەشـەوە ئاشـنا دەبین بە شـێوازێکی دیکە بۆ بەرەنگاربوونەوە بەرانبەر بە چەوسـاندنەوە و باڵادەسـتیی پیاو بەسـەر ژندا. هۆکاری ســـەرەکیی ئەم باڵادەســـتییەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەمایەکی ئابووری، بە هۆی خاوەندارێتیی تایبەت و ســـــەرمایەوە پەیوەندی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ئەم دیالێکتیکە بەدی دێت، کە تیۆرییە مارکسیستییەکان بەڕوونی ئەم پرۆسەیە شـــیکار دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرێک پێیـان وایە شـــیکاریی ســـەرمایەداریی مارکســـیســـتی زیاتر دەچێتە میانەی دژیەکییەکانی کار و ســـەرمایەوە، کار لەســـەر ئەو کاتێگۆرییانە دەکات کە بە زەقی وەک کاتێگۆری جێندەری نەناســـێنراون، بۆیە **فێمینیســـتی مارکســـیســـتی یاخود**

**سۆسیالیستی** هەوڵ دەدات زیاتر ئەو کاتیگۆرییانە لە ڕوانگەیەکی جێندەرییەوە لە پەیوەندیدا بە مەسەلەکانی چینایەتییەوە بخوێنێتەوە.

بێجگە لەمەش فێمینیستانێکی دیکە زەرووریەتی ئاراستەیەکی دیکەی فێمینیستی بەدەردەخەن، بۆ ناساندنی فۆرمەکانی دیکەی ستەم و چەساندنەوە، بە دیاریکراویش ئەو چەوساندنەوانەی کە ژنانی سپیپێست ئەزموونی ناکەن و لە تێڕوانینەکانیان بۆ فێمینیزم ڕەنگ ناداتەوە، ئەم فێمینیستەش **فێمینیستی ئینتەرسێکشنالیتیی و فێمینیستی ڕەشپێستە.** ئامانجی ئەم فێمینیزمە زۆرتر دۆزینەوەی هێڵە بەیەکداچووەکانی نێوان نایەکسانیی جێندەری، نایەکسانیی ئابووری (چینایەتی) و نایەکسانیی ئێتنیکی. بۆیە ئەم فێمینیزمە چەوساندنەوەی ژنان و گروپە پەراوێزخراوەکان تەنیا لە چەوساندنەوەی جیاوازیی جێندەریی نێوان ژن و پیاودا نابینێتەوە، بەڵکوو بەشداریی لایەنەکانی دیکەش لەو چەوساندنەوەیەدا دەدۆزێتەوە و بۆیە فێمینیزمی ئینتەرسێکشنالیتی چوارچێوەیەکی فراوانترە بۆ شیکاریی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەنێوان سێکسیزم و ڕاسیزم و

چینایەتییدا. ئەم فێمینیزمەش لەلایەن ژنانی ڕەشـپێسـتەوە بەرگری لێ دەکرێت و هۆکاری سـەرهەڵدانی ئەم ڕوانگە فێمینیسـتییەش دەگەڕێتەوە بۆ نـاکـامڵی فێمینیسـتی سـپیپێسـت بە دیاریکراوی فێمینیسـتی ئەورووپی، کە نایەکسـانیی سـتەمەکان لە تەنیا لە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاودا بەرتەسک دەکەنەوە و ئاماژە بە کێشە بونیادییەکان ناکەن، کێشـەکان بەپێی ئیمتیازەکانی خۆیان دەخوێننەوە. بۆیە فێمینیست و چالاکوانانی ڕەشپێستی وەک کیمبەرلی کرێنشـاو (کە دامەزرێنەری چەمکی ئینتەرسـێکشـنالیتییە)، بێـڵ هوکس، ئەنجێلا دەیڤس،...هتـد فێمینیسـتی ڕەشـپێسـتییان وەک تیۆرییەکی جیاواز لە فێمینیسـتی خۆرئاوایی دامەزراند. بە هەمان شـێوەش فێمینیسـتی ئینتەرسـێکشـنالیتی هەوڵ دەدات پەیوەنـدی و لایەنە لێکـدابڕێنراوەکـانی نێوان چین، ڕەگەز(جێنـدەر) و ڕەگەز (ئێتنیـک) بڕوانێـت و خـاڵە هـاوبەش و جیـاوازەکـان بدۆزێتەوە.

# ڕەخنەی فێمینیستی بۆ سەرمایەداری و پیاوسالاری:

لێرەدا دەمەوێت بە پشتبەستن بەم دوو فێمینیزمە (فێمینیزمی ئینتەرسێکشنالیتی و سۆسیالیستی) ڕەخنەی فێمینیستی بۆ سیستەمی سەرمایەداری باس بکەم. لە تیۆرییە مارکسییەکاندا ژنان تەنیا ناچنە ناو چوارچێوەی ڕەگەزەوە، بەڵکوو لەگەڵ کاتێگۆرییەکانی دیکەدا بەشێکن لە «سوپای زەخیرەکراوی کاری پیشەسازیی» (industriellenReservearmee)[5] و بۆ ئەو سیستەمە تەنیا «ئامرازێکی بەرهەمهێنانن»[6]. ئەم تیۆرییە فێمینیستییانە دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنن پەیوەندییە جێندەرییەکان و پەیوەندییەکانی چەوساندنەوە لە چەندین لایەن و هۆکاری جیاوازەوە ببینین و هەروەها سیستەمی سەرمایەدارییش لە کۆنتێکستی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتییدا بخەینە بەر باس. بێل هوکس لە ڕەخنەی بەرانبەر فێمینیستی سپیپێستدا دەڵێت: زۆرێک لە

5.Marx 2004: 555

6.Marx & Engels 2009: 43

فێمینیســـــتەکانی ئەمڕۆ تەنیا جیاوازییە جێندەرییەکان بە هۆکاری سەرەکی قەیرانەکان دەبینن[7]، لەبەر ئەوە پێویستە دووبارە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە نایەکسانییەکان تەنیا لە چوارچێوەیەکی نایەکســـــانیی نێوان ژن و پیاودا بەرتەسک ناکرێنەوە چونکە مرۆڤ تەنیا ڕەگەزەکەی نییە، بەڵکوو ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیی-ئـابوورییە و ئێتنیکییەی تێی کەوتووە، کـاریگەری لەســـەر نـایەکســـــانی و جیـاکـارییەکـان دادەنێـت و قووڵتریـان دەکـاتەوە. لەگەڵ ئەوەشـــدا کێشـــە ســـەرەکییەکەش پیاوان نین، دەتوانن ســــتەمکار بن، بەڵکوو وەک چۆن بەشـــێک لە تیۆرییە فێمینیستییە لیبڕاڵەکان بانگەواز بۆ ئەوە دەکەن کە ژنانیش دەتوانن کرێکاران بچەوســێننەوە، ژنانیش دەتوانن ببن بە هەموو شـــتێک، بەو واتایەی هەرکە ژنانیش گەیشـــتن بە پێگەی سەروەری، دەتوانن هەرکەسێک کە بیانەوێت بکەن بە ژێردەستە، بەڵام ئامانجی سەرەکی لێرەدا تێکشکاندن و لەناوبردنی پەیوەندییەکانی دەســـەڵات و ســـەروەربوون

7.Hooks 1994: 323

بەسەر ئەوی دیکەدایە، نەک شوێنگۆڕکێی جێندەری یاخود ئیتنیکی. لەمەشـــەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تێزەکەی فایەرستۆن، کە لایەنی بایۆلۆژیی ڕیشەی ئەم دوالیزمەیە[8]، ئەوا دەبینین کە چۆن لایەنەکانی دیکە فەرامۆش دەکرێن، کە لە ڕاستیدا کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە بەرهەمهێنانەوەی نایەکســانییەکان بە دیاریکراوی نایەکســانییەکان لەســەر بـنـەمـای جـێـنـدەری بەجـێ دەهـێـڵـن. ئەمەش بەو دەرئەنجامەمان دەگەیەنێت، کۆتاییهێنان بە دەســـەڵاتی پیاوانە بە واتـای بە کۆتـاگەیـانـدنی فۆڕمەکـانی دیکەی چەوســـاندنەوە نییە[9]. چین، جێندەر و ئێتنیک بە یەکەوە پێکهاتەیەکی پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهێنن، ئیتر لە هەر شـــوێنێک دەربکەون. لەبەر ئەم هۆیە باوەڕم بە ســـێکوچکە و خـاڵی یەکتربڕینی نێوان چین، جێنـدەر و ئێتنیک هەیە.

بۆ ئەوەی باشـتر لەم پڕۆسـە یەکتربڕە تێبگەین، پێویسـتە

---

8.Firestone 1975:14

9.Hooks 1994: 323

سەرمایەداری لە کۆنتێکستە مێژووییەکەیدا بخوێنینەوە و هەروەها ئەو میکانیزمانەی چەوساندنەوە و ستەمکردن لە ژنان کارا دەکەن. بەم شێوەیە دەکرێت کێشەی ژن و جیاکاری و نایەکسانییەکان سەرەتا بناسرێتەوە و دواتر دەرفەت بۆ کەمکردنەوە و کۆتاییهێنان بەو نایەکسانییانە بدۆزرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش چەمکی «کەڵەکەکردنی یەکەم»(ursprüngliche Akkumulation)[10]ی سەرمایە لای مارکس یارمەتیمان دەدات. کەڵەکەکردنی یەکەمی سەرمایە دەکرێت لە گۆڕانی پارەوە بۆ سەرمایە و لە سەرمایەوە بۆ زێدەبەها و لە زێدەبەهاوە دووبارە بۆ سەرمایە لێک بدرێتەوە. تیۆریزەکەری مارکسیستی، **سیلڤیا فەدیریچی** هەمان چەمکی لە پەیوەندیدا بە سووتاندنی ژنە جادووگەرەکانەوە لە سەدەی ناوەڕاستدا خستووەتە بەرباس. لێرەدا چەمکی کەڵەکەکردن گرنگی خۆی دەبینێت، چونکە ئەم چەمکە پەیوەندی و کاریگەرییەکانی فیودالیزم بۆ سەرهەڵدانی سەرمایەداری دەردەخات و

10.Marx 2004: 635

هەلومەرجە مێژوویی و لۆژیکییەکەی ئەم سەرهەڵدانە دیاری دەکات، کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی ئاماژەیەک و هەلڕەخساندن بوون بۆ دروستبوونی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان[11]. لە کاتێکدا ئابووریی فیودالی بۆ چەندین سەدە لە قەیرانی کەڵەکەبووندا بوو، کۆمەڵێک پرۆسەی شۆڕشی هەبوون دژ بەو سیستەمە ئابوورییە، کە زۆرینەیان لەلایەن ژنان و بزووتنەوە کۆلێکتیڤییەکانەوە بەڕێوە دەبرا. لە سەردەمی ڕاوکردنی ژنەجادووگەراندا دەوڵەت و کڵێساکان ئەو ژنانانەیان وەک جادووگەر لە قەڵەم دا ، کە بە تەنیا دەژیانیان و سەربەخۆ بوون یان هەژار بوون، یان ئەوەی کە زانینێکی تایبەتییان هەبوو، وەک مامانی یان چارەسەرکەر بوون لە ڕێگەی دەرمان و ڕووەکی سرووشتییەوە. بۆ ئەمەش پێویست بوو دۆخێکی بێمتمانەیی بەرامبەر بەو ژنانانە بخوڵقێنن. لەپشت ئەمانەشەوە باکگراوندێکی حەزی ئابووری هەیە. لەو سەردەمەدا سەرەتای سەرهەڵدانی سەرمایەداری بوو، کەم کەم دەستکراوە بە بەتایبەتییکردنی زەوی و زارەکان

11.Fedirici 2012a: 77

و تێپەڕانــدنی ســـــەردەمی دەرەبەگــایەتی (فیودالی) بۆ ســەرمایەداری. لە ســەرووی ئەمانەشــەوە ئەو ژنانەی کە لەو شـوێنانەدا ژیاون لە ڕێی کشـتوکاڵ و زەوییەکانیانەوە پێداویســتییە ســـەرەتاییەکانی خۆیانیان پڕ کردووەتەوە و تەرخــان کردووە. هەر ئەمەش ئەکتێکی بەرەنگــاریی و نەهاتنە ژێرڕکێفی ســـــەرمایەداری بووە، ئەم ژنانە دژی بەتایبەتیکردن وەســـــتابوونەوە، بۆیە پێویســـــت بووە ئەم بەرەنگــارییە لەنــاو ببردرێــت. بۆ ئەوەی ئەو پرۆســـــە شـۆڕشـگێڕییە بە خاک بسـپێرن، هەوڵ دراوە کاری ژنان، زانین و توانای ژنان، ســێکســوالیتەی ژنان بێبەها بکرێت، بەوەی بەر لە گەشـەسـەندنی سەرمایەداری  دەست کراوە بە فراوانکردنی ڕاوکردن و ســـووتاندنی ژنە جادووگەران و باڵکشـانی کۆلۆنیالیزم بۆ تەواوی جیهان. بۆ ئەمجامدانی ئەم پرۆســەیەش پێویسـت بووە کە جەسـتە بگۆڕدرێت بۆ مەکینەی کار و شـــوێن پێدانی ژنان بەپێی داواکارییەکانی بەرهەمهێنانی هێزی کار. لە ســـــەرووی ئەمانەشـــــەوە پێویســـــت بووە لە هێز و توانای ژنان بدرێت. بۆ ئەمەش هەم لە ئەورووپا و هەم لە ئەمریکا لە ڕێگەی لەناوبردن و

سووتاندنی «جادووگەران» (کە لە ڕاستیدا مەبەست لە ژنان بووە) هەوڵ دراوە بەو ئامانجە بگەن[١٢]. بەپێی فەدریچی کەڵەکەکردن تەنیا تەرکیزی نەخستووەتە سەر سەرمایە، بە شێوەیەک تەنیا سەرمایە یەک لەدوای یەک کەڵەکە بکرێت، بەڵکوو زیاتریش لەوە کەڵەکەبوون تەرکیز دەخاتەسەر جیاوازی و لێکجیاکردنەوە لەنێو چینی کرێکاراندا، بە شێوەیەک قوچەکێتیی نەک تەنیا لەڕووی جێندەرەکانەوە بەڵکوو ئێتنیک و تەمەنیشەوە بووەتە بەشێکی ڕیشەیی چینایەتیی و لە دەرئەنجامی ئەوەشەوە دروستبوونی پرۆلیتاریای مۆدێرن[١٣]. هەر لەبەر ئەمەش جیاکاریی و قوچەکێتی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە جێگیرکردنێکی ئایدۆلۆژیا و سیاسی بۆ پێکهاتەکانی سەرمایەداری.

لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداریدا فۆڕمی ژیان و کارکردن دەگۆڕدرێت بۆ سیستەمی کاری کرێ، کە

---

12.Fedirici 2012a: 78

13.Fedirici 2012a: 78

ژنانیش وەک هێزی کار لەو پرۆسەیەدا بەشدار دەبن. زۆرێک لایان وایە سەرمایەداریی دەرفەتی یەکسان بۆ ژن و پیاو بۆ کارکردن ڕەخساندووە و چیتر ژنان ناچار نین لە ماڵەوە کار بکەن، بەڵکوو ئەوانیش وەک پیاوان بەشدارن لەنێو سیستەمی کاری کرێدا. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەنێو کاری کرێدا جیاکاریی جێندەری و دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای جێندەری لایەنێکی سەرەکیی ئەم سیستەمەیە[١٤]. بۆیە دەکرێت ئەوە بگوترێت کە سەرهەڵدانی سەرمایەداری هیچ پەیوەندییەکی بە ڕزگاریی ژنانەوە نییە و تەنیا سیستەمەکە پێویستی بە هەبوونی دەستی کاری کەم بەها و بێکرێیە، لە ڕێگەی ئەو جیاکارییە جێندەری و دابەشکردنی کارەوە توانیویەتی کاری ژنان وەک ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە و ڕاگرتنی کۆمەڵگا، لە هەمان کاتیشدا بە کەمترین تێچوو ڕێک بخات. سەرەڕای ئەمانەش نیگای فێمینیستی کاری چاودێری و ئاگالێبوون وەک گرنگترین و سەرەکیترین لایەنی کۆمەڵگا

14.Barrett 1990: 137

و هەتا سیستەمیش دەبینێت، کە سیستەمەکە خۆی بە هۆی میکانیزمەکانی بۆ هەڵکشانی ئابووری و زێدەبەهاوە ئەم لایەنە گرنگە لەبەرچاو ناگرێت. ئەم فەرامۆشکردن و نادیدەگرتنەی ئەو کارانەی کە زۆرینەی کات ژنانەیی دەکرێن لە ڕاستیدا وێرانکردنی کۆڵەکە بنچینەییەکانی ئەو سیستەمەیە. بۆیە هەروەک مارکس دەڵێت: سەرمایەداری بەرەو خاڵی بەرەو پێشچوونی خۆی ناڕوات، بەڵکوو خاڵی چوونەدەرەوە و کۆتایی ئەو سیستەمە[١٥]، چونکە ئابووریی سەرمایەداری سەرچاوە بنچینەییەکانی خۆی وەک سەرچاوەکانی سروشت و هێزی مرۆڤ وێران دەکات، بە هۆی چەوساندنەوەی بەردەوام، کە لە ڕاستیدا ئەم سەرچاوانە زەرووریەتیان هەیە بۆ مانەوەو بەرهەمهێنانەوەی پرۆسەکانی ئەو سیستەمە[١٦].

هەر قەیرانێک گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەپێی ئەزموونە مێژووییەکانەوە دەکرێت ئەو

15.Marx 2004: 635

16.Wichterich 2020: 143

ڕاســـتییە بســـەلمێنرێت. قەیرانی ئابووریی فیودالیزم ئەو هەلەی بۆ گۆڕانکاریی خوڵقاند، کە کۆمەڵگاکانی ســـەرتاپا ســـەرەوژێر کرد و ســیســـتەمێکی دیکەی بونیادنا، ئەویش سەرمایەداریی و کاری کرێ بوو. قەیرانی دارایی ٢٠٠٨ تا ٢٠٠٩ بۆ تەواوی ســـیســـتەمە ئابووریی و بانکییەکان زەرەرێکی بێشـــومـاری خەملاند، ئەمەش وای کرد کە سیاسەتی نیولیبڕالیزمی جیهانی زیاتر تەرکیز بخاتە سەر لایەنە ئابوورییەکان. ئەو شــتانەی کە دەبوو ڕزگار بکرێن لەو قەیرانەدا بانکەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان بوون. لە دوای ئەم قۆناغەوە سیاسەتی نیولیبڕاڵی جیهانی کۆمەڵێک هەلی کاری دیکەی ڕەخساند، بۆ ئەوەی پێش بە دەرکەوتە و پێشــهاتەکانی قەیرانێکی دیکەی لە چەشــنی ئەو قەیرانە داراییە بگرێت. بەرزبوونەوەی ڕێژەی شوێنی کار دەرفەتی ئەوەی ڕەخســـانـد کە دەروویەکی دیکە بۆ پەروەردە، ســـیاســـەت، میدیاکان، بازاڕەکان...هتد. بە ڕووی ژنانیش بکرێتەوە[١٧]. ئەمەش دەمــانخــاتە بەردەم پرســـیــارێکی

17.Wichterich 2010: 165

ســـتراتیژی، ئایا دەکرێت هیوامان بە قەیرانەکان هەبێت بۆ دووبارە ڕێکخســـتنەوە و ســـەرلەنوێ فۆرمپێدانەوەی کۆمەڵگـاکـان، کە لەوەوە بکرێـت گۆڕانکـاری بەســـەر نایەکســـانی و جیاکارییەکاندا بهێنرێت؟ یان ئەوەی ئەو هەلومەرجانە بخەینە ژێر پرســـیارەوە کە تێیاندا قەیران دروست دەبێت؟

وەک ڕوانگەیەکی جێندەری کە یەکسانییەکان لە ڕوویەکی چەندێتییەوە ببینێت، دەکرێت ئەم قۆناغە وەک قۆناغی «وەرچەرخـانی مەزن» ببینرێت، بەو واتـایەی کە تێکەڵاوبوونێکی کۆمەڵایەتی و ئـابووری ڕووی داوە کە بەرەو فۆرمگۆڕینێکی جیهـانی چووە[١٨]. بەڵام ئەگەر ئەم گۆڕانکـاری و پرۆســـەیە لە ڕوانگەیەکەی چۆنیەتی و ئینتەرسێکشنالیتییەوە سەیر بکرێت، چەند وێنایەکی سەیر لە نۆرمە جێندەرییەکان و ســتێریۆتایپەکان هەم لە گوتار و پراکســـیســـی گشـــتی و تایبەتیدا ســـەبارەت بە "ژنانەییبوون" و «پیاوانەییبوون» بەدی دەکرێت. لەگەڵ

18.Wichterich 2010: 165

ئەمانەشـــدا دیاردەیەکی دیکەی جیهانی لە هەڵکشـــاندایە، ئەویش بەرپرســـیاریتی و خەمی خود، کە هەموو ئەرکە بەرهەمێنەرە کۆمەڵایەتییەکان دەخرێتە ئەستۆی تاک. ئەو دروشـــمانەی دەیانگوت: «جەســـتەم هی خۆمە» و ئەو داواکارییانەی دەیانگوت جەستە وەک ڕەهەندێکی تایبەتیی و خودی کە هیچ پەیوەندیی بە کۆمەڵگاوە نییە، مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ڕێخۆشـــکەرییەک بوون بۆ ســـیاســـەتی نیولیبڕالیزم، کە بتوانێت ئەم دروشـــم و داواکارییانە بۆ مەبەســـتی خۆی، کە کەمی تێچوو و پێنەدانی کرێ بە کارەکانی چاودێریی و ئاگالێبوونە، ســـوودی لێ ببینێت. لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە کارەکانی چاودێریی و ئاگالێبوون خۆیان لە خۆیاندا ســـتەمگەری نیین، بەڵکوو چەوســـێنەرییەکەیان پەیوەندیی بە قوچەکێتی (هیرارکی) و پلەبەنـدیی ئەو کـارانەوە هەیە لەژێر ئەو کـارانەی دیکەوە کە قـازانجی زیـاتر دەهـێنـێـت بۆ سەرمایەداری.

کێشە سەرەکییەکە لەوەدایە کە کارەکانی بەرهەمهێنانەوەی

کۆمەڵایەتی و خێزانی لە کۆمەڵگا بۆرژوازییەکاندا وەک کارێکی سۆزداری، کە بەشێکە لە پیشە و سروشتی ژن مۆرکی لێ دەدرێت[19]، هەر بۆیەش کاری بەرهەمهێنانەوە بە واتای کاری ژنان دێت. کاری بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی، کاری ناوماڵ و «کاری ژنان» دالا کۆستا[20] ماڵ وەک گێتۆیەک ناوزەند دەکات، بەوەی کە ڕۆڵی ژنانەیی و ژنی ماڵەوەبوون زیندانێکە بۆ شوناسێکی ژنانەیی. زیندانێک کە تێیدا هەم پیاوان و هەم ژنان لە بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتە سەرمایەدارییەکان بەشدارن و دووبارە سوبیێکتێکی پڕ جیاوازیی ڕەگەزی بەرهەم دەهێننەوە، بەوەش ڕەوایەتی زیاتر بە کاری بێکرێ (کاری ژنان) دەدرێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ژنان لە بازاڕی سەرمایەداریدا هێشتا بە واتای گۆڕانکاری بەرەو یەکسانی نایەت. ئەگەر لە دۆخی قەیراناویی پەتای کۆڕۆنا بڕوانین، دەبینین لە زۆرینەی وڵاتاندا، ئەوە ژنان بوون کە کۆمەڵگایان لەسەر پێ

19.Federici 2012b: 15

20.Dalla Costa 1976: 279

ڕاگرتبوو و ڕاگرتووە، چونکە لە سەرەتای قەیرانەکەدا هەموو سێکتەرەکان وەستێنران، بێجگە لە سێکتەری تەندروستی و پەروەردە. لەم دوو سێکتەرەشدا ڕێژەی ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو دیارە و هەتا دەکرێت بڵێین ژنانن کە بە شێوەیەکی چالاکانە لەم بەشانەدا کار دەکەن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی کارەکانی چاودێریی و ئاگالێبوون، کە هەتا بۆ سیستەمی سەرمایەداریش ڕۆڵێکی گرنگ لە مانەوە و نەکەوتنی دەبینن. لە کاتێکدا ئاراستەیەک زاڵە لەنێو بازاڕی سەرمایەداریدا، کە جیاوازییە ژنانەیی و پیاوانەییەکان زەقتر دەکاتەوە لە ژیانی تایبەتی و کار و سیاسەتدا، ئاراستەیەکی دیکەش هەیە کە هەندێک لە بوارەکانی کار بەژنانەیی دەکرێن، وەک کاری پەرستاری، چاودێریی تەندروستی، پەروەردەی منداڵان لەماڵەوە و دایەنگاکان و هتد، لە هەمان کاتیشدا نادیدەگرتن و بێبایەخکردنی ئەو کارانە. چونکە هەرچی زیاتر کارێکی ژنانەیی بێت، بەهایەکی کەمتری پێ دەدرێت لە بازاڕی

سەرمایداریدا[21]. جیاکاریی جێندەری بووەتە بەشێکی بنچینەیی سیستەمی کاری کرێ و کاری ماڵ، بۆیە لە دوایین دێڕدا ئەوە دووپات دەکەمەوە هەتا ئەو کاتەی دووبارە دابەشکردنەوەی کار و بەرپرسیارێتییەکان بۆ هەموو بوار و لایەنەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی، ئیکۆلۆژی و ئابووری ڕوو نەدات و کاری جددی بۆ نەکرێت، کارێکی ئاسان نییە قەیران و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان تێبپەڕێنرێن.

وەک چۆن لیبڕاڵەکان باسی پێکەوەژیانی هەمەجۆر دەکەن و کۆمەڵگا مۆدێرنەکان وەک کۆمەڵگایەکی پلوڕالیستی دەچوێنن، کە دەرفەت و هەل بۆ هەمووان دەڕەخسێت کە بەشدار بن لە پڕۆسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، هەر ئەم ئایدیای پلوڕالیزمە لە چوارچێوەی بانگەشەکردنەکان بۆ لیبڕالیزمدا هاتۆتە نێو کوردستانەوە، کە ئەمەش دەرفەتی بۆ ئەوە ڕەخساندووە هەمەجۆرییەکانی فێمینیزمیش لە کوردستان گەشە بکات. ئەم هەمە

21.Wichterich 2009: 3

جۆرییەش دەکرێـت لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. بەڵام پرسـیارەکە لێرەدا ئەوەیە بانگەشـە لیبڕالییەکـان دۆزی ژن و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان بە واقیعی بەرەو ڕزگاریی ژن دەبەن، یاخود دەرفەت بۆ ئەوە دەڕەخسـێت کە ژن بە وەهمی ئـازادی و بـانگەشـە لیبڕاڵییەکان بەرەو ئاراسـتەیەکی وا بەرن، کە ژنان خۆیان لەگەڵ پڕەنسـیپەکانی سـەرمایەداریی و پیاوسـالاریی بـگـونـجـێـنـن و خـۆیـان بەکـاڵابـوون و سـێکسـوالیزەکردنی جەسـتەیان هەڵبژێرن؟ بە دەربڕینێکی دیکە، ئایا لەگەڵ کرانەوەی هەرێمی کوردسـتان بە ڕووی سـیاسـەتی ئابووریی نیولیبڕاڵیزمی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سـەدام حوسـێن، کام تێگەیشـتن لەگەڵ پێوەرەکانی بازاڕی ئازاد و سـیاسـەتی نیولیبڕالیزمدا هاتووەتە نێو کۆمەڵگـای کوردی. هەروەهـا بۆچی ئـاراسـتەیەکی دیاریکراوی فێمینیزم لە کوردسـتاندا گەشـە دەکات و پشتیوانی دەکرێت لەلایەنی سیاسەتی لیبڕالیستییەوە؟

# ترس لە فێمینیزم:

ناوهێنانی ئەکتێک بە ئەکتێکی فێمینیستی هێشتا ناکرێت بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە فێمینیستییە یاخود نا، بەڵکوو پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە چ ئامانجێک لە خۆیدا هەڵدەگرێت و چ شتێک وەک کێشەی سەرەکی دەبینێت، کە هەوڵ دەدات کاری بۆ بکات و بەرەو باشتربوونی بەرێت. ئەرکی ڕێکخراوە مەدەنییەکان (NGO) بەگشتی ئەنجامدان و بەشدارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەدەرەوەی هەر دەستتێوەردانێکی حکوومەتی، ئەمەش بۆ توانای پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی و پرەنسیپەکانی ئەو ڕێکخراوە، کە لەسەری ڕێککەوتوون. بە هەمان شێوە ئەمە بۆ ڕێکخراوەکانی ژنانیش ڕاستە، چونکە زەروورییەتی بەرگریکردن لە ژنان بەرامبەر بەرکەوتنی ژنان بە توندوتیژی و جیاکاری و نایەکسانی سەری هەڵداوە. کەواتە ئەم هۆشیارییە دەبێت لە شوێنێکەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە توانیبێتی هەست بەو جیاوازی و چەوساندنەوانە بکات و هەڵیبسەنگێنێت، لەمەشەوە بیرۆکەی بەرگریکردن لە ژنان و مافەکانیان بۆ هاتبێت.

ئەم هۆشــیارییە دەکرێت وەک هۆشــیارییەکی فێمینیســتی دەرک بکرێت، هەتا ئەگەر بە ڕاســـتەوخۆیی خۆیان وەک فێمینیست پێناسـە نەکەن. سـەبارەت بەو ڕێکخراوانەش کە لە هەرێمی کوردسـتاندا چالاکانە کار دەکەن، تاکوو ئێسـتا هەڵوێسـتێکی لەو شـێوەیەم بەرچاو نەکەوتووە کە بتوانن بەبێ سـڵەمینەوە خۆیان وەک فێمینیســـت پێناســـە بکەن، بەڵام لە زۆرێک لەو کارانەی کە هەوڵیان بۆ داوە دەکرێت بخرێنە نێو کـاتێگۆریی فێمینیزمەوە. لێرەدا ئەوەی جێی ســـەرنجە ترســـە لە گوتنی فێمینیزم، ئەویش بە هۆی ئەو پێشـــبڕیار و ئەفســـانانەی ســـەبارەت فێمینیســـتبوون لە کۆمەڵگا دژەژنەکان(میزۆگێن)دا برەوی پێ دەدرێت. ئەم دیاردەیەی دژەژنی و دژەفێمینیستییە لە چەندین سووچی کۆمەڵگـادا خۆی مڵاس داوە و بە بەرگی جیـاواز خۆی نمـایش دەکـات. ئەمەش دەکرێـت گرنگترین هۆکـاری ســەرەکی بێت، کە ئەو ژنانەی ویســتیان بۆ بەشــداری لە گـۆڕینـی کـۆمەڵـگـادا هەیە، بەڵام هـۆشـــــیـاریـیەکـی گەشــەکردوویان ســەبارەت بە پرســی ژن نییە، بکەونەوە نێو هەمان ئەو نەریتە باوانەی کۆمەڵگا، بەمەش نەتوانن لە

دەرەوەی ئەو نەریتانە بیر بکەنەوە. باشترین نموونە دەتوانێت ئەم ترسە بەباشی ڕوون بکاتەوە دروشمەکانی ڕێکخراوەکانی ژنانە لە ڕۆژی هەشتی مارسی ٢٠٢١، کە بۆ من بووە جێگەی سەرنج و هەڵوێستە لەسەر کردن. بەکارهێنانی هەندێک چەمک و هەندێک دەربڕین ئەو باکگراوندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی هەڵگرانی ئەو دروشمانە دەردەخات، بۆ گەیاندنی ئەو شتەی باوەڕیان پێی هەیە دەیانەوێت چ شتێک بگەیەنن. بۆ کاتی یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی ژنان لە هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری ژنان و ژنانی نێو ڕێکخراوەکانی ژنان سەرەتا بە جلوبەرگی کوردییەوە و دواتر بە گۆڕینی وشەی ژن بۆ خانم ئەم ڕۆژەیان یاد کردەوە لەگەڵیشیدا بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکەن، کە ئایا هیچ داواکارییەک و خواستێکیان هەبێت بۆ یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە. ئەم ئەکتە دەرخەری ئەو کەمی هۆشیارییەیە لەنێو چالاکوانان و بەشدارانی بەشێک لەو ڕێکخراوانە، کە بە هۆی نەبوونی هۆشیارییان لەسەر پرسەکانی ژن ئاراستەی خەباتی ژنان بەرەو ئاراستەی پێچەوانەی ئەو ئامانجە دەبەنەوە کە ژنانی ڕزگاریخواز خەباتیان بۆ کردووە. لە لایەکی

دیکەشەوە زاڵبوونی ئاراستەیەکی فیکری دیکە ژنان بەرەو خانمبوون ناچار دەکاتەوە و خەسڵەتەکانی ژن وەک چارەنووسی ئەبەدی و سروشتیی ژن پیشان دەدات و لەم ڕێگەیەشەوە پێگەی ژنان لەو شوێنەدا دەهێڵێتەوە کە خۆی مەبەستیەتی، ئەویش ئەو دوالیزمە جێندەرییەی نێوان هەردوو ڕەگەز.

## ڕەگەز، سێکسوالیتە و دوالیزمی ئەبەدی:

کۆمەڵگای کوردی بەدەر نییە لە پرۆسەی بەجیهانیبوون، بەو واتایەی دەکرێت هێشتا جیاوازی کولتووری و نەریتیی باو لە کۆمەڵگای دیکە جیامان بکاتەوە، بەڵام سیاسەت و سیستەمە جیهانییەکە بە یەکەوە کار دەکەن و یەکتری تەواو دەکەن، هەر لەبەر ئەمە پێویستە لەوە تێبگەین کە ئەو سیستەم و سیاسەتە نیولیبڕاڵییە جیهانییە پابەندە بە چ کرۆکێکەوە بۆ سەقامگیرکردن و بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی و خودی سیستەمەکە.

جیاوازییە جێندەرییەکان و وابەستەیی و سێکسیزم لەلایەن «سەرمایەداریی پیاوسالارییەوە»[٢٢] ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە بۆ هێشتنەوە و سەقامگیرکردنی نەزمی بۆرژوازی- سەرمایەداری[٢٣]. لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەدا لەنێو ئەو سیستەمە پیاوسالارییەدا دوو پۆلێندبەندی هەن، یەکێکیان هەر مرۆڤێک بەپێی بوونە بایۆلۆژییەکەی کۆدی مێ و نێری لێ دەدرێت، بە واتای «دووڕەگەزی»[٢٤] و هەر جۆرێکی دیکە بە زۆرەملێ دەخرێتە نێو ئەم دوو کاتیگۆرییەوە یاخود وەک شتێکی ناسروشتی و نائاسایی لە قەڵەم دەدرێت، کە دەبێت پێویستی بە نەشتەرگەری هەبێت بۆ دووبارە هاتنەوە نێو ئەو نەزمی دووڕەگەزییە. لە لایەکی دیکەشەوە سێکسوالیتەی مرۆڤ لە «جەبری هێترۆسێکسوالیتەبوون»[٢٥]دا دەهێڵدرێتەوە. هەموو ئەمەش وێنایەکی دەستەجەمعییە هەر لە سەرەتای دروستبوونی

22.Kraemer et al. 2012 :31/ Berger 2008, S. 372

23.König/ Jäger 2011: 147

24.Landweer 1994: 140

25.Butler 1994: 101

کۆمەڵگا بۆرژوازییەکـانەوە جێگەی خۆی گرتووە و بەو وێنەیەش بەرهەمهێنـانەوەی کۆمەڵایەتیی پەیوەنـدییە جێندەرییەکان بەڕێوە دەڕوات. ئەم وێنە نەریتییە نەزمێکی دوالیســـتیی لەنێوان جێندەرەکان دروســـت دەکات، کە لە بوار و کایە تایبەتی و دەوڵەتییەکاندا بە ســـیســـتەماتیکی دەکرێت. بۆ ئەمەش هێشتنەوە و بە پیرۆزکردنی شێوازی خێزانی بۆرژوازی، کە تێیدا ژن و منداڵ لەژێر ســـێبەری پیاوی بەخێوکەردا دەهێڵنەوە، بەشێکن لە پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانەوەی ســـەرمایەداری. بەپێی **جودیت بەتلەر** جێندەر پێگەیەکی سـیمبۆلییە، کە لە ڕاسـتیدا لە «یاسـای ســـزادان» (penal code) وەردەگیرێت و بەرجەســـتە دەکرێت، بەو واتایەی بۆ قبوڵکردنی ئەو پێگەیە ســـەرەتا کەسەکە ناچار دەکرێت، ئەم ناچارکردنانەش لەنێو زمان و پەیوەنـدییە کولتوورییەکـانی ژیـانی ڕۆژانەدا ڕەنـگ دەداتەوە[٢٦]. ئەم جەبرانەش هێڵێکی نەپچڕاوی نایەکسـانییە کۆمەڵایەتییەکـان پێـک دەهێنن، لەپـاڵ جیـاوازی و

26.Butler 1994: 104-105

نـایەکســـــانییە جێنـدەرییەکـان مەســـــەلەکانی ئیتنیک و چینایەتییش بە زەقی دەکەونە بەرچاو.

لەگەڵ ئەوەشـــدا لەگەڵ ڕەتکردنەوە و تەنانەت قبوڵکردنی ئەو تێزەش نیم، کە ســـــەرمایەداری «نابینایە لە بەردەم جێنـدەرەکـان»[٢٧]، بەو مـانـایەی کە بۆی گرنـگ نەبێت کـام ڕەگەزە ئەوی دیکە دەچەوسێنێتەوە، چونکە بەپێی **مارکس** ســـەرمایەداری لەگەڵ ســـەرهەڵدانیدا فیودالیزمی دارِماند، بەڵام سترەکچەرە پیاوساڵارییەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت. بۆیە لێرەدا پێویســــتە بەڕوونی ئـامــاژە بە چەمکی پیاوســـالاریی بکرێت، لەبەر ئەوەی کاراکتەرێکی مێژوویی هەیە لە چەوســـاندنەوەی جێندەریدا. هەر لەبەر ئەمەشـــە ســـەرمایەداری دەســـتی کراوەیە بۆ پەیوەندییەکانی هێز و دەســــــەڵات لەنێو جێنـدەرەکـانـدا[٢٨]. لە پراکســـــیس و لە ئەکادیمیای فێمینیســــتیدا کۆمەڵێک تیۆری جیاواز هەن بۆ لێکۆڵینەوە جێنـدەرییەکـان، کە هەنـدێکیـان جیـاوازییە

27.Kraemer et al. 2012 :31

28.Barrett 1990: 221

جێندەرییەکان یاخود بە دەربڕینێکی دیکە نایەکسانییەکان بە هۆی ڕەگەزەوە وەک کاتێگۆرییەکی پێکهاتەیی کۆمەڵگا دەرک دەکرێت، کە تێیدا نەزم و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا ئەو جیاوازییە جێندەریانە دروست دەکەن یاخود قووڵتری دەکەنەوە. لەمەشەوە کارکردن لەسەر تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و هەوڵدان بۆ گۆڕینیان، دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت کە جیاوازی و نا یەکسانییە جێندەرییەکان کاڵ ببنەوە. بەڵام لە هەندێک لە تیۆرییەکانی دیکەدا واقیعیەتە بایۆلۆژییەکان وەک هۆکاری سەرەکیی ئەم نایەکسانی و جیاوازییانە دیاری دەکرێن و وەک خاڵێک ئاماژەیان پێ دەکرێت کە تێپەڕین لێیان کارێکی ئەستەمە. ئەم تیۆرییانەش زۆرتر جەخت لەسەر ڕواڵەت و خەسڵەتە تایبەتییەکانی (بەتایبەتی) هەردوو ڕەگە (ژن و پیاو) دەکەنەوە. بۆ نموونە **شولامیت فایەرستۆن** جیاوازییە جێندەرییەکان لە ڕێگەی پیاوسالارییەوە وەک حەقیقەتێک دەبینێت، کە ژنان تێی کەوتوون، بەو هۆیەشەوە پێویستە فێمینیستەکان کاتێک باسی نایەکسانییەکان دەکەن، نەک هەر تەنیا کولتووری

ڕۆژئاوایی بخەنە ژێر پرسیارەوە، بەڵکوو سروشتیش[٢٩]. بە دەربڕینێکی دیکە فایەرستۆن ڕیشەی دوالیزمی جێندەری لە بایۆلۆژیی و وەچەخستنەوەدا دەبینێتەوە، هەتا لای ئەو ڕزگاریی ژن ئەو کاتە بەدەست دێت، کە ژنان چیتر ئەرکەکانی وەچەخستنەوە و کارە چاودێری و پڕ هەست و سۆزەکان ئەنجام نەدەن، بەمەش ئەگەر تەکنەلۆژیا بە ڕادەیەک پێشکەوت، کە ئەو ئەرکەی خراوەتە پاڵ ژنان بگرێتەوە، ئەوا دەکرێت ڕزگاری و یەکسانیی جێندەری بەدی بێت. بە پێچەوانەی فایەرستۆنەوە، **میشێل بارێت** دیدێکی دیکەی فێمینیستی هەیە و دەڵێت: فێمینیستان ئەرکییان ئەوە نییە دۆخی بایۆلۆژی، کە ڕەگەز و سێکسوالیتی دەگرێتەوە، فۆرمێکی دیکەی پێ بدەن، بەڵکوو دەبێت فێمینیستان ئەو پەیوەندییانە بگۆڕن کە لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و نایەکسانیی جێندەری دروست بوون[٣٠]. بەپێی بارێت جیاوازییە فیزیکی و بایۆلۆژییەکان شتێک نین بۆ نکوڵی لێکردن، بەڵام پرسیارە

---

29.Firestone 1975: 10

30.Barrett 1990: 225

گرنگەکە ئەوەیە بۆچی جیاوازییە سروشتییەکان لە ڕێگەی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانەوە مرۆڤەکان دەخەنە پێگەیەکی دیالێکتیکییەوە و باڵادەستی و ژێردەستەیی بەدی دەهێنن. هەر لەبەر ئەمەش پێویستە باس لەوە نەکرێت کە چ جیاوازییەکی « بایۆلۆژی» لەنێوان ڕەگەزەکاندا هەیە، بەڵکوو چ پێکهاتە و میکانیزمێک ئەم جیاوازییانە زەق دەکەنەوە و دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە.

دوو سیستەمی جیاواز و سەربەخۆ پاڵنەرن بۆ چەوساندنەوە لەسەر بنەمای ڕەگەزی، هەم سیستەمی پیاوسالاریی کە پیاو تیایدا دەبێتە بکەری باڵادەست بەسەر جێندەرەکانی دیکەدا بە دیاریکراوی بەسەر ژندا و هەم سیستەمی سەرمایەداری کە تێیدا ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و چینایەتی ڕۆڵی سەرەکی لەم چەوساندەوەیەدا دەبینن. ئەم فۆرمە باڵادەستیانەش چەوساندنەوەیەکی ئابووری و جێندەرین، پەراوێزخستنێکی کۆمەڵایەتی و ئابوورین. پێکهاتە پیاوسالاریی و سەرمایەدارییەکان بەندن بەو قوچەکێتییەوە (هیرارکی)،

کە بکرێت باڵادەستیی پیاو بەسەر ژن و لە هەمان کاتیشدا باڵادەستیی چینێک بەسەر چینێکی دیکەدا. بۆ بەدیهێنان و پاراستنی ئەم قوچەکێتییەش هەر دوو سیستەمەکە زەرووریيەتێکی زۆریان هەیە بۆ زیاتر ڕەوایەتیدان بە دووڕەگەزیی و جەبری هێترۆسێکسوالیتی، چونکە دووڕەگەزیی و جەبری هێترسێکسوالیتی ئەم قوچەکێتییانە بە بەردەوامی دەپارێزرێن و دووبارە بەرهەم دەهێنرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێت دووڕەگەزی وەک "زیندان"[٣١]ێک بێت، کە مرۆڤ تێیدا ناچار دەکرێت بمێنێتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دیوارەکانی ئەم زیندانە قابیلیەتی شکاندنییان هەیە وەک هەر چوارچێوەیەکی دیکەی ناچارکردن، چونکە هەلومەرجەکانی دووڕەگەزی چیتر بەهانەیەکی بایۆلۆژیی و سروشتیان نەماوە و بەپێی توێژینەوە نوێیەکان تەنیا دەرئەنجامی پڕۆسە و نۆڕمە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانن. توێژینەوەکان دەربارەی ترانسجێندەر ئەوە دەردەخەن کە لەنێوان ئەناتۆمی-فیزیکیی ڕەگەزیی جەستەیی و شوناسی ڕەگەزدا هیچ

31.Landweer 1994: 140

پەیوەدنییەکی بنچینەییی ســـــروشـــــتی بوونی نییە[32]، بەو واتـایەی کـاتێـک کەســـێـک لە کـاتی لەدایکبوونیـدا هەر ڕەگەزێکی هەبێت، ئەوە گەرەنتیی ئەوە ناکات کە کەسـەکە لە کاتی پێگەیشـتندا هەسـت بە چ شـوناسـێک بکات، بەڵکوو لەڕووی ئەنـاتۆمی و فیزیکییەوە هیچ پەتێکی پەیوەنـدی نییە، بەڵکوو نۆڕم و نەریتەکانی کۆمەڵگا و کولتووره کە کەســـەکە ناچار دەکەن بەوەی چ شـــوناســـێک هەڵبگرێت. بۆیە دووجەمســــــەریی یاخود دووڕەگەزیی لەنێوان ژن و پیاودا و ئایدیالی هێترۆسێکسوالیتی قابیلیەتی تێپەڕاندنیان هەیە[33]. لە دەرئەنجامی ئەوەشـــــوە جێندەر یان ڕەگەز دەتوانێت دەرکێکی زیاترمان سەبارەت بە کارکرد و واتای جەســتە پێ بدات و هەروەها جێندەر بەشــێکیشــە لەلایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکـان، کە چ ڕەگەزێـک بە تـاک دەبەخشـــن لە هەمان کاتیشـــدا چی لە ئەودا بەرجەســـتە دەکەن. پێشـــکەوتنی پزیشـــکی بۆ مەســـەلەکـانی

32.Kuster 2017: 7

33.Kuster 2017: 8

وەچەخســـــتنەوە و کۆنترۆڵی منداڵبوون ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە تێکشـــــکاندنی وێنەی خێزانی هێترۆنۆرماتیڤی و ئەمەش پیشـــانمان دەدات جەبری هێترۆســـێکســـوالیتی و واتای خێزانی بۆرژوازی دۆخێکی ئەبەدیی چەقبەســـــتوو نییە و گۆڕانکاری بەسەردا دەهێنرێت.

## ڕەخنە لە پیاوانەییبوون:

ڕەوتێکی فێمینیستی، پێویستی بە کۆمەڵێک توانای مرۆیی و ماتریاڵی هەیە، کە بتوانێت لەو ڕێگەیەوە لێکۆڵینەوەی زیاتر و تێگەیشـــتنی زیاتر لەســـــەر پرســـــی جیاکاری و چەوســــــاندنەوەی جێندەری بکات، لە هەمان کاتیشـــــدا تیۆریگەلێکی فێمینیستی بخرێتە بەردەست تا لەو ڕێگەیەوە ئاشـــنایی بەدی بێت بە فۆڕمەکانی چەوســـاندنەوە، چونکە هۆشیاری و تێگەیشتن لە فۆڕمە لێکدابڕاو و یەکتربڕەکان دەتوانن ئاماژە بە خاڵێک بۆ دەســـــتپێکردن و کارکردن لەســـەر ئەو پرسانە بکەن. ئەم هۆشـیارییەش دەتوانێت لە داهـــاتـــوودا هەمـــوو ڕەگەزەکـــان لەو جـــیـــاکـــاری و چەوساندنەوانە بەئاگا بهێنێتەوە، نەک ئەوەی وەک زۆرێک

لایـان وایە فێمینیزم بـابەتێکە دەبێـت تەنیـا ژنـان پێوەی خەریــک بن. کــاتێــک پیــاو ئــاشـــنــا نییە بەو وێنـا بەدێوەزمەبووەی خۆی، هۆشــیاریی فێمینیســـتی بۆ ژنان هیچ دەردێک چارەسـەر ناکات، بەڵکوو هێڵی جیابوونەوەی ڕەگەزەکـان زۆرتر لە یەکتر دوور دەخـاتەوە. کـاتێـک لە زۆرینەی شــوێنەکاندا ناوی کۆرســەکانی بەرگریکردنمان بەرگوێ دەکەوێـت، دەبێـت لەوە تێبگەین کە بەپێی ئەو سیستەمە ئەو ڕەگەزەی دەبێت خۆی بپاریزێت و بەردەوام لە خۆتۆکمەکردندا بێت، تا نەکا ڕەگەزی پیاو دەسـتدرێژی ســێکســی بکاتە ســەر، نەکا توندوتیژیی بەرانبەر ئەنجام بدات، نەکا لەبەر ئەوەی ژنە لە شــوێنەکانی کار و شــوێنە گشــتییەکان ناحەقی و چەوســاندنەوەی بەرانبەر بکرێت.. هتـد، ڕەگەزی ژنە. لەمەشـــەوە وا دەبینرێـت کە ئەرکی هۆشـیاری و تێگەیشـتن لە فۆڕمەکانی سـتەمکردن ئەرکی ژنانە، وەک ئەوەی پیاوان زۆر دەمێک بێت بەوە گەیشتبن. پیـاوان دەمێکە بەوە گەیشـــتوون کە لە بوونی خۆیـان نامۆبن و تەنیا دێوەزمەیەک بن، کە هەموو خەسڵەتەکانی ترس و تۆقین، تـاوان و کوشـــتن و تونـدوتیژی تیـایـاندا

کەڵەکە کراوە. پیاوانیش شان بە شانی ژنان دەبێت بەشدار بن لەو پرۆســـــەی ڕەخنەکردنەی پیـاوێتییـدا، نەک ژنـان بەتەنیا ئەو قورســـاییە بگرنە ئەســـتۆ، ئەم هەڵەتێگەیشـــتنە بووەتە لایەنێکی چێنراو لە زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگادا. بۆیە گرنگە ژنـــان و پیـــاوان و هەروەهـــا نەوەی نوێش ســـەرلەنوێ پەروەردە بکرێنەوە بە پەروەردەیەک کە تێیدا بە دیاریکراوی ئاماژە بە ڕۆڵی ژن و پیاو نەکرێت، کچانی چکۆلە بە خەسـڵەتە خسـتنەپاڵدراوە ژنانەییەکان و کوڕانی چکۆلەش بەبێ پەرپرســـــیارێتی و توندوتیژییەوە گەورە نەکرێن.

**تێبینی:** ئەم بابەتە یەکەم جار لە ٤ی ئابی ٢٠٢١ لە ماڵپەڕی ژنەفتن بڵاو کراوەتەوە

## سەرچاوەکان:

Barrett, Michèle (1990). *Das Unterstellte Geschlecht. Umrisse eines marxistischen Feminismus*. 2 Auflage. Argument. Berlin.

Butler, Judith (1994). *Phantasmatische Identifizierung und die Annahme des Geschlechts.* (S. 101-138). In Band: Institute für Sozialforschung (Hrg.) (1994). *Geschlechterverhältnisse und Politik*. Suhrkamp. Frankfurt am Main.

Dalla Costa, Mariarosa (1976). *Die Produktivität der Passivität. Die unbezahlte Sklaverei als Grundlage für die Produktivität der Lohnsklaverei*. (S.275-295) In: Menschik, Jutta (Hg.) (1976). *Grundlagetexte zur Emanzipation der Frau*. 1 Auflage. Pahl-Rugenstein. Köln.

Federici, Silvia (2012a). *Caliban und die Hexe. Frauen, der Körper und die ursprüngliche Akkumulation.* Mandelbaum. Wien.

Federici, Silvia (2012b). *Aufstand aus der Küche. Produktionsarbeit im globalen Kapitalismus und die vollendete feministische Revolution*. Kitchen Politics: Band 1. 1 Auflage. Edition assemblage. Münster.

Firestone, Shulamith (1975). *Frauenbefreiung und sexuelle Revolution*. Fisher Taschenbuch Verlag.

Haug, Frigga (2010). *Briefe aus der Ferne. Anforderungen an ein feministisches Projekt heute*. 1 Auflage. Argument. Hamburg.

Hooks, bell (1994). *Feminismus – eine transformative Politik.* (S. 323-337). In Band: Kaiser, Nancy (Hrg.) (1994). *Selbst bewusst. Frauen in den USA*. 1 Auflage. Reclam Verlag. Leipzig.

König, Tomke König / Jäger, Ulle (2011). *Reproduktionsarbeit in der Krise und neue Momente der Geschlechterordnung. Alle nach ihren Fähigkeiten, alle nach ihren Bedürfnissen!* (S.147- 164). In Demirovic´, Alex / Dück, Julia/ Becker, Florian/ Bader, Pauline (Hrsg.) (2011). *VielfachKrise, Im finanzmarktdominierten Kapitalismus*. VSA Verlag. Hamburg.

Kraemer, Klaus/ Korom, Philipp/ Nessel, Sebastian (2012). *Kapitalismus und Gender. Eine Auseinandersetzung mit der kapitalismuskritischen Intersektionalitätsforschung*. Berliner Journal für Soziologie. Berlin J Soziol 22:29–52 DOI 10.1007/s11609-012-0178-z. Online verfügbar:https://link.springer.com/content/pdf/10.1007/s11609-012-0178-z.pdf

Kuster, Friederike (2017). *Mann – Frau: die konstitutive*

*Differenz der Geschlechterforschung*. In: Kortendiek, Beate et al. (Hrsg.) (2017), *Handbuch Interdisziplinäre Geschlechterforschung, Geschlecht und Gesellschaft*. Springer Fachmedien. Wiesbaden. Online verfügbar:https://link.springer.com/chapter/10.1007%2F978-3-658-12496-0_3

Landweer, Hilge (1994). *Jenseits des Geschlechts? Zum Phänomen der theoretischen und politischen Fehleinschätzung von Travestie und Transsexualität*. (S. 139-167). In Band: Institute für Sozialforschung (Hrg.) (1994). *Geschlechterverhältnisse und Politik*. Suhrkamp. Frankfurt am Main.

Luxemburg, Rosa (1979). *Gesammelte Werke 1/1*. Dietz Verlag. Berlin

Marx, Karl (2004). *Das Kapital. Kritik der politischen Ökonimie*. Ungekürzte Ausgabe nach der zweite Auflage 1872. Voltmedia. Paderborn.

Marx, Karl/ Engels, Friedrich (2009). *Manifest der kommunistischen Partei*. Anaconda. Köln.

Waldmann, Maximilian (2019). *Queer/Feminismus und kritische Männlichkeit. Ethico-politische und pädagogische Positionen*. Budrich UniPress Ltd.

Opladen. Berlin. Toronto.

Wichterich, Christa (2009). *Krisen, Kapital und Kosten. Ein feministischer Blick auf die globalen Krisen*. in: Lunapark. Online verfügbar:http://www.femme-global.de/fileadmin/user_upload/femme-global/themen/globalisation/Krise_Luna2.pdf

Wichterich, Christa (2010). *Geschlechteranalysen und –Diskurse in der Krise*. (S. 164-187). In: PERIPHERIE Nr. 118/119, 30. Jg. 2010, Verlag Westfälisches Dampfboot, Münster.

Wichterich, Christa (2020). *Covid-Kapitalismus, Körper und Care*. (S. 143-145). In: FeminaPolitica - Zeitschrift für feministische Politikwissenschaft, 29(2). Online verfügbar:https://doi.org/10.3224/feminapolitica.v29i2.27

# دەربارەی فێمینیزم لە دونیای ئێمەدا



مەریوان وریا قانع

دەستەواژەی "فێمینیزم" دەستەواژەیەکی تازەی ناوی دونیای ڕۆشنبیریی ئێمەیە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو پێگە تازەیەی گرنگیدان بە "مەسەلەی ژنان"ەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، هەیە. ساڵانێکی درێژ دەستەواژەی باڵادەست بۆ باسکردنی پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەستەواژەی "مەسەلەی ژن" یان "مەسەلەی ژنان" بوو، ئەوەشی کە هەبوو وەک "بزووتنەوەی ژنان" هێمای بۆ دەکرا. بە هەڵەدا نەچووبم بەکارهێنانی بەرفراوانی دەستەواژەی "فێمینیزم" لە دونیای ئێمەدا بۆ قۆناغی دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی بۆ سەردەمی دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی بەعس لە عێراقدا. لەو ساڵانەدا ژمارەیەک لە ژنانی کورد کە زۆربەیان لە ئەوروپادا گەورە بووبوون و هەر لەوێش خوێندنیان تەواو کردبوو، وەک چالاکەوانی ژنان لە کوردستاندا دەست بەکار بوون و دەستەواژەی فێمینیزمیان بۆ بەخشینی ناوێک بە دید و ڕوانین و چالاکییەکانی خۆیان بەکار هێنا. بە زۆر مانا ئەم چەمکە گرێدراوی ئەو نوخبەیە لە چالاکەوانی ژنانی سەر بە چینی ناوەند، نوخبەیەکی عەلمانی کە لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا دروست دەبن.[1]

---

١. ئەم دۆخە کۆمەڵایەتییە وای کردوە هەندێک لەو بابەتانەی کە ئەم نوخبە فێمینیستییە گرنگی پێ بدەن ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە دۆخی ژنانی سەر بە چینی ناوەڕاستەوە هەبێت. بۆ نموونە ئەو گرنگیدانە گەورە و

هەرکەسێک کەمەکێک شارەزای مێژووی ڕۆشنبیریی ئێمە بێت ئەو ڕاستییە دەزانێت کە "مەسەلەی ژنان" مەسەلەیەکی گرنگی ناو ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی ئێمە بووە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، بە تایبەتیتریش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە. ڕەنگە **حاجی قادری کۆیی** یەکەمین ڕۆشنبیری ئێمە بووبێت کە بەرگری لە خوێندن و فێربوونی ژنان کردبێت و وەک ئەرکێکی سەرەکیی کۆمەڵگا و سەردەمەکەی خۆی سەیری کردبێت، هەموو ڕێگرتنێکی دینی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیشی لەم ئەرکە وەک "بێدینیی" لێکدابێتەوە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا نەوەیەک لە نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیر لەدایک دەبن، کە زۆرینەیان پیاون، بەڵام کێشەی ژنان وەک یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی دونیای

---

بەردەوامە بە مەسەلەی بەگژاچوونەوەی فرەژنی، لە بەرامبەر فەرامۆشکردنی نەتوانینی شووکردن و ژنهێنان لەلایەن هەزاران هەزار گەنجی ئەو کۆمەڵگایەوە، هێندەی دەربڕی پێگە چینایەتیی ئەو ژنانەیە، هێندە خواستێکی فێمینیستی ڕەها نییە. ئەوانەی لە کوردستاندا دەتوانن زیاد لە ژنێک بهێنن زۆر جار پیاوانی سەر بە چینی ناوەڕاستن، بۆیە بەگژاچوونەوەی ئەم دیاردەیە لەلایەن فێمینیستەکانەوە و دانانی لە سەری سەرەوەی پلان و ئەجندای ئیشکردنیانەوە، پەیوەندیی بەو پێگە چینایەتییەوە هەیە کە خۆیان تیایدا ئامادەن. لە کاتێکدا نەبوونی توانای ژنهێنان و شووکردن، وەک دیاردەیەکی مەترسیدار و هێجگار گەورەی دونیای ئێمە، ئەو گرنگی و قورساییەی پ ێنادرێت کە بە دیاردەی یەکەمیان دەدرێت.

ئێمە دەزانن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و گۆڕانی پێگەی ژنانیان لە کۆمەڵگادا بەیەکەوە گرێ دابێت. دەشێت لێرەدا باس لە کەسانی وەک **پیرەمێرد** و **زێوەر** و **قانع** و **بێکەس** و **گۆران** بکەین، کە مەسەلەی ڕزگاربوون و پێشکەوتنی کوردستان بە ئازادی و پێشکەوتنی ژنانەوە گرێ دەدەن. زۆربەمان دێڕە هەرە بەناوبانگەکەی بێکەسمان لەبیرە کە دەڵێت "نێر و مێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن- دوورە دەرچوونی لە دیلی مەل بە باڵێک نافڕێت".[٢] ئەم دێڕەی بێکەس دەربڕی پارادیمێکی فیکری، یان گوتارێکی خاوەن هەیمەنەیە دەربارەی پێشکەوتن و ڕزگاری و ڕۆڵی ژنان لە ناویاندا. ئەم گوتارە لای زیاد لە نەوەیەکی ناو ڕۆشنبیریی ئێمە بە هەمان مانا و دەلالەتەوە ئامادە بووە و بەردەوامی هەبووە. بێگومان لەو قۆناغەدا کۆمەڵێک دەنگی ژنان خۆیشیان ئامادەبوون کە مەسەلەی ژنانیان بە مەسەلەی سەرەکیی کۆمەڵگای ئێمە زانیوە و بە شێوەیەکی گشتی لەناو ئەو گوتارە باڵادەستەدا لەسەر پێشکەوتن و ئازادی کاریان کردووە. بە مانایەکی دیکە زۆرینەی هەرە زۆری نەوەی یەکەمی ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی لە کوردستاندا باسیان لە مەسەلەی ژنان کردووە و وەک

٢ . بڕوانە: ئومێد ئاشنا (٢٠٠٥). دیوانی بێکەس. هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ل ٣٨

یەکێک لە مەسەلە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاکەیان وێنایان کردووە، پیاون. ئەو نەوە خوێندەوار و ڕۆشنبیرە لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دێنە کایەوە و دەست بە چالاکیی ڕۆشنبیری دەکەن. دەشێت ئەم پیاوانە، لانی کەم لە ئاستی گوتاردا، بە "ژندۆست" و "نیمچە فێمینیست" ، "ناپاتریارک" ناو ببەین. خاڵێک گرنگە لێرەدا هێمای پێ بکەین ئەوەیە، ئەوەی لەم گوتارەدا ئامادەیە ژن نییە وەک ژن، ژن وەک خودێکی سەربەخۆ و بەرپرسیار، وەک بکەری ژیانی خۆی و دروستکەری شوناسی خۆی، بەڵکوو ژنە وەک بەشێک لە "نەتەوە"، لە "میلەت"، وەک پاچەیەک لە گشتێکی گەورە کە ناوی گۆڕانکاری و تازەبوونەوە و ڕزگاربوونە.

لە قۆناغی دروستبوونی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و هاتنەکایەی ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕەکان و لەدایکبوونی خەباتی چەکداری و بەرپاکردنی شۆڕشەوە، تێکەڵ بە چوونی ژمارەیەکی زۆری کچان بۆ قوتابخانە و بەشداربوون لە خوێندن و فێربووندا، مەسەلەی ژنان گرنگییەکی زیاتر وەردەگرێت. ڕۆڵی پارادیمیانەی ئەو دێڕە شیعرەی بێکەس کە لە سەرەوە باسمان کرد، بەهێزتر و هەمەلایەنتر دەبێت. لە پەیوەندیدا بە خەباتی چەکدارەوە ژن وەک پێشمەرگە و وەک بەشێک لە ڕێکخستنی نهێنی و وەک

بکەرێکی شۆڕشگێڕ لەدایک دەبێت، دەبێت بە بکەرێکی گرنگ و بە ڕەمزێکی سەرەکیی ناو ناسیۆنالیزمی کوردی. لە پەیوەندیشیدا بە کۆمەڵگاوە ژن وەک مامۆستا و پزیشک و کارمەند... هتد، وەک بکەرێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گرنگ دێتە کایەوە. لە هەر دوو دۆخەکەدا ژنان دەبن بە بکەرێکی مێژوویی تازەی ناو مێژووی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمیی کۆمەڵگای ئێمە.

سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانە بەڵام لە زۆربەی دۆخەکاندا، هێشتا شتێک بە ناوی "بزووتنەوەیەکی فێمینیستی سەربەخۆ"وە بوونی نەبووە. ئەوەی هەبووە یان بەشێک بووە لە بزووتنەوەی هێزە جیاوازەکانی ناو ناسیۆنالیزمی کوردی، یان بەشێک بوون لەو ئۆرگان و ڕێکخراوانەی بە ناوی ژنانەوە لەناو ئەو دەوڵەتاندا دروست کراون کە کوردستان بەشێک بوون لێی. دونیای دوای ڕاپەڕین ئەم وێنە گشتییە دەگۆڕێت و تیایدا فۆرمێکی تازە لە نمایشکردنی مەسەلەی ژن و ژنبوون، بە ناوی "فێمینیزم" و "بزووتنەوەی فێمینیستی"یەوە لەدایک دەبێت. لەم دۆخە نوێیەدا مەسەلەی دەسکاریکردن و باشترکردنی پێگەی ژنان و بەرگریکردن لە مافەکانیان وەک ژن و پاراستنی ژیان و باسکردنی شێوازەکانی سنووردارکردن و پەراوێزخستنیان لەناو کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا، دەبنە

بابەتی سەرەکیی بەشێکی بەرچاوی چالاکەوانەکانی بواری ژنان. ئەوە پەیوەندییانەی کە ژنبوون بە کوردبوون و بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانەوە گرێ دەدات، لەوە دەکەون، تاکە پەیوەندی، یان تەنانەت پەیوەندیی سەرەکیی نێوان ژنان و کۆمەڵگای دوای ڕاپەڕین بن. لەباتیی ئەمانە جۆرێک لە پەیوەندیی نوێ دروست دەبێت کە پەیوەندیی ژنبوونە بە کۆمەڵگا و ژنبوونە بە پیاوبوونەوە.

بە کورتی، وەک پێشتریش هێمام پێ کرد "فێمینیزم" وەک بزووتنەوە، یان وەک وەک جووڵەیەکی تایبەت لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا، لە دوانیای دوای ڕاپەڕیندا دروست دەبێت و لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بزووتنەوە و جووڵەی ژنانی سەر بە چینی ناوەڕاستە. ئەو بەشەی ژنانی ناو کۆمەڵگای ئێمە نوێنەرایەتی دەکەن کە زۆر جار زمانە بێگانەکان دەزانن و لە دەرەوەی دیدگای دینیدا بە دوای دروستکردنی شوناسێکدا بۆ ژن و بۆ ژنبوون دەگەڕێن.[٣]

٣ . دەربارەی مەسەلەی لەدایکبوونی "ژبوونی تازە" لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بڕوانە کتێبی "کۆمەڵگا و غەریبەکانی" من. بڕوانە:

مەریوان وریا قانع (٢٠١٨). کۆمەڵگا و غەریبەکانی. سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. چاپی یەکەم.

بەڵام فێمینیزم خۆی چییە، چ مانایەکی هەیە و چۆن لێی تێبگەین؟

لە ڕاستیدا فێمینیزم چەمکێکی ئاڵۆزە و زۆر کەسیش پێیان وایە باشترە باس لە فێمینیزم وەک تاک نەکەین، بەڵکوو وەک کۆ ببینین و مامەڵەی بکەین، واتە باس لە زیاد لە جۆرێک لە فێمینیزم بکەین چونکە فێمینیزم یەک شت نییە و یەک فۆرم و یەک ناوەڕۆکیشی نییە. لەڕووی مێژووییشەوە فێمینیزم فۆرمی جیاوازی هەبووە و هێما بۆ چەندان بزووتنەوەی لە یەک جیاواز دەکات. ڕەنگە خاڵێک کە هەموو فێمینیستەکان بە یەکەوە کۆ بکاتەوە پێداگرتن بێت لەسەر ئەو ڕاستییە سۆسیۆلۆژییە گشتییە کە پێی وایە پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا لاواز و پەراوێزییە و ژن وەک بوونەوەرێک کەمتر یان نزمتر لە پیاو وێنا دەکرێت و دەنرخێنرێت. بەگژاچوونەوەی ئەم دۆخە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕەمزییە خراپەی ژنانیش کۆڵەکەی هەرە سەرەکیی بزووتنەوە فێمینیستییەکانە، بەڵام شێوازی تێگەیشتن و چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لەم بزووتنەوە بۆ ئەوی تریان جیاوازی هەیە.[٤]

---

٤ . بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چییەتی و مێژوو و قۆناغە جیاوازەکانی فێمینیزم، بڕوانە: Walters, Margaret (2005). feminism: a very short introduction. Oxford University Press

بزووتنەوە فێمینیستییەکان ئەو ڕاستییە سادەیە بە هەمووان دەڵێن کە جیاکاریی لەنێوان ژن و پیاودا و نرخاندنی هەرەمییانەی ئەم جیاکارییە لەسەر بنەمای جێندەر، واتە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ڕەگەزی نێر لە ڕەگەزی مێ، کارێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوە. واتە دیاردە و پێدراوێکی سروشتی نییە، بەڵکوو دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویییە، بۆیە دەشێت بگۆڕێت و دەستکاری بکرێت. ئەوەی بزووتنەوە فێمینیستییەکان بەرگری لێ دەکەن ڕاستکردنەوەی ئەم دۆخی جیاکارییە و ئەم نایەکسانی و هەرەمیەتە دروستکراوەیە کە لە زۆر شوێندا باڵادەستە. لەم پرۆسەیەشدا بیرۆکەی سەرەکی کە بزاوتە فێمینیستییەکان بەرگری لێ دەکەن، بیرۆکەی یەکسانیی نێوان نێر و مێییە، یەکسانییەک کە پێویستە هەم کۆمەڵگا بڕوای پێ بێت و هەم یاسا بیپارێزێت و هەم میکانیزمی جیاواز لە ئارادا بێت ڕێگیری لە دروستبوونی نایەکسانی بگرێت.

بە مانا زانستی و ئەکادیمییەکەی فێمینیزم سێ شتە لە یەک کاتدا.

**یەکەم**: "فێمینیزم فیکر و مەعریفە و تیۆرەیە، فیکر و تیۆرەیەکە دەربارەی یەکسانیی سیاسی و ئابوری و

کۆمەڵایەتی لەنێوان ژن و پیاو، یان نێر و مێ لە کۆمەڵگادا. ئەم یەکسانییە تەنها یەکسانیی ژن نییە لەگەڵ پیاودا، بەڵکوو یەکسانیی پیاویشە لەگەڵ ژندا. لە لێکدانەوەی فێمینیستایەتی مێژوودا ژن و پیاو هەردووکیان لەناو سیستمی پاتریارکیدا نیشتەجێن و هەردووکیان لەلایەن ئەو سیستمەوە نایەکسان کراون. ئەرکی بزووتنەوە فێمینستییەکان گۆڕین و دەستکاریکردنی ئەو سیستمەیە لە ڕێگای بەرگریکردن لە یەکسانییەوە، یەکسانی لە دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئابووری و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیدا. بە دیوێکی دیکەدا و بە شێوەیەکی گشتی تیۆرەی فێمینیزم بۆ مێژوو سەر بەو جۆرە تیۆرانەیە کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ناوی "تیۆرەی ململانێ"ەوە ناسراوە. تیۆرەی ململانێ زیاد لە دیدێکی بۆ ململانێ سەرەکییەکانی ناو مێژوو هەیە. لای **مارکس**، بۆ نموونە، مێژوو ململانێیەک دەیجووڵێنێت کە ئاکارێکی چینایەتی هەیە و ئەو ململانێیە ناوەڕۆکی مێژوو لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا دەستنیشان دەکات. لای کۆمەڵناسێکی وەک ***عەلی وەردی*** ململانێی سەرەکیی ناو مێژوو، بەتایبەتی مێژووی ئەم ناوچەیەی لای ئێمە، ململانێیە لەنێوان بەداوەت و شارستانیەتدا، لەنێوان هێزە بەدەوی و خێڵەکی و دەشتەکییەکان و لەنێوان هێزە شاری و مەدەنی و خوێندەوارەکاندا. لە تیۆرەی فێمینیزمدا ململانێی سەرەکیی

ناو کۆمەڵگا ململانێیە لەسەر بنەمای جێندەر، واتە ڕەگەز. لەم تیۆرەیەدا کۆمەڵگا لەسەر بنەمای جێندەر دابەش کراوە بۆ پیاو و ژن، پیاو وەک دەسەڵاتدار و ژن وەک بێدەسەڵات یان کەمدەسەڵات و پەراوێز و کەمنرخ کراو، ئەوەشی ئەم جۆرە لە ململانێی جێندەری ئاراستە دەکات، سیستمی پاتریارکییە، کە سیستمێکی گەردوونییە و لە هەموو شوێنێکدایە. وەزیفەی سەرەکیی پاتریارکییەتیش بریتییە لە بەهێزکردنی زیاتر و زیاتری پێگەی پیاو و بەکارهێنانی چەندان میکانیزمی جیاواز بۆ پاراستنی ئەو پێگە بەهێزە. لە بەرانبەردا لاوازکردنی پێگەی ژنان و پاراستنی ئەو پێگەی لاوازە. لێرەدا جێندەر وەک سیستمێکی نایەکسان دروست کراوە کە تیایدا دەسەڵات و دەستکەوت بە پیاوان و بێدەسەڵاتی و پەژارە بە ژنان دەبەخشێت. واتە سیستمێکە لەسەر دابەشکرانێکی تەواو نایەکسانیی دەسەڵات و ئازادی و سوود و قازانج لەنێوان نێر و مێدا کار دەکات. تیۆرەی فێمینیزم باوەڕی وایە نایەکسانی و هیرارکیەتی نێوان جێندەرەکان، پێدراوێکی سروشتی، یان خودایی نییە، بەڵکوو دروستکراوێکی مێژووی کۆمەڵایەتییە، ئەگەرچی زۆر جار ئەم نایەکسانی و هیرارکیەتە لە ڕێگای گەڕاندنەوەوە بۆ سروشت و یان لە ڕێگای گەڕاندنەوەوە

بۆ دین بەرگری لێ کراوە و لێ دەکرێت. بێگومان ئەم دیدە گشتییە بۆ کۆمەڵگا و بۆ مێژوو بە شێوازی جیاواز لە کۆمەڵگای جیاواز و لە سەردەم و قۆناغی جیاوازدا کار دەکات. یەکێک لەو کارانەی کە بزووتنەوەی فێمینیزم و فێمینیستەکان بە ئەرکی خۆیانی دەزانن، دەرگیربوونێکی فیکری و تیۆرییە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و جێندەرییەی تیایدا دەژین و بەرەنگاریی دەبنەوە. فێمینیزم بەبێ فیکر، فیکرێکی کۆنکریت، کێشەیەکی گەورەیە هەم بۆ فێمینیزم وەک فیکر و مەعریفە و هەم بۆ ئەو بزووتنەوە فێمینیستییەی کە دەشێت دروست بێت.

**دووهەم:** "فێمینیزم بریتییە لە بزووتنەوە و چالاکیی ڕێکخراو کە بە مەبەستی بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان دروست و ڕێک دەخرێن. مافەکانی ژنانیش مافی جیاواز و هەمەجۆرن، لە مافە سساسییەکانەوە دەست پێ دەکات، بۆ مافی هەبوونی موڵکیەت، مافی دەنگدان، مافی پاراستنی جەستە، مافی هەبوونی سەربەخۆیی، مافی هەبوون یان نەبوونی منداڵ، مافی سەفەر، مافی پاراستنی کچان و ژنان لە توندوتیژی ناو خێزان، ،مافی پاراستن لە گێچەڵی سێکسی و لاقەکردن، هتد... فێمینیزم لەم ئاستەدا میکانیزمی بەدەستهێنان و پاراستنی ئەو مافانەیە. فێمینیزم وەک چالاکی و بزووتنەوەی ڕێکخراو و ئامرازی بڵاوکردنەوە و

بەهێزکردنی هۆشیارییە، چ لای ژنان و چ لای پیاوان، بەرانبەر بە پێگەی نزمی ژنان و مافی ژنان لەوەدا کە یەکسان بن بە پیاوان. بەم مانایە زۆربەی جار "فێمینیزم بزووتنەوەی ناڕەزایی دەربڕینە، ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر بێمافی و نایەکسانی و خراپ مامەڵەکردنی ژنان لە کۆمەڵگادا.

**سێهەم**: فێمینیزم هاوکات جۆرێکە لە ڕوانین و دیدگا کە ئەرکی سەرەکی ئەوەیە دژ بە چاوەڕوانییە جێندەرییە باڵادەستەکانی ناو کۆمەڵگا، کار دەکات. بۆ نموونە دژ بەو چاوەڕوانییە باڵادەستانەی بەرامبەر بە ژنبوون یان پیاوبوون لە کۆمەڵگادا هەیە. فێمینیزم لەم ئاستەدا نیشاندانی ئەو چاوەڕوانییانەیە وەک دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، نەک پێدراوێکی سروشتی، یان دینیی نەگۆڕ و ئەبەدی. ئەمەش وا دەکات چەندان پەنجەرە بە ڕووی گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی ئەو چاوەڕوانییانەدا بکرێتەوە و مرۆڤبوونی ژن و پیاو لەم یان لەو وێنە و لەم یان ئەو چاوەڕوانیدا سنووردار نەکرێت.

## پێداگرتن لەسەر دوو مێژوو

فێمینیزم وەک تیۆرە و وەک بزووتنەوەی بەردەوام پێ لەسەر دوو مێژوو دادەگرن بۆ نیشاندانی قووڵایی و بەرفروانی شێوازەکانی چەوساندنەوە و پەراوێزخستن و کەمنرخ کردنی ژنان.

یەکەمیان مێژووی چەوساندنەوە و چەپاندنی بەردەوامی ژنە لەلایەن پیاوەوە و نیشاندانی فۆرمە جیاوازەکانی ئەو چەوساندنەوە و پەراوێزخستنە. نیشاندانی مێژووی چۆنیەتی مامەڵەکردنی نائینسانی و خراپی ژنان. ئەم مێژووی چەوساندەوەیە تەنها مێژووی چەوساندنەوەیەکی جەستەیی نییە، تەنها سنووردارکردنی ئازادییەکانی ژن نییە، تەنها مامەڵەکردنی ژن نییە وەک بوونەوەرێکی نوقسان و فیتنەباز و مەترسیدار، بەڵکوو چەپاندنی توانای داهێنان و تەعبیرکردنی ژنانیشە لە خۆیان، ڕێگرتنە لەوەی بتوانن بدوێن و زمانی تایبەت بە خۆیانی هەبێت، بتوانن داهێنەر بن و تەعبیر لە ناوەوەی خۆیان و لە جۆری ئەو پەیوەندییانە بکەن کە بە خۆیان و بە دەوروبەرەکەیانەوە گرێیان دەدات. ئەم ڕێگرتنە تا ئەو شوێنە ڕۆیشتووە و دەڕوات شێتبوونی ژنان یەکێک لە دەرەنجامە ترسناکەکانی بووە. بە زمانە ئەروپییەکان ئەدەبیاتێکی زۆر لەسەر پەیوەندیی نێوان بێدەنگکردن و قوفڵدان و داخستنی توانای

تەعبیرکردن لای ژنان، بە دیاردەی شێتبوون و دێوانەییەوە هەیە. ئەم ڕێگرتنە لە تەعبیرکردن زۆر جار دۆخێکی دەروونی دروست دەکات کە خۆوێرانکردن بەشێکی دانەبڕاوە لێی. ئەم دۆخی سەندنەوەی توانی تەعبیرکردنە لە ژن ئەو کێشەیەیە، بۆ نموونە، ژنە نووسەرێکی گرنگیی وەک **ڤیرجینا وۆڵف** بەرەنگاری دەبێتەوە. وۆڵف کە باس لەوە دەکات ژنێکی نووسەر پێویستی بە چییە بۆ ئەوەی بتوانێت بنووسێت و تەعبیر لە خۆی و لەو دونیایە بکات کە تیایدا دەژی، پێ لەسەر گرنگی بوونی ژورێکی تایبەت بە خۆی دەکات. بەڵام وۆڵف ڕاستەوخۆ لە پێداگرتن لەسەر گرنگی بوونی ژوورێکی تایبەتەوە بۆ نووسین، دەپەڕێتەوە بۆ گرنگی بوونی زمانێکی تایبەتیش کە ژن بتوانێت بە هۆیەوە قسەکانی خۆی بکات و خولیا و بۆچوونەکانی دەرببڕێت.[٥] بەم مانایە ژن بۆ ئەوەی بتوانێت تەعبیر لە خۆی بکات، لە دۆخی نووسەربووندا، هەم ژوورێکی واقیعی و هەم ژوورێکی رەمزیی لەناو زماندا پێویستە، یەکەمیان لە ناویدا دابنیشێت و تەنیا بێت و خۆی لە هەموو دونیا داببڕێت، لە دووهەمیاندا بتوانێت تەعبیر لە خۆی و

---

٥. Woolf, Virginia (1989). A Room of One's Own. Mariner Books; First editi.

هەست و بۆچوون و ڕوانین و خەیاڵی خۆی، بکات. ئەم زمانە پێویست ناکات زمانێکی ژنانە بێت و تایبەت بێت بە ژن، بەڵکوو زمانێکی تاکەکەسییانە بێت، زمانێک ژن وەک تاکەکەسێک، زمانی ژنێک کە دەیەوێت بدوێت.

دووهەمیان، مێژووی پەراوێزخراو و شاردراوە و باسنەکراوی ژن خۆیەتی. فێمینیستەکان لێرەدا ئەو مێژووە لەبیرکراوە دەنووسنەوە و پێی لەسەر دادەگرن کە دەشێت وەک مێژووی لەبیرکراو و شاردراوەی ژن ناوی ببەین. بە شێوەیەکی بەردەوام نووسینەوەی مێژوو نووسینەی مێژووی هەڵسوکەوت و کار و بەرهەمەکانی پیاوان بووە. ئەوەی باس نەکراوە و شاردراوەتەوە ئەو بەشەی مێژووە کە تیایدا ژنان بوونەوەری بیرکەرەوە و داهێنەر و بەرهەمهێن بوون. نووسینەی ئەم مێژووە یەکێکە لەو ئەرکانەی بزووتنەوە فێمێنیستییەکان دەیگرنە ئەستۆی خۆیان. ئەم جۆرە مێژووە ئەو هەستە بە چالاکەوانەکانی ئەم ساتە دەبەخشێت و ئەو ڕاستییەیان نیشان دەدات، کە ئەوان تەنها نین، بەڵکوو مێژوویەکی تایبەتی چالاکبوونی ژنان لە پشتیانەوەیە، کە وەک بەشێک لە چەپاندنی ژنان خۆیان خودی ئەو مێژووەش چەپێنراوە و شاردراوەتەوە.

## دۆخی ژنان لە وڵاتی ئێمەدا

ئەگەرچی ناکرێت قسە لە یەک جۆر ژن و ژنبوون لە کۆمەڵگای ئێمەدا بکەین، ناتوانین چەمکی "ژن" و "ژنبوون" بە شێوەیەکی گشتگیر بەکار بهێنین، جیاوازییەکانی ناو ژنان جیاوازیی گەورە و هەمەلایەن و فرەجۆرن. بەڵام دەکرێت هەنێک شتی گشتی لەسەر ئەو فەزا کۆمەڵایەتی و سیاسی و دینی و فەرهەنگییە باڵادەستە بڵێین کە لە پەیوەندیدا بە ژن و بە ژنبوونەوەوە لە کۆمەڵگاکەدا، ئامادەیە.

بەپێی ئامار ژنان نیوەی زیادی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن، لە چەندان بواری جیاوازی ژیان لەو کۆمەڵگایەدا ئامادە و چالاکن، ڕۆڵی جیاواز لەناو کایە و بواری جیاوازدا دەبینن، بەڵام هاوکات ژمارەیەکی گەورەی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا وەک بوونەوەری کەمتر لە پیاو و نوقسان و کەمنرخ دەبینرێن و مامەڵە دەکرێن. فۆرمی جیاواز و هەمەجۆری بێدەنگکردن و چەپاندن و سنووردارکردن و پەراوێزخستنیان ڕووبەڕوو دەکرێتەوە. زۆربەی جار ژن وەک سەرچاوەی فیتنە وێنا دەکرێت، لەشی ژن وەک سەرزەمینی هەموو گوناهەکان و هەموو تاوانەکان و دەبینرێت و مامەڵە دەکرێت. ئەم لەشە وەک

شوێنێک پێناس دەکرێت کە مرۆڤ تیایدا خودا و پیرۆزی و بەهاکانی لەیاد دەچێت. بۆیە نەفرەتکردن لە جەستەی ژن و هەوڵدان بۆ داپۆشین و غائیبکرنی بەشێکی بەرچاوی ژیانی گشتییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا. هاوکات تا ئەم ساتەش ژن لە دونیای ئێمەدا دەکوژرێت، خەتەنە دەکرێت، بە زۆر دەدرێت بە شوو، لەناوماڵدا دەشاردرێتەوە، لە پیاو جیا دەکرێتەوە.

لە هەمووشی ترسناکتر ئەو ڕاستییەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان ڕۆژانە ڕووبەڕووی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونیی هەمەجۆر دەبنەوە و لە هەندێک دۆخی تایبەتدا تا سنووری کوشتن یان ناچارکردن بە خۆکوشتن، دەڕوات. خوێنەر لەم ڕووەوە دەتوانێت بۆ ئەو نووسینەی من بگەڕێتەوە کە بە ناونیشانی "شڵەژانی پێوانەیی" لە کتێبی "کۆمەڵگا و غەریبەکانیدا" بڵاو بووەتەوە.[٦] لەو کتێبەدا نیشانی دەدەم دیاردەی خۆکوشتنی ژنان چ دیاردەیەکی ترسناک و بەربڵاوە و بە چ شێوەیەک لە شارە گەورەکانی هەرێمدا سەدان ئافرەت ساڵانە خۆیان دەکوژن. ئەگەرچی فۆرمی نوێی پیاوبوون و پیاوەتی و فۆرمی نوێی ژنبوون و ژنایەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەدایک بووە و لەم ڕووەوە

---

٦ . بڕوانە: مەریوان وریا قانع (٢٠١٨). کۆمەڵگا و غەریبەکانی. سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. چاپی یەکەم.

جیاوازیی گەورە و بەرچاو لەنێوان سالانی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییی سەدەی بیستەم و دوو دەیەی سەدەی بیست و یەکەمدا هەیە، بە داخەوە تا ئێستا بە دەگمەن نەبێت دەست بۆ خوێندنەوەی ئەم گۆڕانکارییانە نەبراوە، بەڵام هاوکات تا ئەم ساتە پاتریارکیەت و پیاوسالاری، لە فۆرم و دەرکەوتی کون و تازەدا، ئامادەیە. پەیوەندیی نێوان نێر و مێ و گەورە و بچووک لە دونیای ئێمەدا پەیوەندییەکی تەواو هیرارکی و نایەکسانە و تیایدا فۆرمێک لە پەیوەندیی دەسەڵات ئامادەیە کە فۆرمی "دەسەڵاتێکی خاوەن هەیمەنە"یە. لەم ڕووەوە ڕیفۆرمکردنی ئەم پەیوەندییانە و دەستکاریکردنیان لەپاڵ چەمکەکانی ماف و ڕێز و یەکسانیدا لە ئەرکە سەرەکییەکانی هەموو ئەو تاکەکەس و هێز و گروپانەیە کە بە تەنگ دوارۆژێکی ئینسانی و مافپەروەرانەوەن بۆ کۆمەڵگا و ئینسانی ئێمە.

ئەوەی شوێنی سەرنجدانە ئەوەیە سەرەڕای ئەو هەموو فشار و زۆر بۆهێنان و بێدەنگ و پەراوێزخستنەدا، لە تەنیشت ئەو هەموو شێوازە جیاوازانەی توندوتیژیدا، لە توندوتیژیی جەستەیی و فیزیاییەوە بیگرە بۆ توندوتیژیی رەمزی و دەروونی، کەچی چەندان گوتار ئامادەن باس

لەوە دەکەن کە خێزانێکی کوردی، خێزانێکە پڕ لە میهرەبانی و خۆشەویستی، پڕ لە ناسکی و ڕێز، بێدەرد و بێکێشە، خێزانێک پڕ لە هارمۆنیەت. ئەم گوتارانە جگە لەوەی وێنەیەکی تەواو هەڵەی پەیوەندیی نێوان نێر و مێ و باوک و منداڵەکان و گەورە و بچووک، بڵاو دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا وەزیفەیەکی سەرەکی و بنەڕەتییان هەیە: شاردنەوەی کێشە گەورەکانی ناو خێزان و ڕێگرتن لە دەرکەوتن و باسکردنیان. ئەڵبتە من لێرەدا قسە لە باوک یان پیاوێکی تایبەت ناکەم، قسەم لەم تاکەکەس یان ئەوی تریان نییە، لەوەش دڵنیام چەندان باوک و مێرد و برای میهرەبان و خۆشەویست لەناو خێزانەکاندا بوونیان هەیە. ئەوەش دەزانم لە هەندێک خێزاندا ژن ڕۆڵی پاترارکێکی ترسناک دەبینێت، ئەوەی من دەمەوێت باسی بکەم ئەو مۆدێلە لە هەڵسوکەوتی باڵادەستی ناو خێزان و هەڵسوکەوتی نێرە بەرانبەر بە مێ و گەورە بەرانبەر بە بچووک، کە نادۆست و دژە ژنە و لە هەوڵی سنووردارکردنی هەموو توانایەکدایە کە پەیوەندیی بە ژن و ژنبوونەوە هەبێت: لە سنووردارکردنی ئازادییەکانییەوە بیگرە، بۆ سنووردارکردنی زمان و دەرکەوتن و قسەکردن و جووڵەکانی. بە تێپەڕین بەناو سنووردارکردنی چالاکییەکانی ژناندا و سنووردارکردنی خەون و ئومێدەکانی. وەک گوتم چەندان گوتار هەن هەوڵی

شاردنەوەی ئەو دونیا ناوەکییە خێزانی و فەرهەنگییە دەدەن کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیە. لە ڕاستیدا هەر خودی ئەو گوتارانە هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەندی ترن کە لە فۆرمی ڕقبوونە و نەفرەتکردن لە ژن و یەکسانکردنی ژنبوون بە فیتنە و فریودان و بە ناپاک و بەشەیتانکردنی مێینە کار دەکەن.

یەکێک لە ئاکارەکانی تری ئەم گوتارە دژ بە ژنە ڕقبوونەوەیەکی گەورەیە لە "فێمینیزم و سووککردن و شکاندنی ئەو چالاکەوانە فێمنیستانەن کە لە خەمی گۆڕان و باشترکردنی دۆخی ژناندا. هێرشەکانیان بۆ سەر فێمینیزم و فێمینیستەکان دوو سەرەیە. لە سەرێکەوە هێرشی شەخسی دەکەنە سەر ئەو چالاکەوانانە و زۆر جار بە "ژنی بێپیاو" و "تەڵاقدراو" و "ناشیرین" و شتی دیکەی لەم بابەتە ناونووسیان دەکەن. لە سەرێکی دیکەوە هێرشێکی دینییە کە پێی وایە فێمینیستەکان هێرش دەکەنە سەر خودا و دەیانەوێت ئەوەی خوا دروستی کردووە دەستکاری بکەن. بە کوردییەکی سادەتر: فێمینیستەکان دەستکاری ئیشی خودا دەکەن. هەر دوو هێرشەکەش یەک ژێرخانی فیکری هەیە: قسەکردن لەسەر یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و باسکردن لە بوونی ماف و ئازادی بۆ ژنان،

داهێنراوێکی خۆرئاوایی و ئەورووپییە و پەیوەندیی بە کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچەیەوە نییە، کە لە دیدی زۆرێک لە هێرشبەرەکاندا، کۆمەڵگای ئیسلامین. لای ئەم ڕەخنەگرانە ژن لە پیاو کەمترە و ئەم کەمتربوونەشی پێدراوێکی خواکرد و سروشتییە.

## فێمینیزم چی نییە؟

لە دونیای ئێمەدا چوار تۆمەتی سەرەکی ڕووبەڕووی فێمینیست و و بزووتنەوە فێمینیستییەکان دەکرێتەوە کە هەموویان زۆر بێبنەما و ناڕاستن. فێمینیزم هەرچییەک بێت ئەم چوار شتە نییە:

**یەکەم**: فێمینیزم ڕقبوونە لە پیاو و بێنرخکردنی پیاو نییە. بێگومان دەشێت لێرە و لەوێ ژنێک یان چەند ژنێک بدۆزینەوە ڕقێکی سایکۆلۆژییان لە پیاو بێت، یان هەموو پیاوێک وەک بوونەوەرێکی ناشیرین ببینن، یاخود هەڵگری ئەو فۆرمە ترسناکانە بن لە نارسیزم کە نەک تەنها پیاو، بەڵکوو هەموو دونیای دەرەوەی خۆیان بە کەم و بێنرخ بزانن، بەڵام ئەمە بە هیچ مانایەک ئاکاری ئەو بزووتنەوە فێمینیستییانە نییە کە بەگژ دۆخی خراپی ژنان لە کۆمەڵگادا دەچنەوە. ئاکاری ئەو فێمینیستانەش نییە کە خەون بە

کۆمەڵگایەکی ئینسانیتر و ئازادترەوە دەبینن. زۆرینەی هەرە زۆری فێمینیستەکان بۆ ئەوەی بتوانن شتێک لە کۆمەڵگادا بگۆڕن دەچنە پەیوەندیی هاوپەیمانی و هاوڕێیەتییەوە لەگەڵ پیاواندا. خۆیان لە یەک سەنگەری دەستکاریکردن و چاکسازییکردنی کۆمەڵایەتیدا دەبیننەوە. خاڵێک کە گرنگە لێرەدا هێمایەکی خێرای پێ بکەین ئەو ڕاستییە کۆمەڵناسییە کە ماناکانی ژنبوون و پیاوبوون مانای جێگیر و نەگۆڕ نین، بەڵکوو دروستکراوی مێژوویی و کۆمەڵایەتیین و بە گۆڕانی سەردەم و قۆناغە مێژووییەکان و بە گۆڕانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی مەعریفە و پەیوەندییەکانی دەسەڵات، گۆڕانیان بە سەردا دێت.[٧] لە ڕاستیدا زۆر جار ماناکانی ژنبوون و پیاوبوون پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە چەمکی ئازادی و بڕ و ڕادەی ئازادی لە کۆمەڵگادا هەیە. هاوکێشەکەش بەم جۆرەیە: تا ڕووبەری ئازادی گەورەتر و فراوانتر بێت، شێوازەکانی ژنبوون و پیاوبوون و دەرکەوتنەکانیان هەمەجۆرتر دەبن، هەموویان بۆ یەک شێواز و دەرکەوتی سەپێنراو و باڵادەست، کورت نابنەوە. تا ئازادییش فراونتر

٧. بڕوانە: مەریوان وریا قانع (٢٠١٨). کۆمەڵگا و غەریبەکانی. سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. چاپی یەکەم.

بێت پێداویستیمان به سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ماناکانی ژنبوون و پیاوبوون زیاتر و زیاتر دەبێت. بەڵام بێگومان دەستکاریکردنی ئەو مانایانە کارێکی ئاسان و بێکێشە نییە و نابێت، چونکە ئەو دەستکاریکردنانە هەمیشە بە ناوی کۆمەڵێک ململانێ و پێکدادان و دانوستان و ڕێککەوتندا تێدەپەڕێت. بە دەوری ژنبوون و پیاوبووندا چەندان نۆرم و بەها و خواست و نرخاندنی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دروست کراوە، گەرچی هەندێکجار وەک موقەدەس دەناسرێن، بەڵام دیسانەوە هیچ یەکێکیان نەگۆڕ و ئەبەدی نین. بەڵام بێگومان گۆڕان و دەستکاریکردنی ماناکانی ژنبوون ئاسان نییە، بە تایبەتی گەر ئەو گۆڕانانە بە ئاراستەیەکدا بێت، نەچێتە ژێر چەتری مانا تەقلیدی و وێنە سونەتییەکانی ژنبوونەوە. لە هیچ کۆمەڵگایەکیشدا تەنها یەک وێنە و یەک مانا و یەک فۆرم بۆ پیاوبوون و ژنبوون لە ئارادا نییە، ڕاستە هەندێک "ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی" و هەندێک قەناعات و باوەڕ دەربارەی ئەوەی ژنبوون و پیابوون هەیە، کە باڵادەستن، بەڵام تەنانەت لەناو ئەو ڕێککەوتن و قەناعەتانەشدا ناکۆکی و دیدی جیاواز هەیە. نە ژنبوون و نە پیاوبوون شتێک نین یەکجار دروست و دەستنیشان کرابێت و بۆ هەتاهەتایە بەو شێوەیەش بمێننەوە، بۆیە ڕەخنەکردنی ئەم یان ئەو فۆرمی پیاوبوون ناچێتە قاڵبی ڕقبوونەوە لە پیاو، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ

دۆزینەوەی مانای نوێ و ئینسانیتر بۆ پیاوەتی و پیاوبوون.

**دووهەم**، فێمینیزم بە هیچ مانایەک خۆفرۆشتن بە ئەوروپا و خۆرئاوا نییە، لاساییکردنەوە و گواستنەوەی ئەزموونی ئەم یان ئەو کۆمەڵگای ئەوروپی و خۆرئاوایی نییە، هەوڵی تێکدانی کولتوور و کەلەپووری بەڕەسەنکراوی ئەم کۆمەڵگایانە نییە، بڵاوکردنەوەی غەربزەدەگی و نامۆبوونی کولتووری نییە، بەڵکوو دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی درێژەدان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی پێگەی نزم و نائینسانیانە و خراپی ژنانە لە دونیای ئێمەدا. ئەگەر دۆخی خراپ و نالەباری ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوونی نەبوایە، ڕەنگە شتێک بە ناوی فێمینیزمەوە دروست نەبووایە. لەمەش بترازێت جیهانی ئەمڕۆکە بە ڕادەیەک بەجیهانی بووە و سنوور و کۆمەڵگا و ڕوانین و دیدەکان بەناویەکداچوون و لە یەکتر نزیک بوونەتەوە، ئەو جیاکردنەوە شاقوڵییەی لە دونیای ئێمەدا لەنێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵات، ئێمە و ئەوانی تردا ئەنجام دەدرێت، جیاکارییەکی ساختە و نالەبارە، زۆر جار سەدبارەکردنەوەی کۆمەڵێک دۆگمای فیکرییە کە سەر بە سەدە کۆنەکانی مێژووی فیکر و بیرکردنەوەن و ڕۆژگارێکی درێژیشە بەر ڕەخنەی فیکری و سیاسیی

هەمەلایەن دراون.

**سێهەم:** فێمینیزم دژایەتیکردنی دین وەک دین و باوەشکردنەوە بۆ کوفر و بێدینی نییە. زۆر جار ئەوانەی دژایەتی فێمینیزم دەکەن، وەک فیکر و بزووتنەوەیەکی دژەدین وێنای دەکەن، بەڵام ئەم دیدە نە مێژووی فێمینیزم وەک بزووتنەوە لە ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپادا دەیسەلمێنێت، نە وەک مێژووی فیکر. لە دونیای موسڵمانان‌دا دەیان دەنگی فێمینیستی هەیە کە دین وەک سەرچاوەیەک بۆ ڕوانینی فێمینیستیانە بەکار دەهێنن و لە ڕێگای دینەوە بەرگری لە ماف و ئازادیی ژنان و یەکسانبوونیان بە ژنان دەکەن. لە دونیای ئیسلامدا ژنانی وەک ریفات حەسەن و ئەسما بالاد و ئەمینە وەدود بەرگری لە چەمکی "فێمینیزمی ئیسلامی" دەکەن.[8] بەڵام "فێمینیزم، وەک زۆر بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دیکە، بە ڕەوتە دینی و نادینییەکانییەوە، دژ بەو فۆرم و لێکدانەوە دینییانەیە کە دژ بە ژن و بە ئازادی و بە فیکرەی یەکسانیی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکدا.

**چوارەم:** فێمینیزم فیکر و ڕوانینێک نییە کە پێگە و نرخی

---

٨ . بۆ فێمینیزمی ئیسلامی بڕوانە: *Badran, Margot. "Islamic feminism: what's in a name? Islamic feminism is on the whole more radical than Muslims' secular feminisms". Al-Ahram Weekly Online.* 17–23 January 2002, Issue No.569.

ژن لە پێگە و نرخی پیاو، بەرزتر بزانێت. ڕەنگە لێرە و لەویَ، ئەم یان ئەو فێمینیست بوونی هەبێت، کە پێی وا بێت ژنان بوونەوەرێکی ڕەسەنتر و گرنگترن لە پیاو، بەڵام زۆرینەی هەرە زۆری فێمینیست و بزووتنەوە فێمینیستییەکان هەڵگری ئەم جۆرە باوەڕە نین. ئەوەی ئەوان بەرگری لێ دەکەن یەکسانیی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکدا.

فێمینیزمەکان دژ بەو سنوورە زۆر فراوانەن کە بۆ ژنان و بۆ ژنبوون دادەنرێن. سنووری کۆمەڵایەتی و سیاسی، سنووری دینی و ئەخلاقی، سنووری ئەتنی و ناوچەیی، سنووری چینایەتی، هتد... چونکە هەریەکێک لەم سنوورانە بەشدارە لە سڕینەوەی بیرۆکەی یەکسانیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا و لە بچووککردنەوەی سنووری ئازادیی ژناندا، لەڕووی مێژووییشەوە هەموویان وەک بەشێک لە بونیادێکی پاتریارکی، کاریان کردووە و لە ئێستاشدا کار دەکەن.

## دەرنجام

دواهەمین قسەیەک بمەوێت لە کۆتاییی ئەم نووسینەدا بیکەم پێداگرتنە لەسەر ئەو خاڵەی کە ڕق ژێرخانی زۆربەی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و جێندرییەکانی دونیای ئێمە دەستنیشان دەکات. ڕقی سیاسی، ڕقی کۆمەڵایەتی و ڕقی جێندەریی فۆرمی باڵادەستی پەیوەندین لە دونیای ئێمەدا. لە پەیوەندیدا بەم نووسینە و بە مەسەلەی فێمینیزمەوە لە دونیای ئێمەدا، ڕقی هێزە سیاسییەکان بەگشتی و ڕقی ئیسلامییەکان بەتایبەتی لەم بزووتنەوە فێمینیستییە تەواو بەرچاوە. ڕقێک کە بە زمانی جنێودان و شکاندن و ئیهانەکردنێکی ڕووت و دانەپۆشراو دەدوێت و لە ڕووبەری گشتیدا خۆی نمایش دەکات. هەموو ئەمانە لە دۆخێکدا ئەوەی مرۆڤی ناو ئەو دونیایە پێویستی پێیەتی، خۆشەویستییە. وەک جودت بوتلەر دەڵێت: ئێمە پێویستمان بە جیهانێکە بتوانیان ئاسانتر تیایدا یەکتریمان خۆشبوێت.

ئەمستردام

ئەیلولی ٢٠٢١

**تێبینی:** ئەم بابەتە یەکەم جار لە ٢٥ی ئەیلوول ٢٠٢١ لە ماڵپەڕی ژنەفتن بڵاو کراوەتەوە

# ژنانی کورد و فێمینیزم



هاوژین زیبا

خەباتی ژنان و هەوڵەکانی ژنان لەپێناو ئازادی و ڕزگاربوون لە کۆتوبەندی پیاوسالاری مێژوویەکی زۆر دوور و درێژی هەیە بە درێژاییی ژیانی مرۆڤایەتی و دروستبوونی شارستانییەتەکان ژنان بەرانبەر بە ستەم و توندوتیژییەکانی دەسەڵاتی پیاوسالاری بێڕۆڵ و کاریگەر نەبوون و بەئاسانی ئەم زیهنییەتە نەیتوانیوە ببێتە کولتوور و سیستەمی کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەی هەموو دەزگا، سیاسەت، بیر و باوەڕ و ئایینە تاک خوداییانەی ڕەوایەتی بەم زیهنییەتە داوە و بەردەوامن، بەڵام هێشتا ژنان لە هەوڵدان دانەبڕاون و هەمیشە کاریان کردووە بۆ شکاندن و ڕاستکردەوەی هەڵەکان کە بەرانبەریان کراون و دەکرێن لە جیهاندا و ئەگەر ژنانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە نموونە وەربگرین، ئەو بزووتنەوانەی کە لە ماوەی سێ نەوەی یەک لەدوای یەک لە دەیەی ١٨٥٠ تا دەیەی ١٩١٠، بوونیان هەبوو، بەگوێرەی بارودۆخی سەردەمەکانیان ئامانج و پلان و پرۆگرامی تایبەت بە خۆیان هەبوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک سەبارەت بە خراپی دۆخی ژنان. لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجێکی بنەرەتی هەموو چالاکوانان بە یەکەوە دەبەستێتەوە کە ئەویش: ژنان

دەبێت ئامانجی خۆیان هەبێت لە ژیانیاندا و توانای بڕیاردان و کۆنترۆڵکردنی خۆیان و ژیانیان لە دەستی خۆیاندا بێت. ئەم داواکارییە سەرەتاییە بنەڕەتییانەی ژنان لەو مێژووەوە کە دەستی پێ کردووە تا ڕۆژی ئەمرۆش کە لە سەدەی ٢١دا دەژین ناتوانین بڵێین لە بەشێکی بچووکی ئەم سەرزەمینەشدا ژنان گەیشتبن بە ئەو ژیانەی کە سەربەخۆ و ئازاد بن و ژن بوونیان نەبێتە بەربەست لە بەردەم کارەکانیان یان ڕەفتار و خواستەکانیاندا.

لە هەرێمی کوردستان ژنانێکی زۆر ماندوون و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان و باشترکردنی ژیانی ژنان دەدەن و بەرهەمیشیان هەبووە. بۆ نموونە ئەوەی کە ئێستا ئێمە دەتوانین لە هەندێک ڕووەوە باشتر بژین لە نەوەی پێش خۆمان بەرهەمی هەوڵەکانی ژنانە، نەک ئەوەی دیارییەکی دەستی پیاوان بێت و بە ژنان بەخشرابێت. لەگەڵ ئەوانەشدا هەوڵەکانی ژنان بەبێ رەخنە نین و ناتوانین بڵێین کاری زۆر باش کراوە، بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە. بە بڕوای من هۆکارێکی سەرەکی دەگەرێتەوە بۆ ئاشنا

نەبوون بە فێمینیزم و چەمکی فێمینیزم و دروستبوونی کەسایەتی فێمینیست لەناو ژنانی کوردستاندا.

فێمینیزم لە کۆمەڵی کوردیدا نوێیە، وەک چەمک لە لای کورد، چوار دەیەیە کاری پێ دەکرێت و پێشتر بە ئەدەبیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان نائاشنا بووە. جۆرێک ناتێگەیشتن لەم چەمکە دەبینین، سیستمی پیاوسالاری چەمکی فێمینیزم وەک فیکرەکەی بە بزووتنەوەیەکی دژەپیاو پێناسە دەکات لە حاڵێکدا بە پێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەیەوە فێمێنیزم دژ بە زیهنییەتی پیاوسالاری و ئیمتیازەکانی پیاوسالارییە کە بەخشراون بە پیاوان بۆ پەراوێزخستنی ڕۆڵ و کەسایەتیی ژنان.

یەکێکی تر لە کێشەکانی بەردەم بزووتنەوەی فێمینیستی لە کوردستان کێشەی تیۆرییە. بەو مانایەی فێمینیزم و بزووتنەوەی فێمینیستی لە کوردستان لە هەژاری تیۆریدایە و ژنانی کۆمەڵی کوردستان نەیانتوانیوە خۆیان وەک بزووتنەوەیەکی گشتگیر و بەهێزی فیکری بخەنە ڕوو و تەنانەت لەوەش دەترسن بە خۆیان بڵێن فێمینیست، لە کاتێکدا فێمینیست بوون واتای ناڕازی بوون بەو ژیانە

سەپاوەیە کە ژنان تیایدا بێناسنامە و بێکەسایەتیی سەربەخۆن.

بەشێک بڕوایان وایە مادام فێمینیزم و قوتابخانە فێمینیستییەکان بەرهەمی بیری ژنانی ڕۆژئاوایە، کەواتە ئەم بیرۆکەیە ناگونجێت لەگەڵ کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردستاندا! کەسانێکیش هەن کە هەر لە بنەڕەتدا پێیان وایە سرووشتی ژن بۆ ئەوە نابێت هەموو ئەو ماف و دەرفەتانەی پیاو هەیەتی پێی بدرێت. ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەش بەشێکی لە ئایینی ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێت. جیا لەمانەش کەسانێک هەن کە پێیان وایە مافی یەکسانیی ژن لەگەڵ پیاو دژایەتی هەیە لەگەڵ کۆمەڵی کوردستان چونکە ئایینی ئیسلام لەم کۆمەڵگایە پێڕەو دەکرێت و داخوازی فێمینیستەکان و مافی یەکسانی دژایەتی لەگەڵ هێڵە سەرەکییەکانی دینی ئیسلام هەیە، چونکە بە بڕوای ئەوان ئایینی ئیسلام هەموو مافێکی یەکسانی بەخشیوە بە ژنان و پیاوان!

ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکەش وای کردووە هەستی ناڕازی و هەوڵەکانی ژنان دژ بە زیهنییەتی پیاوسالاری و سیستەمی باڵادەستی نێرانە لەناو کۆمەڵ و دابونەریت، سیاسەت، زمان، میدیا و حزبەکاندا زۆر بەهێز نەبێت و هەوڵەکانی ژنان لە چوارچێوەی چالاکی و یادکردنەوەی بۆنەکان و بەشداری کردن لە کۆڕ و سمینارەکاندا بمێننەوە و نەبن بە ڕێگەچارەیەکی ڕیشەیی بۆ چارەسەری دۆخی ژنان و دروستکردنی ژیانێک کە مرۆڤەکان تیایدا ئازاد بن و ژنان خاوەنی کەسایەتی و ناسنامەی سەربەخۆی ژن بوونیان بن.

**تێبینی:** ئەم بابەتە یەکەم جار لە ٢٧ی تەمووز ٢٠٢١ لە ماڵپەڕی ژنەفتن بڵاو کراوەتەوە

# وەهمی مەعریفە:

## بەکلێشەبوون وەک ڕێگرێک لە بەردەم بەرهەمهێنانی مەعریفەدا



عەدنان حەسەنپوور

ئیتر هەموومان دەزانین ماکە بنەڕەتییەکەی ئەم کێشە سەرتاپاگیرەی مرۆڤ بریتییە لە بەئۆبژەبوونی ژن لەناو مێژوودا و سووژایەتیی لەبرانەهاتووی پیاو، بەڵام ئایا ئەم تێگەیشتنە توانیویەتی ناخگیر بێت و بچەسپێت، یان تەنها ڕستەیەکی باوە کە سەرەڕای تەمەنی کەمی -لانیکەم لە لای ئێمە- زۆر خێرا بۆتە کلێشەیەک کە وەک هەموو کلێشەکانی تر بەردەوام دووپات ئەکرێتەوە بەبێ ئەوەی زێدەکەوتەیەکی حەقیقیی بەرچاو و کاریگەری لێ بکەوێتەوە؟ ئاخۆ ئەم ڕستەیە و هەموو ڕستە هاوشێوەکانی بوونەتە بنەمای مەعریفە و هۆشیارییەکی حەقیقی یاخود هێندە ڕوون و ئاشکرا ئەنوێنن کە لەخۆڕا پێمان وایە ئاوا پێگەیەکیان وەرگرتووە و بوونەتە بەشێک لە کۆی پرۆسەی بیرکردنەوەی ئێمە؟ واتە ئایا بۆمان هەیە بیر لەوە بکەینەوە کە ئەم تێگەیشتنە تەنها لە ئاستی زانیاریدا ماوەتەوە و هێشتا نەبۆتە مەعریفە؟

ئاساییە بۆ نرخاندن و دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە ناچار بین بە دوای شێوازی بەرجەستەبوونەوەی ئەم گوزارەیە لە دەرکەوتە عەینییەکانی هەڵگرانی گوزارەکەدا

بچین. ئەو دەرکەوتانە دەشێت لە چەندین بواردا خۆیان نیشان بدەن، لە دونیای نووسینەکانەوە تاکوو دەربڕینە زارەکییەکان و لەوانەیش گرنگتر، شێوازی دەرکەوتنیان لە هەڵسوکەوتی باوەڕدارانی ئەو ئایدیایەدا. چونکوو زۆر جار بۆشاییەکی گەورە لەنێوان باوەڕی ڕاگەیەنراو و کرداری بینراودا بوونی هەیە کە دەشێت بەڵگە بێت بۆ سەلماندنی ئەو گومانەی لە دووتوێی پرسیارەکەدا گریمان کراوە. ئاشکرایە کاتێک باس لە کردار دەکرێت بەتەنها مەبەست کرداری ڕۆژانەی تاکەکان نییە، بەڵکوو لەوەش سەرتر، مەبەست چۆنێتی و شێوازی کاریگەریدانانی ئەو پرۆسە هۆشیاری خولقێنەیە کە ئەگەر پرۆسەیەکی حەقیقی بێت، دەبێ هێندە ناخگیر و پتەو بێت کە بتوانێت کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ -وەک دیاریکردنی باش و خراپ، داوەریکردن لەسەر ڕووداوەکان، پێشنیارەکان، میتۆدی پەروەردە، ڕێکخستن و...- هەڵتەکێنێت و سەرلەنوێ بیاننەخشێنێتەوە. واتە لە پاش دەستەبەرکردنی هۆشیاری و مەعریفەی تازەوە ئیدی کۆی جیهانی بیرکردنەوە و بەو

پێیەش بەستێنی بەکردارکردنی تێگەیشتن، دەبێ بەپێی ئەو هۆشیارییە دابڕێژرێت.

کاتێک باس لە بۆشایی نێوان دەرکەوتەی زمانی و دەرکەوتەی عەینی و بەرهەست دەکەین مەبەستمان چییە؟ هەر لەم ڕۆژانەدا خانمەچالاکێکی بواری مافەکانی ژنان کە تا ڕادەیەک وەک قەڵەمێکی جیدی دەرکەوتووە، یان لانیکەم لای بەشێکی خەڵک وەها وێنایەکی بۆ خۆی دروست کردووە، لە پەیجێکی خۆیدا گۆرانییەکی هاوبەش کردبوو. لە لۆژیکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەرچەشنە هاوبەشکردنێک پێشنیارێکە بۆ هەموو بەردەنگەکان کە من ئەم بەرهەمە بە کارێکی باش و بەنرخ دەزانم و پێم باشە هەمووان ببینن و ببیسن و بیخوێننەوە. ئەو گۆرانییە لە ئەلفی سەرەتایەوە تا یای کۆتایی دژەژن و سێکسیستی بوو، کەچی خانمەچالاکێک شەیری کردبوو!! هەر هەمان کەس لە وتارێکی شوێنێکی تردا یەک وشەی دیتبوو کە وا دەردەکەوت سووکایەتییەکی بە ڕەگەزی ژن تێدا بێت و گومانەکەیشی زۆر نارەوا نەبوو، هەر بۆیە هەڵیکوتابووە سەر وتارەکە و خستبوویە بەر ڕەخنەی قورسەوە. ئێستە

پرسیارە زۆر سادە و ساکارەکە ئەوەیە کە ئەمە چ سڕێکە لە وتارێکدا کە بابەتەکەیشی ژن نییە، یەک وشەی نابەجێ ئەدۆزرێتەوە بەڵام لە گۆرانییەکی موبتەزەلی بەئاشکرا دژەژندا کە سەرتابەری وێناکردنی ژنە وەک ئۆبژەی سێکسواڵیتەی پیاو، نەتەنها کارەساتە قووڵەکە نابینرێت بەڵکوو وەک بژاردەیەکی باش دەخرێتە بەردەم بەردەنگەکانیشەوە؟!

لەم نموونانە، پیاوانە و ژنانەی، کەم نیین. لەوە گەڕێین کە بەشی هەرەزۆری پیاوانی توێژی دەستەبژێر هێشتا نغرۆی ناو دونیای پیاوانەن و بە پێچەوانەی قسە زارەکییەکانیان لە کردەوەدا ژن وەکوو ئۆبژەیەک سەیر دەکەن. بێگومان ئەمە هیچ پاساوهەڵگر نییە بەڵام ڕەنگە زیاتر لە نموونە ژنانەکان قابیلی تێگەیشتن بێت کە بۆچی وایە (ئاشکرایشە کاتێک دەڵێین لێی تێ دەگەین بەو واتایە نییە کە شەرعییەتی پێ دەدەین). خاڵە کارەساتبارە هەژێنەرترەکە ئەو کاتەیە کە هاوشێوەی ئەم لێکەوتە نەشیاوانە لای ئەو ژنانە دەبینین کە وا دەردەکەوێت بە ئاستێک لە هۆشیاری بەرانبەر بە

پرسی ژن گەشتوون و جڵەوی جووڵاوەنەوەی ژنانەیان گرتۆتە دەست و چاوەڕوانییەکە ئەوەیە کە لەم بوارەدا کۆمەڵگا ئاراستە بکەن. گەلێ ژنەچالاکمان هەن ئێستەیش بە ئاسانی دەتوانن ببنە کۆیلەی پیاوێک، ئەو کاتەی ناوی دەنێن «ئەشق» و دیاردەیەکی ناشیرین بە وشەیەکی تەفسیرهەڵگر جوان دەکەن و پاساوێکی بە ڕواڵەت ڕەوا بۆ کۆیلایەتییەکەیان دەدۆزنەوە.

کە وایە بە تەواوی ڕەوایە گەر بپرسین ئەم درزە گەورەیە چییە کە لە باتیی تێگەیشتنی قووڵ و ڕادیکاڵ تەنها قسەلۆکی توندئاژۆیانە دەبیسین؟ چۆنە کە نزیکبوونەوەی دژبەیەک و سەرسامکەر لە ئاست هەندێ دیاردەی هاوشێوەدا دەبینین؟ بزووتنەوەی ژنانی کۆمەڵگای ئێمە لە ئاستی سەلبیدا، واتە لە ئاستی بەرجەستەکردنەوەی ستەمی دژ بە ژناندا، تا ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەری داناوە و توانیویەتی ستەمکاربوونی سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا پیشان بدات، بێگومان ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە و بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی بنەبڕکردنی نایەکسانیی ڕەگەزی. بەڵام لە ئاستە

ئیجابییەکەیدا، واتە خستنە بەردەستی ڕێڕەوێکی فیکری-کرداری بۆ بەرهەمهێنانی سیستەمێکی ناستەمکاری یەکسانیخواز، کەمتر توانیویەتی سەرکەوتوو بێت. ناتوانین بڵێین هۆکاری ئەم دیاردەیە تەنها لە تاکە شتێکدایە، یاخود ناتوانین بەتەنها دەست بکەین بە لۆمەی «تاک»ـەکان و گرێی بدەینەوە بە کاڵوکرچبوونی ڕووتی کەسەکان خۆیانەوە. وەرگرتنی ئاوا هەڵوێستێک دوورمان دەخاتەوە لە تێگەیشتن لە حەقیقەتی کێشەکە و ناهێڵێ ڕەگە قووڵە بنەڕەتییەکانی لە شوێنکاتە جیاجیاکانی ژیاندا -لە دەروونی تاکیمانەوە تا سەردەمە دوور و نزیکەکانی مێژوو و تا پرسی دەسەڵات و...- بدۆزینەوە. بەڵام بەدەر لە گەڕان بەدوای هۆکارەکاندا کە گرنگترین پرسی بەردەممانە، سەرەتا دەبێ لە بوونی خودی کێشەکە تێبگەین و پێناسەیەکی بۆ بکەین. دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە بەشی هەرە زۆری ئەو گۆڕەپانەی ناوی «بزاڤی داواکردنی مافەکانی ژنان»ـە، لە کەم بنەماییەکی مەعریفی و زانستیی جیدیدا دەژی و هێشتا نەیتوانیوە بە تەواوی ببێتە خاوەنی پاشخانێکی فیکریی تۆکمە. هەر بۆیەشە لە دووتوێی ئەم

جووڵە کۆمەڵایەتییەدا -وەک ئەو نموونەیەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد- زۆر جار پارادۆکس و پێکەوە نەگونجانی ڕەهەندەکان دەبینین. هەر ئەم بێپاشخانییەشە نەیهێشتووە بزووتنەوەی ژنان لە ئاستە ئیجابییەکەدا هەنگاوی کاریگەر و تۆکمە هەڵ بگرێت، چونکوو بە بەراورد لەگەڵ پەردەهەڵماڵیندا لە ستەمکاری، دەستنیشانکردنی ئەڵتەرناتیڤی گونجاو بۆ دۆخی نەگونجاو پێویستی بە ئاگایی و زانایییەکی زۆر گەورەترە. بە ڕێژەیەکی کەمی هۆشیارییەوە دەتوانین ستەم دەر بخەین و ستەمکار ڕیسوا بکەین، بەڵام گەڵاڵەکردنی جێگرەوەیەک بۆ ستەمکاری بە هەمان ڕێژەی هۆشیارییەوە، کارێکە نەکردە و مەحاڵ. هەر خودی جیاکردنەوەی ئەو دوو ئاستە لە یەکتر هەڵەیەکی زۆر مەترسیدارە، چونکوو ئاوا جیاکارییەک، با شاراوەیش بێت، لە خۆیدا جۆرێکە لە قبووڵکردنی پارچەبوونی بزووتنەوەکە بەسەر دوو جەمسەری سەربەخۆدا، لە حاڵێکدا کە ئەم دابڕاندنە دوورە لە حەقیقەت و دەبێ هەردوو جەمسەرەکە لە پێوەندییەکی دیالێکتیکی و لە دووتوێی پرۆسەیەکدا پێناسە بکرێن. هەرچەشنە پەردەهەڵماڵینێک لە ستەم دەبێ بە ئاڕاستە و بە مەبەستی

پێشنیارکردنی دۆخێکی وێناکراوی بێستەمکاری گەلاڵە بکرێت، ئەگینا هەوڵەکە یان بە تەواوی نەزۆک و بێبەرهەم دەمێنێتەوە یان لە باشترین حاڵەتدا تا شوێنێکی سنووردار دەچێت و لەو سنوورەدا قەتیس دەمێنێت.

ئەو دونیا و مێنتاڵیتییەی لەناو مێژوودا دروست کراوە و دەشێت ناوی «دونیای ژنانە»ی لێ بنێین، هاوشێوەی هەمان دونیا هاوتەریبە دژەکەی کە «پیاوسالاری»یە، هێندە بەتەمەنە کە لۆژیکی نییە گەر چاوەڕێ بین لە ماوەیەکی کورتی چل پەنجا ساڵەدا بە یەکجارەکی بسڕێتەوە، بەڵام ئەمە پاساو نییە بۆ نەدیتنی ئەو هۆکارانەی لەمپەرن لە بەردەم خێراترکردنەوەی ڕەوتەکەدا. دونیای دروستکراوی ژنانە کە بەردەوام هەوڵێکی گەورە لە ئارادایە بۆ وێناکردنی وەک شتێکی جەوهەری و سروشتی و بەشێک لە سروشتی ژنانە، وەک وترا بەردەوام خۆی بەرهەم دێنێتەوە. ئەڵبەت ئەم جارە هەوڵەکە ئەوەیە فۆرمێکی تازەی پێ ببەخشرێت کە هەندێ جار فۆرمێکی ڕازاوەیە و هەر ئەم ڕازاوەییەیش تا ڕادەیەکی زۆر ئیمکانی

ناسینەوەی ئەستەمتر دەکاتەوە. هەر خودی خۆڕازاندنەوەی ژنان کە لە دونیای مۆدێرندا گەلێ قوووڵتر و بەرفراوانترە لە نموونە هاوشێوە کۆنەکەی، لە جەوهەردا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوەی پێشوودا نییە. هەردووکیان بە ئاڕاستەی بەکاڵاکردنی ژن و گۆڕینی بۆ بەرهەمێکی پەسەندکراوی پیاودا کار دەکەن. بە ڕواڵەت وا دەر دەکەوێت کە ژنان توانیویانە بە شێوەیەکی بەرچاو خۆیان لەژێر ڕکێفی نێرینە دەر بێنن و دەسەڵاتی جەستەی خۆیان بگرنە دەست. ئەم تێگەیشتنە لاواز و ڕواڵەتییە لەوێدا کورت دەهێنێت کە پیاو بەرکورت دەکاتەوە بۆ نێرینەکانی ناو بنەماڵە و غافڵە لەوەی دواجار ئەمە هەوڵێکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نێر لە واتا گشتییەکەیدا و ڕێک بە ئاڕاستەی مەیلی ڕەگەزی نێردا خۆی گەڵاڵە دەکات. لەم پێشکەوتنە وەهمییەدا دیسانەوە هەر مەیلی پیاوانەیە کە ڕەسەن و پێوەرە بۆ دیاریکردنی «ژنی باش» کە هەمان «ژنی جوان»ـە، واتە هێشتا جوانێتیی ژنە کە گرێژەنەی پەسەندکردن و دانپێدانانە. تەنانەت دەتوانین هەنگاوێک ئەولاتریش بچین و بڵێین ژنی هەنووکە زیاتر لە ژنی ڕابردوو گیرۆدەی مەیلی پیاوانەیە و بەکاڵابوونێکی

زیاتریش دەژی، چونکوو لە چەندین ئاستدا ئیمکانەکانی بەکاڵاکردنی زیادیان کردووە؛ ئێستە سنوورەکانی «خۆگۆڕین» تا ئەو شوێنە چووە کە دەتوانن سەرتابەری جەستەیان بخەنە بەر نەشتەرگەرییەکی مۆدێرنەوە، پرۆسەیەک کە ناوی «جوانکاری»ی لێ نراوە و لەژێر ئەم ناوە دڵڕفێنەدا نەتەنها کراوەتە شتێکی قبووڵکراو بەڵکوو تەنانەت بۆتە بەشێک لە مافە بنەڕەتییەکانی ژنان!

وەک دیارە بندەستبوون و ئۆبژەبوونی ژنان هێشتا هەر بەهێزانە درێژە بە ژیان دەدات و چەندەها ڕێگا و میکانیزمی تازەیشی بۆ خۆشاردنەوە و قەبڵاندنی حەقیقەتی وجوودیی خۆی دەستەبەر کردووە کە لە ڕابردوودا لە بەردەستیدا نەبووە. لەژێر ئەو سیما مۆدێرن و بەهەیبەت و شەوکەتەی ژنانی سەر گۆڕەپانە گشتییەکاندا ڕۆحێکی تەسلیم و خۆبەکەمزان خۆی شاردۆتەوە کە زیاتر لە ڕۆحی دایکەکانمان دیلی دەستی پیاوە. دەبوو ئەم ڕۆحە لانیکەم لای ژنەخەباتکارەکانی بواری ژنان بەدی نەکرایەت و پرۆسەی هۆشیاری توانیبای جەمسەرە سەلبییەکەی

دەرخستنی ستەمکاری تێ بپەڕێنێت و بیرکردنەوە و ئەکتی ڕادیکاڵی ژنانە بەرهەم بهێنێت. بێگومان لە خۆیدا هیچ ئاسایی نییە ژنێکی چالاکی خاوەن مێژوویەکی باشی نووسین و خەبات دواجار ببێتە پاشکۆ و پاساودەری نێرسالارترین پارتی هەرهەموو کوردستان و بگرە ناوچەکە و ئەم «دژەئەکت»ەی خۆیشی بە بوێرییەوە تیۆریزە بکات! ئەگەر کەسێک بیهەوێ هۆکاری ئەم ڕووداوە و هەموو ڕووداوە هاوشێوەکانی، کە مخابن کەمیش نیین، بەتەنها بگەڕێنێتەوە بۆ تایبەتمەندییە لاوازەکانی کەسایەتی و وەک بابەتێکی کەسی و تاکی پێناسەی بکات، نەک هیچ لە بنەچەی کێشەکە تێنەگەیشتووە بەڵکوو خەریکە یارمەتیی درێژەپەیداکردن و بەردەوامبوونی ڕەوتی پاشکۆیەتیی ژنانیش دەدات.

ژنانی هۆشیار پێش هەر شت و کەسێکی تر پێویستیان بە تێگەیشتنی حەقیقی و ناخگیر و ئینجا لەقاودانی ئەو هۆکارانەیە کە ئەم لێکەوتانەی لێ دەکەوێتەوە. هەتا ئەم کارە نەکرێت ئەگەری ڕوودانەوەی ئەو ڕووداوانە و بەرهەمهاتنەوەی ئەو دونیایە نەتەنها لە ئارادا دەبێت بەڵکوو

تەنانەت گەورەترین ئەگەریش دەبێت. حاشاهەڵنەگرە کە ئاوا هەوڵێک پێویستی بە بوێرییەکی گەورەیە، چونکوو ململانێیەکە نەتەنها لەگەڵ مێژوویەکی چەندهەزار ساڵەدا بەڵکوو لەگەڵ خودی وجوودی و زێهنیی خۆیشیاندا. بەڵام مادام ئەم بەرنگاربوونەوەیە زەرووریيە ئیدی بۆمان نییە لەژێر هیچ ناوێکدا پاساو بهێنینەوە بۆ غافڵبوون لێی. نەپەرژانە سەر ئەم کارە کە گەورەترین هەوڵی ڕادیکاڵە بۆ بنەبڕکردنی ستەمی دژ بە ژنان، لەخشتەبردن یان لانیکەم نەزۆککردنی کۆی خەباتی ژنانەی لێ دەکەوێتەوە.

لێرەدا بابەتەکەی ئێمە پرسی ژنانە، ئەگینا ئەم خەساری خۆدزینەوە یان تێنەگەیشتنە لە ڕاستیی بابەتەکان، لە چەندین ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تریشدا ڕەنگی داوەتەوە و ڕەنگە بتوانین بڵێین «خۆقوتارکردن لە بیرکردنەوە و ئەکتی ڕادیکاڵ» پەتایەکی کوشندەیە بەشێکی هەرەزۆری بەستێنی گشتیی ئێمەی گرتۆتەوە (لە ڕاستیدا ئەم خەسارە جیهانگیر و زۆر بەربڵاوتریشە لەوەی وێنای دەکەین)، کەم نیین ئەوانەی خۆیان لە سیاسەت دەدزنەوە

و پێیان وایە کێشەکە تەنها لە کولتووری کۆمەڵگادایە، تەنانەت کەسانێکمان هەن پێیان وایە مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی جوانیناسی و ئەشقەوە بە ڕزگاری دەگات! ئەمانە هەموو دەرکەوتە جیاوازەکانی مێنتاڵیتییەکی هاوبەشن کە بۆتە هۆی دابەزاندن و دابڕاندنی بابەتەکانی پێوەندیدار بە مرۆڤەوە لە حەقیقەتی وجوودیی خۆیان و لەوێشەوە پێشنیاردان و گرتنەبەری هەندێ ڕێکار و میکانیزمی کورتبڕ و ناتەواو بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی سەرتاپاگیر و بونیادی. ئێستە ڕەنگە بتوانین لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسەدا وەڵامێکیش بۆ پرسیاری هۆکاری خۆقوتارکردنی ژنان لە دەستەواژەی «فێمێنیزم» بدۆزینەوە. سانتیمانتاڵیزەبوونی بەستێنی گشتی و زاڵبوونی فۆبیای بیر و کرداری ڕادیکاڵ یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم هەڵاتن و خۆگێلکردنە، هۆکاری ئەمەش بە ئاستی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی «زانیاری» بەسەر «مەعریفە»دا. واتە زانیارییەکان لە ئاستێکی گشتی و ڕووکەشدا ماونەتەوە و نەیانتوانیوە ببنە ماتریاڵی بیرکردنەوەی ڕەسەن و قووڵ. سروشتی زانیاری بە جۆرێکە کە ناخگیر نابێت و لەوپەڕی خۆیدا دەبێتە کۆمەڵێک

کلێشەی بە ڕواڵەت جوان بەڵام بە ناوەڕۆک ناکاریگەر و نەزۆک. هەر بۆیەشە خۆبەکۆیلەکردنی ژنان هەر بەردەوامە، تاکە جیاوازییەکەی ئەوەیە کە پێشتر حاشای لێ نەدەکرا و ئێستە حاشای لێ دەکرێت. بەکۆیلەبوونی ژنێک لەژێر ناوی «ئەشق» یان هەر ناوێکی تردا بچووکترین جیاوازیی لەگەڵ «شووکردنی سەربەهەوێ»دا نییە و هەرچەندیش بە دەستەواژەی جوان و ڕازاوە بشاردرێتەوە، دواجار هیچ لە حەقیقەتی تەسلیمبوون بە دونیای پیاوسالارانە ناگۆڕێت. تا ئێستە توێژینەوەیەکمان نەبووە لێکۆڵینەوەی ستەمکاربوونی ئەو وێنایەی چەمکی ئەشق بکات کە مێژوویەکی دووردرێژی پیاوانە پشتگیریی دەکات و دونیای ئەدەبیاتی ڕابردوو و ئێستاشی تەنیوە، هەوڵێکی جیدیمان نەدیوە غیابی ڕەهای ئەقڵ لەو چەمکەدا بکاتە گرفت و پرسیار، سیمینارێکمان نەبەستووە ئاوڕ لە پیرۆزایەتیی بێمانای ئەو کوێروکەڕبوون و دواجار توانەوە و مردنەی ئاشق و مەعشووق بداتەوە کە وەک ڕووداوێکی بەرزەجێیانەی ڕزگاریبەخش پێناسە کراوە و دەستکاریکردنی بە کوفرێکی گەورە لە ئەژمار دراوە.

نەبوونی ئەم هەوڵانە مانای ئەوەیە هەر لە بنەڕەتدا بیر لەم باسانە نەکراوەتەوە و بە کێشە نەزانراوە، واتە هەر چۆن هاتووە بە هەمان شێوە قبووڵ کراوە و ئیمزای بۆ کراوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لانیکەم لە بەشێکی ژینگەی هەنووکەیی ئێمەدا جەمسەرێکی گەورەی بەرهەمهاتنەوەی کولتووری پیاوسالار لەم چاوگەوە تێرئاو دەبێت.

ئەگەر ئەم پێرستە درێژە پێ بدەین بە دەیان بابەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و دەروونیی دیکە دەدۆزینەوە کە بەدەگمەن و کورتبڕانە نەبێ هیچ کات نەبوونەتە بەشێک لە کەڵکەڵەکانی خەباتی ژنان بۆ نەهێشتنی ستەمکاری، کەچی ستەمکاریی ڕەگەزی بەشێکی دانەبڕاوی هەموو ئەو سیستەم و پێکهاتانەیە کە کۆمەڵگا بەڕێوە دەبەن. لێرەوە پێویستایەتیی تێگەیشتنێکی ڕاست و بابەتییانە هەم بۆ هۆکار و لەمپەرەکان و هەم بۆ ڕێگاکانی بردنەپێشی خەباتی ژنان خۆی دەسەپێنێت. بۆ وێنە ئایا دەکرێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی «سیاسەت» و «کردەی سیاسی» بیر لە دەستەبەرکردنی کۆمەڵی یەکسان و دوور لە هەڵاواردن بکەینەوە؟ ڕەنگە هەندێ کەس پێیان وا بێ

خەبات بۆ مافەکانی ژنان کارێکە لە دەرەوەی سیاسەت و ناشبێ تێکەڵی سیاسەت بکرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەم دیدە تا چەند ڕاستە و کامە بەڵگاندن بەڵگەداری دەکات و دەیسەلمێنێت؟ بە باری پێچەوانەیشدا، ئایا بەڵگاندنەکان بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو دیدە هەڵەیە خراونەتە ڕوو؟

دۆزینەوەی ڕێگاکانی جێبەجێکردنی ئاوا مەبەست و ئامانجێک بێگومان تەنها لە ڕێڕەوی تێرامانی قووڵ و گفتوگۆی وردەوە لە نێوان خودی چالاکانی بوارەکە و هەروەها لەگەڵ خەڵکانی دەرەوەی بوارەکەدا دێتە دی. گرتنەبەری ڕوانگەیەکی ڕەخنەییانە بۆ پرسی خەباتی ژنان بەقەدەر خودی پرسەکە گرنگە، ژنان دەبێ بتوانن لە ڕۆچنەی بیری ڕەخنەییەوە بەردەوام ئاوڕ لە هەموو ئەو هەوڵانە بدەنەوە کە تا ئێستە بە ئەنجام گەیەنراوە. بەڵام ئەمەش نامومکینە مەگەر بە تێپەڕاندنی ئەو ڕوانگەیەی قەناعەت بە زانیاریی ڕووکەش دەکات و پێی وایە هەر هێندەی بزانین ژنان دەچەوسێنرێنەوە ئیتر بووینەتە

خاوەنی تێگەیشتن بۆ پرسی ژن. ڕەخنەی ڕادیکاڵ هیچ بابەت و پێکهاتێک بە ئاوارتە نازانێت و ئامادە نییە هیچ پاساوێک بۆ شتێکی هەڵە و ستەمکارانە قبووڵ بکات، هەر بۆیەشە لەم بەستێنەدا ئەگەر بمانەوێ دەرفەتێک بۆ هاتنەدونیای «بیری ڕادیکاڵ» بڕەخسێنین بێگومان گرنگترین ڕێگا بریتییە لە پەنابردن بۆ «ڕەخنەی ڕادیکاڵ». ئەم ڕەخنەیە دەبێ پێداگرییەکی نەبڕاوە لەسەر دروستکردنی زمان و تێرمینۆلۆژیای ژنانە بکات، ڕەنگە بکرێ هەر بەم زمانەی هەنووکە بەشێک لە پرۆسەی خستنە بەر ڕەخنەی ستەمی پیاوانە گەڵاڵە بکرێت، بەڵام دەربڕین و تەعبیرکردنی حاڵەت و بیرە تایبەتە ژنانەکان، چ بە باری ئەرێنی و چ بە باری نەرێنیدا، لە ڕێگەی زمانێکی پیاوانەی دژەژنانەوە ئەگەر نامومکین نەبێ بێگومان هەم ئەستەمە و هەمیش کورتبڕ و ناتەواو. هەروەها وەک چۆن هەر زانستێک و بگرە هەر بیرمەندێک خاوەنی تێرمینۆلۆژیا و دەزگای چەمکیی تایبەت بە خۆیەتی و لە هەندێ نموونەدا تەنانەت زیاد لە تێرمینۆلۆژیایەکیش دەبینین، خەباتی ژنانە و فێمێنیستییش پێویستیان بە دەزگایەکی چەمکیی تایبەتە بۆ خستنەڕووی پرس و گرفت و کەڵکەڵەکانی خۆیان.

تەنانەت لە ئاستی ئەدەبیشدا ئاوا زەروورەتێک بوونی هەیە و ژنانی ئەدیب ئەگەر نەتوانن زمانی ژنانە بژین ناشتوانن بەرهەمی ژنانە بەرهەم بهێنن.

دواجار پرسی ژن هێندە پڕڕەهەند و هەڵگری قووڵی و دژوارییە کە «زانیاری»یە کورتبڕ و ڕووکەشییەکان ناتوانن بە ڕوانگە و تێگەیشتنێکی حەقیقی لەم پرسەدا بگەن و هەر لێرەشەوەیە کە ئەکتەکان ناتەواو و هەندێ جار تەنانەت دژواز و پێچەوانەیش دەکەونەوە. بەشی هەرە زۆری ئەوەی لەبەر دووپاتبوونەوەی بەردەوام بوونەتە کلێشە، ئەو زانیارییانەن کە بە هۆی وەهمێکی فریودەرانەوە بە مەعریفە قەڵبێنراون و هەڵگرانیشی ڕەنگە خۆیان بەم وەهمە نەزانن.

**تێبینی:** ئەم بابەتە یەکەم جار لە ١٠ی تشــرینی یەکەم ٢٠٢١ لە ماڵپەڕی ژنەفتن بڵاو کراوەتەوە

# فێمینیزم چییە و بۆ؟



کنێر عەبدوڵا

فێمینیزم، بەر لە هەموو شتێک بریتییە لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە گرێدراوی بوارە جیاجیاکانی تری وەک؛ سیاسی، ئابووری، یاسایی و کولتوورییە هتد و، فێمینیزم لەو شوێنەدا بوون و گرنگیتی دەبێ کە نایەکسانی و جیاکاری و نادادپەروەریی ڕەگەزی هەبێت کە بە داخەوە تا ئیستا لە سەرتاسەری جیهاندا ئەو دیاردانە بە شێواز و ئامرازی جۆربەجۆر درێژەی هەیە؛ هەریەک بە شێوەیەک ئەوەش؛ زیاتر بە هۆی کولتوور و عەقڵیەتی باوکسالاری و پیاوسالارییەوە پیادە دەکرێ لە ڕەگەزی پیاوەوە بۆ ژن، بوونی ئەو کولتوورە جیاکارییە نەک تەنها لە عەقڵیەتی پیاودا چەکەرەی کردووە، بەڵکوو لە بەشێک لە ژنانیشدا هەیە و بە هۆی پەروەردەی جیاوازەوە، دەستەمۆیی بۆ خۆی و باڵادەستی بۆ پیاو بە گونجاو و راست دەزانێ؛ لەو ڕوانگەیەوە تا چەوساندنەوە، زاڵێتی و سەپاندن و چەپاندنی ڕەگەزێک هەبێ بۆ ئەوی تر، بزووتنەوەی فێمینیزمی درێژەی دەبێت تا هێنانەدی ئەو ئامانجەی ژن وەک مرۆڤ سەیر دەکرێ و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ لە گشت نێوەندەکانی خێزان و دەرەوەیدا، بۆ

ئەمەش هۆشیاری تاک، پەروەردەی فیکری و هزریی هاووڵاتی پێویستە، ئەمەش لە ڕێی کارکردنەوە دەبێت لەسەر پێگە و بوارە کۆمەڵایەتییەکە، واتە شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی هزر و ڕەفتار و مامەڵەکردنی مرۆڤەکان تا ئەو ئەندازەیەی بەها مرۆییەکان دەبێتە شێوازی ژیانیان پێویستییەکی واقیعی گرنگە کە بێگومان ئەوەش پرۆسەیەکی بەردەوامی درێژخایەنە کە بەدوای خۆیدا گۆڕینی سەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابووری و هتد دێنێتە ئاراوە؛ هەر ئەوەیشە وای کردووە کە لە پێناسەکردنەکەمدا بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ناوزەندی بکەم.

## گۆڕینی عەقڵ بۆ؟

وێناکردن و سەیرکردنی ژن و کورتکردنەوەی تەنها وەک بوونەوەرێکی سێکسی کە ئەرکی لە منداڵبوون و خۆشی و چێژی پیاودا کورت بکاتەوە، ڕەفتارکردن لەگەڵ ژندا وەک کاڵایەکی جەستەیی کە کڕین و فرۆشتن و سوڵح و چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی و خێڵ و هۆزی لێ بکەوێتەوە، مامەڵەکردن بە ژنەوە لەڕووی عەقڵی

سەرمایەداری و بۆرجوازی کە هەمیشە وەک کاڵا و شتومەک بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوە و سەیرکردنی وەک؛ بووکەڵەیەک و نمایشکردنی لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە وەک دەستکەوتێکی ڕیکلامی مادیی و بازرگانی و بەبازارکردنی لە دونیای بەناو علمانییەکاندا لە ڕێی تیڤی و بەرنامە جۆربەجۆرەکان و ڕیکلام و کورتکردنەوەی تەنها لە جەستە و جوانکاری و ڕووکەش، بەدوور لە بایەخدان پێی و سەیرکردنی لەڕووی هزری و ناوەڕۆک و ناخ و بیرکردنەوەی، هەموو ئەوانە وێناکردن و ئامادەکردنێتی بۆ ڕازیکردنی مەیلی پیاوان، هەروەها بایەخدانی زۆریک لە ژنان بە نەشتەرگەریی جوانکاری نەک تەنها لە ڕووکەش و سیما و ڕواڵەتیان بەڵکوو رۆچوونە نێو دەستکاریکردنی ناو لەش و جەستەیان، بۆ؟

هەموو ئەو وێناکردن و دەرئەنجامانە بزووتنەوە فێمینیستییەکان دەیخەنە ژێر پرسیار و بەرپرسیارێتی و لێکۆڵینەوە لە هۆکار و کاریگەری و ئاسەوارەکانی، چونکە بێکارکردن لە گۆرینی هزری تاکەکانی کۆمەڵ و

دروستکردنی مرۆڤی سەربەخۆی هزری و بە کولتوورکردنی لەنێو خێزانەکان و کۆمەڵدا، گۆڕانکارییەکانی دیکە هیچ کاریگەرییەکیان نابێت، بێگومان ئەو گۆڕانکارییەش، بەبێ گۆڕینی سستمی گشتیی حوکمڕانی و دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی وڵات نایەتە بوون.

ڕاستە قوتابخانە فێمینیستییەکان زۆر و جیاوازن، بەڵام سەرچاوە و ئامانجی سەرهەڵدانی فێمینیزم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییهێنان بە ژێردەستەیی ژن و باڵادەستی پیاوان نەک بە ئامانجی سەندنەوەی دەسەڵات لە پیاوان و ئاڵوگۆڕکردنی بە ژنان و هەمان ڕۆڵ بینینیان کە هەمان پێگەیان هەبێ بەڵکوو ڕاگرتنی باڵانسی جێندەری و نزیکبوونەوەی تەرازووی هێزە لەنێوان مرۆڤەکاندا، ئیدی تەنها شتێک هەبێ کە ئەرک و مافەکان بێت و لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی و شارەزایی مرۆڤەکان بوونی هەبێ نەک؛ ڕەگەزی و مافدان بە ڕەگەزێک لەسەر حسابی ڕەگەزێکی تر. فێمینیزم؛ گەڕانە بەدوای گێڕانەوەی سەنگ و بەهای مرۆڤەکان، نەهێشتنی توندوتیژی و کۆیلایەتی و

ژێردەستییە، نیشاننەدانی هێزی ڕەگەزێکە لەسەر بنەمای لاوازیی ڕەگەزێکی تر، کەم نەبوونی مووچەی ژنانە لە پیاوان تەنها لەبەر ئەوەی ژنن، بە نموونە؛ وەک ئەوەی لە وڵاتی سویددا بوونی هەیە و لە ڕێی وەزارەتی یەکسانییەوە کاری لەسەر دەکرێ، کاری ژن کەمبایەخ نەبێت و کرێی کەمتر وەرنەگرێت بە بەروارد لە پیاوان، چانسی کارکردن و هەلی پیاوان زیاتر نەدرێ وەک لە ژنان تەنها لەبەر ئەوەی دووچاری سکپڕی دەبنەوە و منداڵیان دەبێت، ڕێگە لە کچان و ژنان نەگیرێ بۆ خوێندن لەبەر زوو بەشوودانیان، کڕین و فرۆشتنیان پێوەناکرێت لەکاتی هاوسەرگیریدا، خەتەنە نەکرێن لەبەر دامرکاندنەوەی ئارەزووی سێکسییان، لەبری خوێن و گەورە بە بچووک و مارە بە جاش و شیربایی و سوڵحیان پێوە نەکرێت؛ بە هۆی دامرکاندنەوەی شەڕ و بێبەهاکردنیان، لەشفرۆشی و کڕین و فرۆشتنیان پێ ئەنجام نەدرێ بۆ پەیداکردنی پارە و ژیانکردنیان. لە کاتی دابەشکردنی میراتدا یەک بە دوو نەکرێت و بە نیو مرۆڤ دانەنرێن لە کاتی شاهیدیدا، خەسڵەتی بەهێزی و سەربەخۆیی، ئازادی، ئازایەتی و

عەقڵی و ژیری و بەتوانایی نەخرێتە پاڵ پیاو و عەیبە و شەرم و بێهێزی و لاوازی و کەم عەقڵیش ببێتە ناسنامەی ژنان، پیاوان نەبنە بڕیادەر و ژنانیش بڕیاربۆدراو؛ باڵادەستی بۆ پیاوان و ژێردەستەیی و دەستەمۆیی بۆ ژنان نەبێت؛ بەهای ژن کەمتر و هی پیاو زیاتر نەبێ، جیاوازی و نایەکسانی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای جیاوازیی بایەلۆجی بینا نەکرێ، لەڕووی یاساییەوە جیاوازی نەکرێ تەنها لەبەر ئەوەی ڕەگەزی ژنە، بە زۆر منداڵی پێ لەبارنەبرێت، یان مافی منداڵ لەباربردنی لێ بسەندرێتەوە، بە بیانووی پاراستنی شەرەفی بنەماڵە و خێزانەکەی ڕەوایەتی کوشتنی بەسەردا نەدرێت، دەستدرێژیی سێکسی بە ڕەوا نەبینرێت بۆی، و ژن چەوساوە و پیاویش چەوسێنەر نەبێت.

ئیدی فێمینیزم؛ کارکردنە بۆ نەهێشتنی هەموو نموونانەی سەرەوە و ڕەتکردنەوەی جیاوازی و جیاکارییەکانە کە لەنێوان ڕەگەزەکاندا دەکرێ چ لەڕووی ئاینییەوە بێت چ لە بواری زانکۆ، سوپا، خێزان، یاسا و نێوەندەکانی تری کاردا

بێت. واتە داننانە بە یەکسانیی ڕەگەزەکان و سەیرکردنیانە وەک مرۆڤ و یەکسانییە لەڕووی ئەرک و مافەوە.

## مێژووی فیمینیزم

لە سەدەکانی شانزە و هەڤدە و هەژدەدا سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فێمینیزمییە و ژنان لە بەریتانیادا هەوڵی گۆڕینی ئەو وێناکردنە خراپەی ژنیان دەکرد  کە بە هۆی کولتوور و کاریگەریی ئایینەوە بوونی هەبوو لە کۆمەڵدا و بووبوو بە بەشێک لە زەینی مرۆڤەکان و نایەکسانی هاتبووە کایەوە؛ بە واتایەکی تر سەرەتای سەرهەڵدانی خەباتی  فێمینیزمی لەڕووی کولتووری و ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە بوو و دواتر گەشەی کرد بۆ بواری یاسایی و فیکری، ئیدی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە شەپۆلێکی تری فێمینیزمی دەستی پێ کرد بە ئامانجی گۆڕینی یاساکان و بەدەستهێنانی مافە یاساییەکانی ژنان تا بتوانن مافی دەنگدان، تەڵاق، بەخێوکردنی منداڵ و مافی سەربەخۆیی ئابووری و داهاتی یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا هەبێت و، دواتر لە ساڵی ١٩٦٠ شەپۆلی دووەمی فێمینیزمی

درێژەی هەبوو لە وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا کە ئامانج لێی سەربەخۆیی و ئازادیی ژنان بوو.

## سەرهەڵدانی فێمینیزم لە باشووری کوردستان

گەر بێینە سەر باسێکی باشووری کوردستانیش دەتوانرێت بوترێت کە سەرەتا پێش ساڵی ١٩٩١ خەباتی ژنان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی بوو، کەمتر وەک ئەوەی بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی فێمینیزمی گۆڕانخوازی کۆمەڵایەتی و کولتووری بێت و، دواتر پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەپاڵ خەباتی نەتەوەیی؛ خەباتی فێمینیزمی بۆ ئازادی و یەکسانی درێژەی هەبوو لە ڕێی گۆرینی یاساکان و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و دەرفەتی یەکسانی و ڕاگرتنی باڵانسی جێندەریی لەنێو کایە سیاسی و ناوەندەکانی بڕیاردا، بەڵام وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بەتایبەت لەڕووی یاساییەوە ئەنجام درا بە دەرکردنی بڕیاری ٥٩ و ٦٢ کە تایبەت بوون بە مامەڵەکردن لەگەڵ بکوژانی ژن بە بیانووی شەرف وەک تاوانبار و قوتارنەبوونی لە یاسا و هەروەها ڕێگرتن لە فرەژنی و، وێرای دەرکردن و هەموارکردنەوەی

چەندین یاسای تایبەت بە ژنان لە بواری توندوتیژی خێزانی و تەڵاق و... هتد. سەرەڕای کارکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان و کەسانی ئازادیخواز لەسەر گەیشتنی ژنان و بەشداریکردنیان لە کایە سیاسییەکاندا و چەسپاندنی سستمی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان بە شێوەیەک کە لە ٣٠٪ کەمتر نەبێت و بوونیان لە پارتە سیاسییەکاندا بە شێوەیەک بە ڕێژەی ٢٠٪- ٢٥٪ بچەسپێ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ژنان دەکوژرێن، دەستدرێژی دەکریتە سەریان، توندوتیژییان بەرامبەر دەکریت، جیاوازی و جیاکاری و چەوساندنەوەیان لە ئاستدا هەیە، بوونی هەموو ئەوانەش بە جێگیرنەبوونی دامەزراوە و سەربەخۆنەبوونی یاسا و مانەوەی دەسەڵاتی پیاوسالاری و باوکسالارییە بەندە لە نێوەندی عەقڵیەتی حوکمڕانی دامەزراوە تەشریعی و تەنفیزی و دادوەرییەکانە؛ سەرەڕای نێوەندی ڕاگەیاندن و پارتە سیاسییەکان بەگشتی، بەدەر لە هۆکاری نەگۆڕینی کولتووری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بنەڕەتی و ڕیشەیی و

مانەوەی هزریی پیاوسالاری و زاڵێتی لە بەڕێوەبردن و پەروەردەکردنی تاکەکانی خێزاندا.

## خەباتی فێمینیزمی بۆ کێ؟

ماوەتەوە بڵێم خەباتی فێمینیزمی تەنها ئەرکی ژنان نییە و تەنها بۆ ژن نییە و تەنها بە ژنانیش ناکرێ بەڵکوو خەباتێکی گشتگیری هەمەلایەنەی فرەبوارە کە بە هەر دوو ڕەگەزی ژن و پیاو دەکرێ و بەڕێوە دەچێت، گرنگ عەقڵ و هزریانە بەوەی وەک مرۆڤ بڕواننە یەکتری و کار بۆ گۆڕینی عەقڵی مرۆڤەکان بکەن تا مرۆڤدۆستی و بەها باڵا مرۆییەکان ببێتە بنەمای پەیوەندی و پێکەوەژیان و قبوڵکردنی یەکتری بەدوور لە باڵادەستی و سەپاندن و چەپاندن. ئەوەش لەپێناو هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی و دادپەروەریی کە چەقی کارەکان بۆ خزمەت و گەشەکردن و برەودان بێت بە خودی مرۆڤەکان بێجیاوازی ڕەگەزی، ئایینی، ئایدۆلۆجی و هتد. بێگومان بە دیوێکی دیکەشدا ئەرک و بوونی سستمێکی دیموکراسیی مەدەنیی حوکمڕانیشە کە بەتایبەت بنەمای دامەزراوە

پەروەردەییەکانی لەسەر ئەوە بنەمایانە بێت لەپێناو خزمەتکردن بە کۆمەڵ و هاووڵاتییاندا بێت بێجیاوازی.

**تێبینی:** ئەم بابەتە یەکەم جار لە ٢١ی تشـــرینی یەکەم ٢٠٢١ لە ماڵپەڕی ژنەفتن بڵاو کراوەتەوە

# فێمینیزم؛ دونیابینییەکی ژنانە لە جیهانێکی پیاوانەدا



هۆزان مەحموود

ڕەوایە ئەگەر بڵێین کە ژنان بە هەمان ئەندازەی پیاوان ڕۆڵیان هەیە لە کۆمەڵگەدا و بەشدارن لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی شارستانیەتەکاندا. بەڵام مێژووی نووسراو زۆر کەم ئەم ئامادەییەی ژنان لە کایە جیاوازەکاندا تۆمار دەکات، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە کۆی ئەو کایانە لەلایەن پیاوانەوە قۆرخ کراون، تەنانەت نووسینەوەی مێژووش، زۆر جار چەواشەکارانە و شێواندراوە، چونکە لە قازانجی سەردەستەکان نووسراوە. مێژوونووس و فێمینیستی ئەمریکاییی "**گێردە لێرنەر**" لەو باوەڕەدایە کە مێژووی تۆمارکراو و وەرگێردراوی ڕابردوو تەنها بۆ نیوەی مرۆڤایەتی نووسراوە و ناتەواوە، چونکە مێژوو و ڕابردووی نیوەی مرۆڤایەتی کە ژنن شێواندووە.[١] بە هەمان شێوە، بەشێکی زۆر لە سەروەری و ئامادەییی پیاوان، لەسەر بنەمای خزاندنی ژنان بۆ ناو

1.Lerner, Gerda. *The Creation of Patriarchy*. Oxford University Press, 1987.

ماڵ بەدەست هاتووە. کە هەموو ئەرکی ماڵ و منداڵ دروستکردن و بەخێوکردنیان لە ئەستۆیە، لە کاتێکدا پیاوان کاتەکانیان لە کایەکانی ئابووری، جەنگ، کولتووری، سیاسەت و داهێناندا تەرخان دەکەن. هەر بۆیە لە هەموو کایەکاندا پیاوان دەرکەوتووترن، ئەمەش دەکەن بە ئیمتیاز و منەت و خۆبەگەورە زانین بەسەر ژناندا.

لێرەوە بەهای کاری دەرەوە و کرێگرتە فەزڵی دەدرێتێ بەسەر کاری ناوماڵ و بەخێوکردن و پەروەردەی منداڵدا. "**سیلڤیا فریدریچی**"ی فێمینیستی ئیتاڵیایی-ئەمریکایی کاری ناوماڵی ژنان وەک (کرێکاری بێمووچە) هەژمار دەکات و لەو باوەڕەشدایە کە سیستەمی پیاوسالاری بەمە دەڵێت؛ (خۆشەویستی)ی ژن بۆ ماڵ و منداڵ و هاوسەرەکەی، لە کاتێکدا ئەمە سەپێندراوە و لەسەر بنەمای جیاکاری ڕەگەزی بنیاتنراوە، نەک خۆشەویستی.[٢] لێرەوە خۆشەویستی وەک خورافەیەک بەکار دێت بۆ گرێدانی ژن بەکاری تاقەتپڕوکێنی ماڵ و منداڵدارییەوە. ئەمەش زۆرێک

2.Federici, Silvia. Wages against Housework. London: Power of Women Collective, 1975. Print.

لە ژنانی قەناعەت پێ هێناوە کە ئەوە سروشتی ئەوانە کە میهرەبان و سۆزدار و پڕ لە خۆشەویستی بن، سەرەڕای ئەو زوڵم و توندوتیژییەی بەرانبەریان ئەنجام دەدرێت. لە کاتێکدا ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتییە دەکرا لەنێوان پیاو و ژندا دابەش بکرێت، بۆ ئەوەی هەر دوو ڕەگەز ئامادەییان هەبێت لە بەرپرسیارێتیی ناوماڵ و لە کایە جیاوازەکاندا.

سیستمی پیاوسالاری بۆ هەموو شتێک خورافەیەک و قاڵبێک دروست دەکات کە ژن قەناعەت پێ بهێنن کە ئەوە چارەنووسی ئەوە و سروشتی ژن وایە. خورافاتی جیاواز لە دژی ژن، چەندین سەدە لە میتۆلۆژی و ئایین و سیستمە حوکمڕانییە جیاوازەکاندا تاوەکوو دەگاتە ئێستای سەرمایەداری درێژەی بە خۆی داوە. دیارە فۆرم و ماناکان و شێوازەکانی دەگۆڕێت بەپێی سەردەم. ئەم دابەشکردنی ڕۆڵە، ژنان بۆ ماڵەوە و پیاوان بۆ ناو فەزای گشتی، ناهاوسەنگییەکی گەورەی دروست کردووە لەوەی کە ژنان داهێنان و تواناکانیان بفەوتێت بە هۆی ئەوەی کاتی کەمتریان بۆ دەڕەخسێت کە گەشە بە خۆیان بدەن. بۆیەش

دەبینین بە کەمترین دەرفەت کە بۆ ژنان دەڕەخسێت، زۆر زوو دەدرەوشێنەوە و لە هەموو بوارێکدا دەیسەلمێنن، کە هەموو ئەو خورافاتەی لەسەر لاوازی و ناعەقڵانیی بوونی ژن هەڵچنراوە هیچ بنەمای زانستی و لۆجیکی نییە.

## لەدەستدانی پێگەی ژن

یەکێک لە تێزە کلاسیکە گرنگەکان سەبارەت بەوەی ژنان بۆ دەخرێنە پەراوێزەوە و بێدەسەڵات کراون، تێزێکی بیریاری ئەڵمانی کۆمۆنیست "فریدریک ئەنگلس"ـە کە پێی وایە؛ ژنان لە بنەڕەتدا یەکسانن بە پیاو، ئەگەر بەهێزتریش نەبن لەو پیاوانەی کە لە کاری هەروەزیدا و لە فۆرمی (خێزانی ماتریلینیال) دایک سەروەریدا، کاری وەبەرهێنانیان پێکەوە کردووە. دواتر ژنان دەسەڵاتیان لەدەست دەدەن چونکە پیاوان کۆنترۆڵی موڵکی تایبەتی دەکەن و توانای قازانج کردن دێتە دەستیان. هەر بۆیەش ئەمە فۆرمی خێزان دەگۆڕێت بۆ باوکسالاری، کە ژنان و کۆیلەکان دەبنە موڵکی

باوک یان هاوسەرە پیاوەکە.[3] کەواتە پەیبردنی پیاو بە خاوەندارێتی موڵک و ماڵ و بەرهەمهێنان بۆ قازانج، تەماحی داگیرکاری ژن و کۆنترۆڵکردن و بەکاڵاکردنیشی دەکاتە پڕۆژە.

هەرچەند (باوکسالاری) بە مانا کلاسیکەکەی کە (باوک) سەروەرییە وەک گەورە و سەردەستەی خێزانێک، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە هۆی تیۆریزەکردنی فێمینیستەکانەوە ئەم تێرمە چیتر ئەو مانا سنووردارە ناگرێتەوە. بۆ نموونە "**سیلڤیا وەڵبی**"ی فێمینیستی بەریتانیایی، باوکسالاری؛ وەکوو سیستمێک لە سترەکتوری کۆمەڵایەتی و چالاکی دادەنێت کە تیایدا پیاو باڵادەستە، ژن دەچەوسێنێتەوە و بەکاری دەهێنێت.[4] باوکسالاری، کە

3.Engels, Friedrich, 1972, The Origin of the Family, Private Property and the State, in the light of the researches of Lewis H. Morgan, New York: International Publishers [1942]

4. Walby, S. 1990. Theorizing Patriarchy. Blackwell Publishers Ltd.: Oxford, UK and Cambridge USA

پێشتر تەنها هەژموونی فیگوری باوکی دەگرتەوە بەسەر خێزاندا، بەڵام دەکرێت ئێستا وەک (پیاوسالاری) بەگشتی هەژماری بکەین، وەک سیستمێک کە خۆی درێژ دەکاتەوە بۆ ناو هەموو جومگەکانی دەسەڵات و سترەکتوری کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری. هەروەها بەردەوام لە خۆتازەکردنەوەدایە بە جۆرێک کە بووەتە نۆرم. "**کەیت میللێت**"ی ڕادیکاڵ فێمینیستی ئەمریکایی دەڵێت؛ ئێمە ڕانەهێنراوین لەسەر ئەوەی پیاوسالاری گرێ بدەینەوە بە زەبرەوە-هێزەوە، چونکە پاتریارکی ئەوەندە بە کارامەیی مرۆڤی سۆسیالایزە کردووە و بەهاکانی خۆی وەکوو جێگیر و یونیڤێرساڵ جێ کردووەتەوە لە کۆمەڵگەدا، کە چیتر پێویستی بە توندوتیژی نییە بۆ سەپاندنی خۆی.[٥] بەو واتایەی؛ پیاوسالاری بە جۆرێک نۆرماڵ بووە، کە ژن و پیاویش وەک یەک، چوونەتە ئەو ڕۆڵانەوە کە بۆیان دیاری دەکرێت.

5.Millett, Kate. *Sexual Politics*. Urbana: University of Illinois Press, 2000. Print.

فۆرمی دەوڵەتداری لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا کە کاپیتاڵیزمە، هۆکارە بۆ جیاکاریی چینایەتی، هەروەک چۆن **کارڵ مارکس** دەڵێت (مێژوو، تا ئەم ساتەش، مێژووی کێشمە کێشی چینەکانە)[٦]، لەم ناوەشدا ژنان کە سەر بە چین و توێژی جیاوازن، بەرژەوەندی و پێگەکانیان دابەشیان دەکات بەسەر چینەکاندا. بۆ نموونە؛ ئەوەی بۆ ژنێکی سەرمایەدار و چینی مامناوەند دەڕەخسێ، بۆ ژنێکی چینی کرێکار و هەژار و بێکار ناڕەخسێت. لێرەوە تەنانەت گەر بە خێرایی چاوێک بە مێژووی خودی خەباتی ژناندا بخشێنینەوە، کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی مافی دەنگدانەوە کە لە بەریتانیا و ئەمریکا زۆر بەهێز بوو، لە ڕێگەی ئەو مێژووە نوسراوەی لە بەردەستە، زۆرتر نموونەی ژنانێکی سپی و سەر بە چینی باڵایان تۆمار کردووە. لە کاتێکدا بە دەیان ژنی کرێکار و ڕەش پێست لە شوێنە جیاوازەکاندا چالاکبوون و خەباتیان

6.Marx, Karl, 1818-1883. The Communist Manifesto. London ; Chicago, Ill. :Pluto Press, 1996.

کردووە، بەڵام ناویان نەهێنراوە. لەم دواییانە کە ئەو مێژووە هەڵدراوەتەوە، هەوڵ و خەباتی ژنانی ڕەش پێست و ئاسیایی و کۆچبەرەکانی تر زیندوو کراونەتەوە.[٧] کەواتە ڕژێمی سەرمایەداریش کە درێژەپێدەری سیستمی پیاوسالارییە، بە شێوازی جیاواز ژنان بە خۆیان نامۆ دەکات و تەنها ئەو ژنانەی سەر چینە دەسەڵاتدارەکانن پێگەیان دەبێت و مێژوویان بۆ دەنووسرێت. بە هۆی ئەم جیاکارییە چینایەتییەی کۆمەڵگەوە هەر لە کۆنەوە ژنان، خواست و داواکاری و خەباتیشیان فۆرمی جیاوازی وەرگرتووە.

## فێمینیزمەکان و فۆبیای فێمینیزم

ڕای جیاواز زۆرە هەر لەسەر سەرەتای دەرکەوتنی فێمینیزم، وەک چەمک تا دەگاتە، ئەوەی ئایا دەکرێت

7. Schuessler, Jennifer؛ The Complex History of the Women’s Suffrage Movement, 2019 The New York Times,:https://www.nytimes.com/2019/08/15/arts/design/the-complex-history-of-the-womens-suffrage-movement.html

فێمینیزم بەسەر سێ یان چوار شەپۆلدا دابەش بکرێت؟ کە باس لە فێمینیزم دەکەین، دەبێت باس لە (فێمینیزمەکان-Feminisms) بکەین. بە واتایەکی تر، فێمینیزم یەک ئایدیا و هزر و پراکتیک ناگرێتەوە، بەڵکوو جۆرە جیاوازەکانی فێمینیزم دەگرێتەوە کە سەر بە قوتابخانە و بنەمای هزریی جیاوازن کە هەڵقوڵاوی واقیعی ژیانی ژنان و دونیابینییانە سەبارەت بە ژن. ژنان بە سوود وەرگرتن لە ڕێبازی فیکریی (لیبراڵیزم، مارکسیزم، سۆسیالیزم، ڕادیکاڵ فێمینیزم، پۆست مۆدێرن، پۆست ستراکچەڵیست، پۆست کۆلۆنیال، فێمینیزمی ڕەش، ئیکۆفێمینیزم و هتد.) پرسی ژن تیۆریزە دەکەن.گرنگی ئەم تیۆریزەکردنە کە لە **سیمۆن دو بۆڤوار** و کتێبی سێکسی دووهەمەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ئێستامان، لەوەدایە کە بۆ یەکەمجار ژنان بوارەکانی خوێندن، مێژوو، فەلسەفە و تیۆلۆژی و میتۆلۆژی، هونەر و کولتووریان ڕەخنە کرد، هەروەها ژێردەستەیی ژنیان تیۆریزە کرد لە ڕوانگەی فێمینیستییەوە. پێشتر زۆربەی لە دونیابینی و ڕوانگەی پیاوانەوە نووسرابوو، ژیان و

بەریەککەوتنەکان و جیهانبینیی مرۆڤ، یەک لایەنە بوو، واتە پیاوانە بوو.

لە دونیادا تا ئەم ساتەش دژایەتیکردنی فێمینیزم و فێمینیستەکان بوونی هەیە چ لەلایەن پیاوەوە، چ لە لایەن هەندێک لە ژنان خۆشیانەوە. ئەمە بە بڕوای من هەڵەتێگەیشتن نییە، بە قەد ئەوەی ڕقە و لە هەمان کاتیشدا ترسە لە هەر هزر و فەلسەفەیەکی ڕزگاریخوازانە کە دەیەوێت ڕەگەزی مێ لە کۆی کۆتوبەندی سیستم و پیاوسالاری و سێکسیزم ڕزگار بکات.

## فێمینیست کێیە و فێمینیزم چییە؟

فێمینیست بە کەسێک دەڵێن کە هەڵگری هزری فێمینیزمە (لە چوارچێوەی یەکێک لەو قوتابخانانەی کە لە سەرەوە باسم کردن)، هەروەها فێمینیزم، خودی هزر و تیۆر و سیاسەتی فێمینیزمەکە دەکرێت لە چوارچێوەی یەکێک لەم ئایدیۆلۆژیانەدا خۆی ببینێتەوە؛ (ڕادیکال، سۆسیالیست،

ماتریاڵیست، مارکسیست، لیبراڵ، پۆستمۆدێرن ، فێمینیزمی ڕەش، فێمینیزمی پۆستکۆلۆنیال و ئیکۆ فێمینیزم و هتد).

پێناسەیەکی کلاسیک و باوی فێمینیزم ئەوەیە کە هەر کەس کار و چالاکی بکات لە بواری ژناندا ئەوە فێمینیستە. هەڵبەت ئەمە سادەخوازییە و بۆ ئەم دونیا ئاڵۆزەی ئەمڕۆ چیتر بڕ ناکات. ئێمە تەنها لەگەڵ دەسەڵاتدا بەتەنها بەرەوڕوو نین، بەڵکوو لەگەڵ بەهاکانی سەرمایەداریی جیهانی و نیۆلیبراڵی لە تایبەتکردنی کەرتی گشتی و هەموو سێکتەرەکاندا لە کوردستاندا بەرەوڕووین. هەر لە نەخۆشخانە، قوتابخانە، زانکۆ، دایەنگە، کەرتی خانووبەرە، ئاو و کارەبا و هەموو خزمەتگوازرییەکانی تر کە ژیانی زۆرینەی مرۆڤی ئێمەی کردۆتە دۆزەخ تا دەگاتە بەکاڵاکردنی ژنان لە ڕێگەی میدیاکان و کۆمپانیاکانی ڕیکلام. ئەوەی زەرەری زۆری لێ دەکەوێت ژنانن کە بەشی زۆریان دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە. کەواتە جۆرێک لە فێمینیزم و دونیابینیی ژنانە گرنگە بۆ ئەم دۆخە، کە نەبێتە بەشێک لە سیاسەتی نیۆلیبراڵ، دژی سیستمی هایراکیەت و بیرۆکراسی و

سیاسەتی پرایڤەتایزکردن بێت. فێمینیزمێک پێویستە کە هەڵگری هزرێکی ڕادیکاڵانە بێت و ئەڵتەرناتیڤەکەی بەگەرخستنی هێزی لەبن نەهاتووی ژنان خۆیان بێت. هەر بۆیەش گرنگە ژنان یەکبگرن و باوەڕیان بە هێز و توانای خۆیان هەبێت لەدەرەوەی ئەو دەسەڵاتخوازی و پێگە پەرستییەی ئێستا هەیە لە کوردستان.

## شێواندنی هزری فێمینیزم؛ فێمۆکرات یان فێمینیست

کێشەیەکی سەرەکی هەیە، ئەوەیە کە ئەوانەی چەواشەکارن و ناڕۆشنی دروست دەکەن و (فێمۆکراتی سپۆنسۆر کراون)، زۆرترین پلاتفۆرم و دامودەزگا و میدیایان لە بەردەستە. "فیمۆکرات" بەو ژنانە دەڵێن کە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتداراندا کار دەکەن و ئیدیعای فێمینیست بوون، دەکەن. لە کاتێکدا بوونی ئەوان لەو دامودەزگایانەدا لەسەر بنەمای پاسیڤبوونی فیکری و نەبوونی دونیابینیی فێمینیستییە، هەروەها پایەکانی پیاوسالاری بەهێزتر دەکەن. ئەم جۆرە ژنە هیچ هۆشیارییەکی نییە بەرامبەر بە پایەکانی چەوساندنەوەی

ژنان، هەر بۆیەش توانای هیچ پلاندانان و بەرەنگاربوونەوەیەکی عەقڵانی نییە بۆ سازدانی ژنان، ئەو چینەی کە ئەوان پێیان وایە کاریان بۆ دەکەن. هەر بۆیەش دەنگە جیدی و سەربەخۆ و کاراکان نابیسترێن یان دەنگیان لاوازتر دەردەکەوێت لەچاو ژاوەژاوچییەکان و ئەوانەی کە کەمترین زانیارییان هەیە لەم بارەیەوە. لێرەوە وا دەردەکەوێت کە ئەم کۆنسێپتانە هەڵەن یان خراپن یان ئەوەیە پێویستە ڕاستکردنەوەی بۆ بکرێت. لە کاتێکدا بە بڕوای من، کێشەکە ئەوەندەی زاڵکردن و گەورەکردنی دەنگی فێمۆکراتە سپۆنسەرکراوەکانە، نیو ئەوەندە کێشەکە لە ڕاستکردنەوەدا نییە.

## ئەزموونی کەسی

ڕاستە ئێمە ژمارەیەکی زۆر کەم لە ژنانی کوردستان و تاراوگە لێرە و لەوێ بە وتار و سیمینار و نووسین هەوڵمان داوە فێمینیزم ئاشنا بکەین بە خوێنەری کورد.

بیرمە لە سەرەتای دووهەزارەکاندا بوو، لە هەولێر کۆڕێکم کرد لەسەر فێمینیزم و جێندەر، خانمێکی هاوڕێم کە لەناو ڕێکخراوی ژناندا بوو، پێی گوتم؛ هۆزان تۆ لەو باوەڕەدایت بتوانیت بە هزر و تیۆری فێمینیستی کار لەسەر پرسی ژن بکەیت لە کوردستان؟! وەک ئەوەی پێم بڵێت تۆ لە چ خەیاڵێکدا دەژیت؟ ئەمە لای من ئاسایی بوو، چونکە لەو کاتەدا باسکردن لە فێمینیزم وەک ئەوە وابوو نەوت بکەیت بە ئاگردا. ڕاستە دەیان و سەدان ڕێکخراوی ژنان هەبوون، تا ئێستاش هەن، هەروەها هەندێ لێکۆڵەر هەبوون لەسەر پرسی توندوتیژی و کوشتنی ناموسی کاریان دەکرد، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەمانە بە دەگمەن کاریان لەسەر ناساندنی فێمینیزم کردبێت یان وەکوو فێمینیستێک خۆیان نەدەناساند. بێگومان سەرەتا زۆر سەخت بوو کارکردن لەسەر ناساندنی فێمینیزم، هەڕەشە و سووکایەتی و جنێو و ڕێگریی زۆر دەکرا، بەڵام خۆشحاڵم کە ئێستا دەبینم کەسانی زۆرتر خۆیان بە فێمینیست دەزانن و بە چاک یان خراپ باسکردن لە فێمینیزم بووەتە پرسێکی گرنگ لە کۆمەڵگەدا. لەو کاتانەدا خەڵک پەنجەی بۆ ڕادەکێشاین کە ئەمە فێمینیستە، وەک جۆرێک لە سووکایەتی و

گاڵتەپێکردن، چونکە ژمارەیەکی زۆر کەم بووین. تەنانەت لەلایەن هەندێک ژنانی حیزبییەوە لەسەریان دەنووسین و دژایەتی فێمینیزمیان ڕادەگەیاند بە پشتیوانی پیاوانی حیزبەکانیان... هەڵبەت لەمەوە دەتوانین بەرەو ئەوە بڕۆین بزانین کێن ئەوانەی دژایەتی دەکەن و کێن ئەوانەی خۆیان بەم پرسەدا هەڵواسیوە، کە ساڵانێکی زۆرە نەیانوێراوە بە خۆیان بڵێن فێمینیست، بەڵام ئێستا بۆ شێواندن و کەمڕەنگ کردنەوەی ئەم پرسە فیکرییە پەیدابوون و دۆزەکەش بە لاڕێدا دەبەن و دەیکەنە بوارێکی پیشەسازی و لەوێوە سێنتەر و ڕێکخراوەکانیان دەبێتە شوێنی فەند و کارمەند و سەرۆک و چایچی و سایەق و فەڕاش. ئەگەر وردتر سەیری دۆخی ئەمانە بکەین، دەبینین کە لە بنەڕەتدا ڕێگەپێدراوی دەسەڵاتن و تا ئەو شوێنە دەڕۆن کە بۆیان دیاری کراوە، زۆر جاریش بۆ بەلاڕێدابردن و کۆنترۆڵکردنی دۆزی ژن بەکار دەهێنرێن.

## شێواوی ئایدیۆلۆژی

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی وێران بوونێتی لە هەموو ڕووییەکەوە، وای لێهاتووە دەنگی (ڕاستڕەو و چەپ و لیبراڵ و ئیسلامی و عەلمانی) فەرقێکی زۆری نییە و، زۆر جار تێکەڵن لەگەڵ یەک. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەسانێک کە بەرژوەندیی کەسیی خۆیان لە سەروو هەموو پرەنسیپ و بەهایەکەوە دادەنێن. بۆ نموونە خەڵکت هەیە خۆی بە عەلمانی و فێمینیست دەزانێت لەو لاوە پێی وایە دەبێت سوود لە (فێمینیزمی ئیسلامی) وەرگرێت بۆ تەفسیر و تەحلیلی قورئان بۆ مافی ژن. ئەم دووفاقییە تەنها لەم جۆرە بەناو فێمینیستە کوردانەدا دەبینی کە بە خاتری پێگەی خۆیان دەیانەوێت دڵی کۆنەپارێز و عەلمانی و چەپ و لیبراڵ وەک یەک ڕاگرن. کەست هەیە خۆی پێ چەپ و کۆمۆنیستە بەڵام کۆی کار و چالاکییەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی نیولیبرالیزمدایە و بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە گوایە ئەوان کار دەکەن لە دۆزی ژندا! ئەمە لە کاتێکدایە کە دۆزی ژنیان کردۆتە پرسی خێرخوازی و کەیس و مەلەف و فۆڕم

پڕکردنەوە. کاتێک خەڵک ئەم هەڵوێستە دژبەیەکانە دەبینێت، پێت وایە دەبێت فێمینیزم چ واتایەکی هەبێت بۆی؟

لە کۆنەوە تا ئێستا کۆی ئایدیۆلۆژیاکانی وەکوو (لیبرالیزم، سۆسیالیزم، ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم هتد) زۆرتر وەک لەیبڵ وەرگیراون، نەک وەک ئەوەی کرۆکی هزر و دونیابینی بێت و ببێتە بەشێک لە بەها و پرەنسیپی تاک، ئەمەش جۆرێکە لە کۆپیکردنێکی کوێرانە. خراپترین نموونە لە مرۆڤی کوردیدا کە کۆی ئەم دیمەنەمان نیشان دەدات، سەنگەر گۆڕینی ئەندام حیزبەکانە، لەنێوان حیزبە جیاوازەکاندا بۆ دەستکەوتی کەسیی زیاتر. کارەساتە تۆ جیاوازی نەکەیت لەنێوان حیزبەکاندا و هەر ڕۆژە و ئەندامی لایەک بیت مادام نرخێکی زیاترت لەسەر دانێین. ئەمە شۆڕبۆتەوە بۆ ناو هەموو کایەکان، بۆ نموونە تەرەف لە یەک کاتدا باسی تیۆری مارکس دەکات، و لەو لاوە بۆ خۆی کۆلکە موسوڵمانە، لە هەمان کاتیشدا باس لە فێمینیزم دەکات. ئەم کۆکتێلە لە بیروڕای هەڵپڕوکاو تەنها پەیامی تێکەڵ و هەڵەتێگەیشتن دروست دەکات. هەڵبەت بە

تێپەڕبوونی کات، ئەم نارۆشنییانە و ئەم کەسە هەلپەرستانە زیاتر ماهیەتیان بۆ خەڵک دەردەکەوێت. هەر بۆیەش بەشێک لەو فێمینیستانەی کە باوەڕی تەواویان بە تیۆر – هزر و پڕاکتیکە لە یەک کاتدا، لەو باوەڕەدان کە بەشێک لەو چالاکی و فێمینیزمەی لەژێر سایەی دامودەزگاکانی دەسەڵات و فەندی نیۆلیبراڵیدا بەرهەم دەهێندرێن ئەوەندەی بە سوودی دیسکۆرسی دەسەڵاتە، ئەوەندە لە بەرژەوەندی دۆزی فێمینیزمدا نییە.

## ڕێکخراوەکانی ژنان وەک لەمپەر لە بەردەم دۆزی ژن و فێمینیزمدا

لە سەرەوە ئاماژەم بەوەدا کە کۆمەڵگە یەک ڕەنگ نییە و بەرژوەندی و دەسەڵاتی چینی باڵا هەیمەنەی کردووە بەسەر کۆی کایەکاندا. نزیکترین نموونە؛ ژنانی گەڕەکێکی هەولێر بوون کە چەند ڕۆژ لەوەپێش بە کوتەک و بەردەوە ئەو کارمەندانەیان ڕاونا، کە هاتبوون پێوەری زیرەکی کارەبا ببەستن بۆ ماڵەکان. ئەمە نیشانیداین، چ جیاوازی و مەودایەکی دوور هەیە لەنێوان ژیان و خواستە

سەرەتاییەکانی زۆینەی ژنانی کورد. بە هەمان شێوەش بەرژەوەندیی ژنانێک کە لە سایەی حیزب و سەرکردەکاندا و لە ڕێگەی بردنی سامانی گشتی بوونە خاوەن کارەکەر و ڤیلا و سەیارە و کارەبا و ئاوی بیست و چوار سەعاتە، هیچ شتێک گرێیان ناداتەوە لەگەڵ زۆرینەی ژنە هەژارەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا.

لێرەدا گرنگە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕێکخراوەکانی ژنان بێلایەن نین، هەر کامێکیان سەر بە حیزبێکی سیاسییە و لایەنگری و هەڵوێستیان دەبێت یەک بێت لەگەڵ ئەولەویاتی حیزبەکەیان. هەندێکی تر لە ڕێکخراوی ژنان، دروستکراوی وڵاتانی ئەمریکایی و ئەوروپایین و سەرچاوەی دارایی و مووچە و پرۆگرام و کارەکانیان بەپێی ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەیە کە دروستی کردوون. ئەمانە بەشێکن لە نێتۆرکێکی گلۆبال، کە وڵاتانی سەرمایەداریی جیهانی ڕایگرتوون، بۆ لێدان لە دروست بوونی بزووتنەوەی ڕەسەنی سیاسی و ڕادیکاڵ و چەپ. لێرەوە بەشێکی زۆری ئەمانە خزمەت بە ئەجێندای

ئیمپریالیزم دەکەن لەم ناوچەیەدا[8]. لە ڕێگەی فەندی زۆر و ملیۆنان دۆلارەوە ئەمانە مەشغوڵ دەکەن بە پڕۆگرامی وەکوو (ئاشتی و بەشداری ژنان لە بنیاتنانەوەدا، کۆتای ژنان و بەشداری سیاسی ژنان، ژنی سەرکردە و گەنجی سەرکردە، ١٣٢٥، و پرۆژەی بچووکی ئابووریی بۆ تاکەکەس لێرە و لەوێ، هتد..). کە لە ڕاستیدا ئەگەر سەیرێکی کوردستان بکەین زۆر بە ڕۆشنی دەبینین کە ئەم هەموو پرۆگرامە سوودێکی نەبووە لە دروستکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، ڕزگاریی ژنان، یان باشترکردنی دۆخی ژنان. بۆیەش ئێمە لێرەدا بەرەوڕووین لەگەڵ کۆمەڵێک ژن کە هەرکامە و بە ئەجێندای لایەنێکەوە کار دەکات، جا خۆی بەمە بزانێت یان خۆی لە گێلی بدات، ئەوە واقیعی کوردستانە، پێم وابێت زۆریش ڕوون و ئاشکرایە، من شتێکی تازە ناڵێم لێرەدا. زۆرینەیان وەکوو کارمەند و موچەخۆر لەوێدا کار دەکەن، زۆر کەم خۆیان بە فێمینیست دەزانن و هەر لە بنەڕەتیشدا هەڵگری هزری فێمینیستی نین.

---

8.Petras, J (1999) NGO's: In the Service of Imperialism; Journal of Contemporary Asia 29(4):429-40.

تەنانەت گەر جار و بارە لەبەر عەیبەش بێت باسی فێمینیزم بکەن زۆر بە لاوازی و بێئاگاییەوە قسە دەکەن، کە نەیکەن باشترە، چونکە زەرەری زیاترە لە قازانجی. لێرەوە ئەمانە نەیانتوانیوە جووڵەیەکی فێمینیستی بەڕێخەن کە ژنانێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردیی بۆ ماف و خواستەکانی خۆیان ڕێک بخەن. هەر بۆیەش وەک لەمپەرێکن لە بەردەم دروستبوونی جووڵەیەکی ژنانەی کوردیدا کە سەربەخۆ و لە دەرەوەی دەسەڵاتخوازی و بەکارهێنانی دۆزی ژن بۆ دەستکەوتی کەسی، خەبات بکەن.

## کوردستان؛ بزووتنەوەی فێمینیستی یان فێمۆکراسی و هایپراکی؟

لە ساڵانی ١٩٩١ بە دواوە کە ڕێکخراوی ژنان دروست بوون، زۆرینە سەر بە حیزبە جیاوازەکان بوون تا ئەم ساتە، هەروەها هیچ کات پەیڕەو و پڕۆگرامیان لەسەر بنەمای هزری فێمینیستی دانەمەزراوە. بەڵکوو زۆرینەی

پەیڕەوەکانیان پیاوی حیزبەکانیان نووسیوێتی، یان هەر پەیڕەوییان نییە، بەڵکوو حیزب بودجەی بۆ تەرخان کردوون و ئەو ژنانەی پەسەندی پیاوە سەرکردەکانن، دەکرێنە سەرۆک و بەڕێوەبەر بەسەر ڕێکخراوەکاندا. سیستمێکی هایراکی دەسەڵاتخوازییان دروست کردووە و چالاکییەکانیان فۆرمێکی ڕۆتینی وەرگرتووە. هەڵبەت هەڵەیە بەم ڕێکخراوانە بڵێین فێمینیستی، یان بە کۆی ڕێکخراوەکان بووترێت، بزووتنەوەی فێمینیستی. دەکرێت وەکوو کۆمەڵێک دام و دەزگای تایبەت بە (مەلەفی ژنان) سەیریان بکەین کە لەژێر سایەی حیزبەکان و حکوومەتەوە کاروچالاکی دەکەن. لەدەرەوەی ئەمانەش بەتایبەت لە ٢٠٠٣ بەدواوە، بە دەیان و سەدان ڕێکخراوی تر دروست بوون کە هەندێکیان تایبەت بە مەلەفی ژنن، ئەوانیش سپۆنسۆرکراوی دەوڵەتانی سەردەستەی ئەمریکایی و ئەوروپایین، پرۆگرام و چالاکییەکانیان بەپێی داواکاری فەندەر دەگۆڕێت. کەواتە هزر و فەلسەفەی فێمینیستی دەکەوێتە کوێی ئەم دوو جۆرە لە ڕێکخراوی ژنانەوە؟ من لەگەڵ ئەوەدا نیم بەم تێکەڵەیە بوترێت بزووتنەوەی فێمینیستی، ئەمە سەپاندنی شتێکە کە لە بنەڕەتەوە خۆی

بوونی نییە. ناشکرێت لەسەر میراتی فێمینیزم هەژمار بکرێن چونکە لە بنەڕەتەوە هیچ کات کاریان بۆ نەکردووە.

بزووتنەوەی فێمینیستی ئامانجی هەیە، پێگەی کۆمەڵایەتی هەیە لەناو ژناندا، ئایدیا و دونیابینی هەیە، ستراتیژی درێژخایەنی هەیە و لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ کار دەکات، نەک ئەوەی هەر ڕۆژە و چەند کەسێک ناونووس بکەن بۆ کۆمەڵێک وۆرکشۆپی جیاواز و لە هۆتێلی پێنج ئەستێرەدا کۆمەڵێک وێنە بۆ فەندەر بگریت و پێتوابێت ئەمە فێمینیزمە. یان پێیان وایە فێمینیزم وۆرکشۆپ و ڕاهێنانە و ئیدی تەواو. دەکرێ وەهمی فێمینیزم دروست بکەن بەڵام لەسەر بنەمایەکی بەتاڵ و دوور لە ڕاستییەوە.

من تا ئێستا نەمدیوە لەناو ڕێکخراوەکانی ژنانەوە بە بوێرییەوە کەسێک یان کەسانێکیان وەکوو فێمینیست و بە هزر و دونیابینیی فێمینیستانەوە کار و چالاکی بکەن و قسە بکەن. بەڵام وەکوو تاک لە دەرەوەی ڕێکخراوەکان و دامەزراوە حیزبی و حکومییەکان، چ لەناو گەنجاندا و چ

لەناو ژناندا لە کوردستان و تاراوگە هەن و ڕاشکاوانە وەکو فێمینیستێک دەنووسن و قسە دەکەن و کار دەکەن.

## فێمینیزم وەک بەها و پرەنسیپ

فێمینیزم بەر لەوەی هزر بێت، هەڵوێست و بەهایە. ناکرێ تۆ بە خۆت بڵێیت فێمینیست بەڵام لەناو حیزبێکی پیاوسالار و دژە ژندا پۆست و پێگەت هەبێت. ناکرێت بە خۆت بڵێیت فێمینیست و بەشێک بیت لە دامودەزگای دەسەڵات و حیزب و سەرکزانە و کۆنەپارێزانە لەسەر پرسی ژن کار بکەیت. ناکرێت بە خۆت بڵێیت فێمینیست و بە مووچە و سەروەت و سامانی گشتی لەسەر دۆزی ژن، لە دەرەوەی شار، مەزرەعەت هەبێت، لەناو شار ڤیلات هەبێت، سەیارەی ئاخر مۆدێلت لە ژێردا بێت و جلوبەرگی مارکە لەبەرکەیت و لە ماڵیشەوە کارەکەرێکی فرێندراوی ئەفریقایی یان نیپاڵیت هەبێت و خۆیشت لێ ببێتە شۆڕشگێڕ و فێمینیست. ئەمانە بەها و شێوە ژیانی ژنانێکی فێمینیست نین. لە ڕاستیدا پرسی ژن لە زۆر شوێنی دونیا ئێستا وەکوو پیشەسازی لێهاتووە، پێشبڕکێ لەسەر دەرامەت و سامان بۆتە

سیمایەکی دیاری هەموویان نەک هاوپشتی و هاوسۆزی لەگەڵ ژناندا.

## تێپەڕاندنی مێنتاڵیتی زەعیفە

بۆ دەربازبوون لەم دۆخە چەقبەستووەی ئێستای دۆزی ژن، بە بڕوای من بە پلەی یەکەم هۆشیارکردنەوەی ژنان، باوەڕبەخۆبوون، خۆناسین و دونیابینیی ژنانە بنەمای دەرچوونی ژنی کوردە لە ژێردەستەیی و پیاوبێژی و بەکارهێنانیان لەلایەن حیزب، دامودەزگاکان و کۆمپانیای ڕیکلامەکان و میدیاکانەوە. ژنی کورد گرنگە مێنتاڵیتی زەعیفە تێپەڕێنێت، بەو واتایەی هەست بە بوونی خۆی بکات و لە بڕیاردان و کارەکانیدا پشت بە هزر و تواناکانی خۆی ببەستێت. تا ئەم ساتەش زۆرێک لەو ژنانەی لە ڕێکخراوەکاندان، بۆ هەموو کار و چالاکیەک پەنا بۆ پیاو دەبەن، وەک ئەوەی دەبێت بەردەوام پیاوان دانیان پێدابنێن، ئەگەر نا، خۆیان و کارەکانیشیان شەرعیەتیان نییە.

پاساویان ئەوەیە، پێویستە پیاو پشتیوانیان بکات لە کەمپینەکانیاندا. بە بڕوای من ئەوەندەی پێویستە ژن لە خۆیان کۆ بکەنەوە نیو ئەوەندە پێویست نییە پەنا بۆ پیاو بەرن بۆ دانپێدانان بە کار و کەمپینەکانیاندا. بە داخەوە ئەمە هەمان ئەقڵیەتی خۆ بە زەعیفە زانینەیە کە هێشتاش پێویستی بە دانپێدانان و پاڵپشتی هەیە، بۆ ئەوەی بوونی خۆی هەست پێ بکات. بەشێکیشی ترسە لەوەی پێیان بوترێت دژە پیاو.

## ڕۆڵی پیاوانی ئازادیخواز لە دۆزی ژندا

لە ڕاستیدا ئێمە پێویستمان بەو پیاوانەیە کە هۆشیارن بەرامبەر بەو توندوتیژییەی کە پیاوان بە درێژاییی مێژوو کردوویانە بەرامبەر بە ژنان، نەک ئەوەی ئەوان بێن و ببنە واعیز بەسەر ئێمەی ژنانەوە. ژن پێویستی بە پیاو نییە، باسی ماف و ئازادیی ژنی بۆ بکات، پێویستی بەو پیاوەیە کە سەرەتا پیاوە توندوتیژ و پیاوسالارەکەی ناوخۆی فڕێ دابێتە دەرەوە. زۆر گرنگە پیاوان لە جیاتی ئەوەی ئامۆژگاری ژنان بکەن چۆن خەبات بکەن و باسی ئەوەمان

بۆ بکەن فێمینیزم چییە و چی نییە، با بێن و قسە لەسەر (توندوتیژیی پیاوانە) بکەن. با قسە بۆ پیاوانی هاوڕەگەزی خۆیان بکەن و هەوڵ بدەن هەم خۆیان و هەم پیاوانی تریش لە پیاوبێژی، پیاوسالاری، توندوتیژی و کۆنترۆڵکردن ڕزگار بکەن. ئەوە کارێکە کە هیچ پیاوێکی کورد بە خوێندەوار و ڕۆشنبیر و ئەکادیمی و نووسەرەوە ئامادە نین خۆیانی لێدەن، بەڵکوو دێن و فەزای ئێمەش داگیر دەکەن بەوەی مافی ژن چییە و تەنانەت ئێستا دەیانەوێت فێمینیزم لە ڕوانگە و دونیابینیی ئەوانەوە فێربین. من خۆم ئەمە بە سوودبەخش نازانم بۆ دۆزی ژن، چونکە بە هۆی ئەو زوڵمە مێژووییەی بەرامبەر ژنی کورد کراوە، چ لەلایەن پیاوی کورد و چ لەلایەن پیاوی سەردەستەوە، وای کردووە ژنی کورد زۆر بە ئەستەم بتوانێت خۆی بناسێت و ببێتە خاوەن ڕوئیا و دونیابینیی خۆی، هەر بۆیەش زۆر جار دەبینین، پەنا دەبەنەوە بەر پیاو و تەنانەت لەسەر پرسی ژنیش ئەوەندەی قسەی پیاو دەچێت بەگوێیاندا ئەوەندە قسەی ژنانی تر ناچێت بە گوێیاندا. زۆر جار لە ژن بوون و بیرکردنەوە لە زوڵم و

چەوسانەوەی خۆیان ڕادەکەن و لەژێر پاساوی ئەوەی ژنیش مرۆڤە، دەبێت خەبات بۆ مافی مرۆڤ بکرێت. ئەم پاساوانە ئەوەندەی ڕاکردنە لە ڕاستییەکی تاڵی ژن بوون و چەوسانەوە، ئەوەندەش ڕاکردنە لە بیرکردنەوە و قوڵبوونەوە لەم زوڵمە مێژووییە. دیارە من دەزانم ئاسان نییە بۆ هەموو ژنێک، ڕاشکاوانە بنووسێت و کار بکات و قسە بکات لەسەر ئەم پرسە، چونکە ئەوەندەی دوژمنی بۆ دروست دەبێت لەناو پیاوان و ژنانیش نیو ئەوەندە لایەنگری بۆ دروست نابێت، ئەمەش بە هەموو ژنێک تەحەمول ناکرێت. چونکە تێپەڕاندنی مێنتاڵیتی زەعیفە و کۆیلە، کاتی زۆر دەوێت.

## بەرەو ئایندەیەک بۆ لەیەک تێگەیشتن و خەباتی سەرتاسەری

مێژووی توندوتیژی و سەرکوتی ژنان، نابێت ئێستا و ئایندەی ژیان و پەیوەندییەکانمان تاریک بکات، بەڵکوو بە ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە و پێشنیاری ئەڵتەرناتیڤی ڕادیکاڵانە، دەکرێت بەردی بناغەی ئایندەیەک دانێین کە

لەسەر بنەمای تێگەیشتن و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بێت لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە.

من لە دژی کردنەوەی بەرەیەکم لە دژی پیاو، یان بەرەیەکی ژنانە بە تەنها، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت هاوسەنگی دروست بکەین بۆ کار و خەباتی هاوبەش، ئەگەر نیوەکەی تری کۆمەڵگە کە پیاون، هیچ پرسیار لەسەر پیاوگەرایی و ئیمتیازاتی پیاوانەی خۆیان دانەنێن. خەباتی ئێمە نوقسان دەبێت ئەگەر بەڕاشکاوی و ڕاستگۆیانە بە پیاوەکان نەڵێین کە کاتی ئەوەیە ئێوەش بە ئەرکی خۆتان هەڵستن و لەجیاتی ئەوەی لە کۆڕ و سیمینار و سۆشیال میدیادا نەسیحەتی ئێمە بکەن و باسی مافی ژن بکەن، تکایە باسی توندوتیژیی پیاوانە بکەن، باسی ژەهرەکانی پیاوسالاری بکەن بۆ هاوڕەگەزەکانتان. بۆ ئازادبوونی هەردوولا پێویستە پیاویش لەناو هاوپیشە و هاوبیر و هاوڕەگەزەکانی خۆیاندا بکەونە دیبەیتکردنی ئەو دەردانەی کە سەدان ساڵە ژن و پیاوی کردووەتە دوژمن لە یەک، کە ئیمتیازی پیاو بوون، پیاوگەرایی و توندوتیژیی پیاوانەیە کە

زادەی ئاین و سیستمە ئابووری و سیاسییە یەک لەدوا یەکەکانن. لێرەوە هەڵبەت ئێمە خەباتێکی گەورەترمان لە پێشە کە ئەویش شەڕە لە دژی کۆی سیستم، خەبات لە دژی بەتایبەتیکردنی هەموو سێکتەرەکانی خزمەتگوزاری، لەناوبردنی جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی، بۆ ئەمەش پێویستمان بە هەموو کەسێکە، هەموو ڕەگەزەکان.

ژنان و پیاوان بەتایبەت کاتێک کە پیاوانیش بە ئەرکی خۆیان هەڵسان و هۆشیارییان لای خۆیان و هاوڕەگەزەکانیشیان دروست کرد لە دژی ژن-ئازاری و توندوتیژی، ئەو کات ئەم دوو مرۆڤە دەتوانن لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و ئابووریی مەدەنییانەدا بە ئاشتییانە هەڵبکەن.

**تێبینی:** ئەم بابەتە یەکەم جار لە ٢٥ی تشـــرینی یەکەم ٢٠٢١ لە ماڵپەڕی ژنەفتن بڵاو کراوەتەوە

# پرسی فێمینیزم لە هەرێمی کوردستان
# جۆرەکانی فێمینیزم و جیاوازییەکانیان



گۆنا سەعید

## پێشەکی

ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ بەرهەمهێنانی تێگەشتنێکی داینەمیک و زیندوو لە چۆنێتی ئامادەیی فێمینیزم لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لەنێو کار و خەبات و هەوڵی ڕۆژانەی ژناندا. هەروەها دەیەوێت تیشک بخاتە سەر فێمینیزمە جیاوازەکان لە کوردستان و پەیوەندیی نێوان ئەوان و ژنان لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەم وتارە لە چەند بەشێکدا نووسراوە، لە سەرەتادا بە پشتبەستن بە پێناسێکی سادە و گشتی لە "فێمینیزم" دوو پێوەر بەکار دێنێت بۆ ڕوانین لە ئامادەییی فێمینیزم لە کوردستان. یەکەم؛ ناسینەوە و دەستنیشانکردنی نموونەکانی پراکتیسی فێمینیستانە لە ژیانی ڕۆژانەی ژنان و کۆمەڵگەدا و دووەم؛ ئاستی بەرهەمی تیۆری، هزر و بیرکردنەوەی فێمینیستی لە کوردستان. بە تێڕامان و سەرنجدانی ئەم دوو پێوەرە، تێگەیشتنمان دەدەنێ سەبارەت بە فێمینیزم لە کوردستان وەک بەشێک لە خەباتی بەردەوامی ژنان بۆ بەدەستهێنانی

ماف و پێگەی زیاتر و ڕووبوڕووبوونەوەی ستەم و چەوسانەوە لە سەریان.

لە بەشی دووەمدا ئەم وتارە گوزەرێک دەکات بەسەر جۆر و جیاوازەکانی فێمینیزم و گەشەکردنیان لە ئەوروپا و ڕۆژاوا لەگەڵ کاتدا. لێرەوە ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە فێمینیزم لە هیچ کات و سەردەمێکدا خاوەنی یەک گوتار و، پێناسێکی سادە و ڕاستەوخۆ نەبووە. بەم پێیەش هیچ کات یەک جۆری فێمینیزم نەیتوانیوە ئامرازێک بۆ خەباتێکی یەکگرتوو بۆ هەموو ژنان پێکەوە بەدەست بهێنێت. بەڵکوو ژنان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگەی دابەش بوو بەسەر بەرژەوەندیی چینایەتیی جیاوازدا، ئەوانیش هەمیشە بەپێی جێگا و ڕێگای چینایەتییان، بەپێی ئینتمایان بۆ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تر، لە گرووپی جیا جیادا جۆرەکانی فێمینیزمیان گەشەپێداوە و هەڵبژاردووە و، یان ڕەتیان کردووەتەوە، ڕێگای کار و خەباتی جۆراو جۆریان گرتووە بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادیی زیاتر، و وەستانەوە بە ڕووی هەڵاواردن و جیاکاری ڕەگەزی. لە بەشی کۆتاییی وتارەکەدا لە ڕێگەی

چەنــد ئەنجــامگیرییەکەوە، ڕەنگــدانەوەیەی جۆرەکــانی فێمینیزم و جیاوازییان لەنێو خەباتی ژناندا لە کوردســـتان ڕۆشـــنتر دەبێتەوە و، خاڵە هاوبەشـــەکانی کە دەتوانێت هەوێنی خەباتێکی یەکگرتووی ژنان بێت بەرجەســـتەتر دەردەکەوێــت و پەیوەنــدیی خەبــاتی فێمینیســـتی لە کوردســـتـان بە فێمینیزمەکـانی ئەوروپی و جیهـانییەوە ڕوونتر دەبێتەوە.

## ١. پراکتیسی فێمینیستی لە کوردستان چییە؟

ئەگەر تێگەشتنێکی سادە و ئایدیاڵ لە پراکتیسی فێمینیزم بریتی بێت لە هەر هەوڵ و خەباتێکی بەردەوامی ژنان و "پیاوانی یەکسانیخواز" لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بۆ وەســـتانەوە بەرانبەر بە جیاکاری و هەڵاواردن لە دژی ژنـان کە بە هۆی "ژنبوونەوە" ڕوو دەدەن، بە ئـامـانجی بەدەســـتهێنانی ماف و ئازادیی زیاتر لە بوارەکانی ژیانی ســـیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. ئەوا کۆمەڵگەی کوردســـتـان وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تری زینـدوو و داینەمیکی دنیا، خەباتی ژنان لە بەرانبەر بە نایەکســـانی و

بێمافیدا پێ بە پێی جۆرەکانی تری خەبات و تێکۆشـــانی نێو کۆمەڵگە، بوونی هەبووە.

هەندێک بەڵگەی کەم بەردەســتن کە باس لە دەوری ژنان دەکەن لە ســـەرەتـای ســـەدەی ٢٠دا کە پێ بە پێی گۆڕانکارییە ســیاســییەکان هەوڵی باشــترکردنی جێگا و پێگەی ژنیان داوە لە کۆمەڵگە و لەنێو خێزاندا. نموونەی زۆرتر بەردەستن لە دوای ساڵی ١٩٥٨ و، بە تایبەتتریش لە ســـاڵانی هەفتاکانی ســـەدەی بیســـتەوە هەتا ئەم ســـەردەمەش، کە دەکرێت وەک نموونەی خەباتی ژنان بۆ ئازادی و مافی زیاتر و ڕزگاری لە دەســت پیاوســالاری، واتە وەک نموونەی پراتیکی فێمینیســـتی لە کوردســـتان بناسێندرێن.

کۆمەڵگەی کوردســـتان لە ســـەدەی بیســتدا خەباتی دژە کۆلۆنیـالیزم و دژە داگیرکـاری، خەبـاتی چەپ و سۆشیالیستی حیزبی شیوعی ساڵانی پەنجا و شەستەکان، خەباتی چەکداری ناســیۆنالیزمی پارتی و یەکێتیی دەیەی هەفتاکان و هەشـــتاکان و، لە نەوەدەکان خەباتی چەپ و کۆمۆنیسیشی بە خۆیەوە بینیوە، ژنانیش چ وەک تاک یان

وەک گروپ هەمیشـــە لەتەنیشـــتی ئەم جووڵانەوانەی تر هەوڵیان داوە کە پێگە و جێگەی خۆیان لە بەرانبەر پیاواندا باشـــتر بکەن و فرســـەتی زیاتر بە دەســـت بهێنن بۆ بەشـــداریـکـردن لەو بـوارانەدا کە ئەم بـزووتـنەوانە ڕەخسـاندوویانە. ئەو هەوڵدانانەی ژنان لەژێر هەر ناوێکدا یان لەنێو هەر چوارچێوەیەکی سـیاسـیدا بووبێت نموونەی جۆری جیاواز لە پراکتیســی فێمینیســتی ژنان بوون لەو مێژووانەدا.

ئەوەی کە زۆر بەرجەستەیە لە هەموو ئەم دەورانەدا، ئەو ڕاســتییەیە کە خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری و یەکســانی و، پراتیکی فێمینیســتی ئەوان زیاتر وابەســتە و هەمیشــە تێکهەڵکێش بووە بە خەباتی ســیاســی حیزب و گروپە ســیاســییەکانەوە، بە بیر و بۆچوون و ئایدیۆلۆجیای جیاوازەوە. چەندە ئەم حیزب و گروپانە ســیاســەتێکی پێشــکەوتنخواز و یەکســانیخوازیان هەبووبێت، ژنانیش فرسەتی باشتر و زیاتریان بەدەست هێناوە کە خواست و ئامانجە فێمینیستییەکانیان بەرنە پێشەوە و جێگە و ڕێگەی خۆیان لەو چوارچێوانەدا باشتر بکەن.

بۆ نموونە، لە سەردەمی خەباتی حیزبی شیوعیی بەر لە سالانی هەفتاکان هەزاران ژن بەشداری خەباتێکیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی و ئازادی و ڕزگاریی خۆیان. لەنێو ڕیزەکانی خەباتی چەکداری پارتی و یەکێتی(بەتایبەت یەکێتی)ی لە کۆتاییی هەفتاکان و هەشتاکان لە خەباتی شاخ، سەدان ژن هەوڵیان داوە کە خەباتی چەکداری بکەن و بە ئامانجی ئەوە کردوویانە کە جێگە و پێگەی ژنان لە "شۆڕش"دا بکەنەوە. تەنانەت لەنێو یەکێتیی ژنانی حیزبی بەعسیشدا لە هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان ژنانێک هەبوون کە هەوڵیان داوە بۆ زیادکردنی فرسەتی خوێندن و کارکردن و تەندروستی بۆ ژنان و بەهێز کردنی پێگەی ئابوورییان. لە ساڵی نەوەدەکان و دەرکەوتنی بەرجەستەتری ڕێکخراوەکانی ژنانی پارتی و یەکێتی و حیزبی شیوعی و ئیسلامییەکان، بە سەدان ژن و کچ لە ڕیزی ئەم حیزبانەدا کاریان کردووە و خەریکی بردنە سەری توانایی و پێگە و شوێنی ژنان بوون بەو مەرجانەی کە بۆیان دیاری کرابوو. تەنانەت هەر لەم سەردەمەدا ژنانی نێو پارتە ئیسلامییەکان هاتبوونە پێش

و باسیان لە خەبات لە دژی توندوتیژی و دادپەروەری بۆ ژنان دەکرد.

هەر لەو دەیەیەدا ئەوەی کە پێشـــەنگی خەبـات بوو بۆ یەکســـانی و مافەکانی ژنان و دژی توندوتیژی و تیرۆری ژنـان، بە ســـەدان ژنـانی کۆمۆنیســـتی نێو ڕێکخراوی ســەربەخۆی ئافرەتان بوون، کە ئەم ڕێکخراوەش لە باری سـیاسـی و ئایدیۆلۆجییەوە سـەر بە حیزبی کۆمۆنیسـتی کرێکـاری بوو. ئەم ژنـانە توانیـان نموونەی گەورە لە نەریتەکانی چەپ بۆ خەبات بۆ یەکســـانی و ئازادیی ژنان زۆر ڕادیکاڵانە لە کۆمەڵگەی کوردســـتان بۆ یەکەم جار نمـایش بکەن. پلاتفۆرمی مـاف و داواکـارییەکـانی ژنـان، نووسینەوەی یاسـای یەکسانی، وەک بەدیلی یاسـای باری کەسێتی، دانانی پەناگای داڵدەدانی ژنانی هەڕەشـەلێکراو لە کوردســـتـان و کـارکردن بۆ یەکەم جـار لەگەڵ ژنـانی کرێکاری نێو کارگە بچووک و ئەهلییەکان، بەشـێکی کەمن لەو جۆرانە لە چـالاکی و خەبـات. هەرچەنـدە ژنـانی کۆمۆنیســـت هیچ کات بە خۆیان نەوت فێمینیســـت، لەبەر ئەو باوەڕەی کە بەدیهاتنی یەکســـانیی تەواو بۆ ژنان لە خەبـات بۆ ســـۆشـــیالیزم و بەدیهێنـانی کۆمەلگەیەکی

یەکسـاندا دەبینن، بەڵام ئەمە ناتوانێت ئەو ڕاسـتییە ڕەت بکاتەوە کە ئەم سـەدان ژنە خەریکی خەبات بوون بۆ مافەکانی تایبەت بە ژنان و، وەسـتانەوە بەرانبەر سـتەم و چەوسانەوەی ژنان.

لە دوو دەیەی ڕابردووشـدا، بەتایبەت دوای ٢٠٠٣وە، بە سـەدان ژن بە هۆی کۆتای سیاسـی و کرانەوەی دەرفەتی بەشـداری لە هەموو بوارەکـانـدا، چوونەتە نێو ڕیزی سیاسـەت و لەوێوە خەریکی بەدەسـتهێنانی پلە و پۆسـتی حیزبی و سیاسـی و پۆسـتی باڵای نێو دەسـەڵات بوون و، هێشـتا سـاڵانە سـەدانی تریش هەر خەریکی ئەو کارەن. لە بەشی خوارەوەی کۆمەڵگەدا، بە سەدان ژنانی چالاک لەنێو ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵی مەدەنی کـار دەکەن، ڕێکخراویـان دروست کردووە و، ڕۆژانە کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان دەکەن و لە ڕیزی پێشەوەی خەباتن بۆ گۆڕینی یاسا بە قازانجی ژنان و دەستەبەرکردنی مافی زیاتر، چاودێریی یاسـا، داڵدەدانی ژنان، پاراسـتنیان لە دەسـت توندوتیژی، دابینکردنی پارێزەر و ؛ جگە لە چەندین گرووپی فشـار و

هەڵمەتەکانی هوشیاری و خۆپێشاندان و نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی پلاتفۆرمی مافەکانی ژنان.
کەمپینە جۆراوجۆرەکانی ژنان بە درێژاییی ١٧ ساڵی ڕابردوو بەردەوام هەبوون، کە هەندێکیان جێگای گرنگیان لە خەباتی ژناندا هەیە. کەمپینەکانی دژی توندوتیژیی لەسەر ژنان، کەمپینەکانی دژی تیرۆری ژنان، کەمپینەکانی دژی بەردەبارانکردنی دوعا، کەمپینی "ناوی من ناوی دایکمە"..، هتد. سەدان کۆنفرانس و سیمیناری جۆراوجۆر، بەرنامەی هوشیاری و تواناسازیی ژنان، نوێنەرایەتی و قسەکردن و بەشداریکردنی چالاکانی ژنان لە میدیادا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵاواردن، سووکایەتی و هەڕەشە و توندوتیژیی لەسەر ژنان.
ژنانی کارمەند و کرێکار و چینی خوار مامناوەندی لە کوردستان، هەم وەک تاکەکەس و، هەم وەک گروپ لەسەر دوو تەوەرەی جیا خەبات دەکەن، یەکیان بۆ بژێوی و ژیان و گوزەرانی خۆیان هەموو ڕۆژێک وان لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی، ئەمە بەشداری ئەوانە لە خەباتی چینایەتیی ئەوان بۆ بەدیهاتنی خواستە ئابووری و خزمەتگوزارییەکان. و لەسەر ئاستێکی تر

هەموو ڕۆژ بەرەنگاریی دەستدرێژی سێکسی لە شوێنی کار دەبنەوە، بەرەنگاریی لەگەڵ جیاوازیی کرێ و دەرماڵە دەکەن بە هۆی هەڵاواردنی ڕەگەزییەوە، دژی توندوتیژی دەوەستنەوە و، دژ بە کۆنەپەرستی دینی و خێڵەکی دەنگ هەڵدەبڕن.

ئەمانە هەمووی دەکرێت نمونەی پراکتیسی فێمینیستی جۆراوجۆر بن کە ژنان لە کوردستان کردوویانە و بەردەوامن لەسەری. ئەمانە تایبەتمەندییەکانی خەبات و پراکتیسی ڕۆژانەی ژنانی کوردستانن لەم سەردەمەی ئیستادا. جا چ بۆ قایمکردنی پێگەی ژنان بێت لەنێو دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و پۆست و پلە باڵاکاندا و، یان بۆ خواستە گشتییەکانی تری وەک بەدیهێنانی مافی زیاتر و یەکسانی و وەستانەوە بێت بە ڕووی جیاکاریی ڕەگەزی لە کۆمەڵگە و لە مەیدانی کار و ماڵدا. ئەوەی کە پێویستە بۆ تیۆرناسە فێمینیستەکان، کە ئەم پراکتیسانەی خەباتی ڕۆژانەی ژنان، ببێتە جێگای تێڕامان و لێکۆڵینەوە و پێناسکردنەوە. لەجیاتی ئەوەی بە نامۆ لە "فێمینیزم" لێک بدرێنەوە، دەبێت لە پەیوەند بە "فێمینیزم"[1] و جۆرەکانییەوە،

لەو مێژووە دیاریکراوانەدا پێناسـە بکرێن و تێگەشـتنی تیۆری بەرانبەریان بەرهەم بهێنرێت.
ئەگەر کەسـێک بپرسـێت چۆن کرداری ژنانی "ئیتحاد نیسـائی بەعس" بە فێمینیزم نـاو دەبرێت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئەوان خەریکی بەدەسـتهێنانی پلە و پۆسـتی باڵای سیاسی و ئابووری بوون بۆ خۆیان لەنێو پەیکەرەی ئەو دەسـەڵاتەدا و، توانیشـیان بڕێک فرسـەت بۆ ژنانی تر بەدەست بهێنن کە بچنە بەر خوێندن و ببنە خاوەنی کار و ئابووریی سـەربەخۆ، هەر ئەم ژنانەش لە هەمان کاتدا چاویان دەپۆشـی لە سـەرکوتی سـیاسـی و ئەنفال و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان. ئایا ئەمە هەر نموونەیەکی تری ئەو بەشـە لە فێمینیزم نییە کە لە زۆر جێگەی تری جیهـاندا هەمیشـە پاڵ دەسـەڵاتی گرتووە و خەریکی کردنەوەی جێگای خۆیەتی لەنێو پۆسـت و پلە باڵاکاندا و، بۆ ئەمەش هەمیشـە چـاوپۆشـی کردووە لە هەمو نەهامەتییەکانی ٪۹۹ ی ژنانی تر و خەریکی بەدەستهێنانی دەستکەوت بووە بۆ ژنانی ئیلیت و نێو چینی باڵادەست. لە ڕاسـتیـدا ئەمەش جۆرێکە لە فێمینیزم کە لە بەشـی داهاتوودا ڕۆشنتر دەبێتەوە.

## ٢- هەژاری تیۆری فێمینیستی لە کوردستان:

پێوەرێکی تر بۆ ئاست و ئامادەیی فێمینیزم لە کوردستان بریتییە لە ئـاسـتی بەرهەمی بیرکردنەوە و تیۆری فێمینێستی لە کوردستان. بەرهەمی هزرێک کە بەرئەنجامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی مەیدانی و لێکدانەوە و شـیکاری بێت بۆ بارو دۆخی ژنان و سـەرچاوەی سـتەمی ڕەگەزی و هەوڵەکـانیـان بۆ ئـازادی و یەکسـانی، بێت. ئەمەش پێوەرێکی باشـە چونکە هەم دەژمێردرێت و هەم لە باری چۆنـایەتییەوە دەبینرێت، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین چەنـد لێکۆڵینەوە و کتێب و وتارمان هەیە کە فۆکەسـی لەسـەر لایەنە گرنگەکانی ئەم بابەتەی بەردەستمان کردبێت؟

بە گوزەرێکی خێرا بەسـەر ئەوەی تا ئێسـتا بەرهەم هاتووە، لەم بارەوە کەلێنی گەورە هەسـت پێ دەکرێت، بەتـایبەت لە بواری لێکۆڵینەوەی مەیـدانی و لێکـدانەوە و شـیکاریدا سـەبارەت بە ئەزموونی ژنانی کوردسـتان و

پەیوەندیی بە تێوری فێمینیستی لە جیهاندا. هەڵبەت وەک زۆرێک لە بوارەکانی تری گەشەی کۆمەڵگە، لەم بوارەشدا کاری باش دەستی پێ کردووە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بە تایبەت کاری وەرگێڕان و گواستنەوەی ئەزموونی فێمینیزمی ئەوروپی و جیهانی. بەڵام ئاستی ئەم کارە لە کوردستان هێشتا زۆر سەرەتاییە. لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان و لێکدانەوەی پشتبەستوو بە زانستەکانی وەک (مێژووناسی، کۆمەڵناسی، جێندەرناسی) لەسەر بارودۆخی ژنان و شێوازەکانی خەباتیان تا ئاستی نەبوون وایە.

هەژارییەک بەدی دەکرێت کە لە ژمارەی وتار و نووسینەکاندا نییە، بەڵکوو زیاتر لە کوالیتی و بەڵگە و ئاراستەکانیاندایە. کاتێک کەسێک دەگەڕێت بە دوای بابەتی فکری و لێکۆڵینەوە، بۆ نموونە سەبارەت بە مێژووی ژنان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان، ئامارەکانی کارکردن و خوێندەواری و تەندروستی و.. هتد، پەیوەندیی هێزی ژن لە لادێ لەنێو خێزان و لە کێڵگە، هێزی ژن لە خێزانی ناو شار، بەشداری ئابووریی ژنی کرێکار، خەسڵەتەکانی ژنی ماڵەوە! بە دەگمەن بابەتی لەم جۆرانەی

دەستکەوێت. هەر بۆیەشە تا ئێستا تیۆرییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فێمینیستی نییە کە بە بنەما بە بەڵگە و ئامار و بارودۆخی تایبەت بە ژنانی کوردستان، تێگەیشتنێکی فراوانی لەسەر ژنان و خەباتی ڕزگاریخوازیان دروست کردبێت. سەرباری بوونی چەند سێنتەری خوێندنی جێندەر و هەروەها چەند بەرهەمێکی ئەکادیمی لەسەر فێمینیزم لە کوردستان، هێشتا سەرەتای ئەو ڕێگایەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە.

پێویستە ئەوە ڕۆشن بێت کە بەرهەمهێنانی لێکۆڵینەوەی زانستی و فیکری و تیۆریی تایبەت بە ئەزموونی خەبات و پراتیکی فێمینیستی ژنان لە کوردستان، کارێکی زۆر قورستر و درێژ خایەنتر و زۆر فراوانترە لە چاو گوتارێکی فێمینیستی کە ئێستا بوونی هەیە و، هەوڵی نوێنەرایەتی کردنی فێمینیزم لە کوردستان دەدات.

لەم بارەوە فێمینیزمی ڕۆشنگەری لە چەند کۆنفرانسێکدا بە گوتارێکی نیمچە سێکولارەوە بۆ نێو ژنان و پیاوانی سێکولار و شاری و ئیلیت دەبینین. گوتاری ئەم فێمینیزمە، دەبێت هەمیشە سەری نەویتر بێت لە سەقفی "پاراستنی

پیرۆزییە ئاییینییەکان". واتە هەر لە سەرەتاوە ڕێگەی ڕەخنەی ڕادیکالانەی ئایینی لێ گیراوە. سەربارى پشتیوانى حیزبێکی نێو دەسەڵات و بوونی سەرچاوەی دارایی و مرۆیی، بەم چالاکی و کۆنفرانسانە نەیتوانیوە ببێتە ئامرازی بەرهەمهێنانی تیۆرییەکی تایبەت بە فێمینیزم لە کوردستان و، تا ئێستا گوتارێکی ڕۆشنی نەبووە سەبارەت بە فێمینیزم و خەبات بۆ ڕزگاریی ژنان، بەڵکوو خەریکی تێکەڵکردنی "دیموکراسی و ئایین و سیکولاریسم و کولتوور"ە و هەر لە سەرەتاشەوە دژایەتی خۆی لەگەڵ چەپ و سۆشیالیزم و ڕەخنەی مارکسیستیشان داوە.

هەروەها گوتارێکی تری سەر بە بۆچوونی فێمینیزمی ڕادیکاڵ هەیە، کە دژی داگیرکاری پیاوانە بۆ هەموو کایەکانی زانین و کولتوور و نووسین و سیاسەت و... هتد دەنگی هەڵبڕیوە، وە خەریکی گواستنەوەی ئەزموونی فێمینیزمی ئەورووپی و ڕۆژاوایە بۆ ژنان لە کوردستان. هەرچەندە ئەم گوتارە هەوڵی داوە کە دەنگێکی ئەرێنی بۆ فێمینیزم و ناساندنی لە کوردستان دروست بکات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە لە هەوڵی سەپاندنی جۆرێک لە تێگەشتنی تایبەت لە فێمینیزم و چوارچێوەیەکی نامۆن

بەســـەر ژنان لە کوردســـتان، کە بەرهەمی خوێندن و تێگەشـــتنی کەســـەکان خۆیانە لە فێمینیزمی ئەوروپایی و ڕۆژاوایی. بەشـێک لەم گوتارە فێمینیزمی کردۆتە دەفرێکی نـامۆی فڕیو بەســـەر ئـاســـمـانی کۆمەڵگەوە، ژنـانی لە کوردســـتان، بەتایبەت ژنانی چالاکی نێو ڕێکخراوەکانی خســـتووەتە بەردەم تاقیکردنەوەی فێمینیســـت بوون، لەو ئاســـمانەوە شـــەهادە دەبەخشـــێت و بڕیار دەدات کێ فێمینیســتە و کێ فێمینیســت نییە! ئەوە ڕاســتە کە هەندێک فـاکتەری جیهـانـداگر هەیە، لەوانە ســـەرمـایەداری و پیاوسالاری کە لە هەموو جێگایەک، هەرچەندە بە شێوازی جیاواز، کاریگەرییان لەسـەر نایەکسـانی و سـتەم لەسـەر ژنان داناوە. بەڵام ژنان لە کوردســـتان بارو دۆخی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەو پێیەش ئەزموونی خەبـاتی جیـاوازییـان هەیە دژی ســـتەمکاری. کاری لێکۆڵینەوە و هزر، تیۆری فێمینیســـتی، ئەوەیە کە تێگەشتن لەسەر ئەمە دروست بکات، نەک ژنان و هەوڵەکانیان بە دواکەوتوو یان "نەزانی" یان نائاگایی تاوانبار بکات.

گوتارێکی تری فێمینیزم لە کوردســـتان، کە ئەمیش وەک ئەوانی تر نامۆیە بە خەباتی ڕۆژانەی ژنان لە کوردستان، ڕێبـازی ژنۆلۆجی عەبـدوڵا ئۆجەلانە کە لەم ســــالانەی دواییدا هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە فکرییەی خەبات بۆ ڕزگاریی ژنان دەدات. لەســــەر دەســــتی ئەم دۆکتۆرینە، گەریلا ژنەکانی کۆبانی، کە نەبەردییەکی بێوێنەیان لە دژی داعش نیشـــان دا، کراونەتە نموونەی ئەم جۆرە فێمینیزمە. نموونەی ژنێکیی خەیاڵی و بەهەشــــتی، کە ئازادە، ئازایە، جەنگاوەرە، بەڵام بێســـێکســــە، و هەموو خواســــت و ئارەزوویەکی ســــێکســــی هەڵگرتووە بۆ دوای ئازادی و ڕزگاریی گشتی. ئاسۆ کەمال لە کتێبی ژنۆفۆبیای ئۆجەلان جەخـــت دەکـــات لەوەی کە "ئەم تێوریەی ئۆجەلان بۆ لادێکـــانی کوردســــتـــانی تورکیـــا، کە لەلایەن دەوڵەتی فاشــــیســــتی ڕەگەزپەرســــتی تورکیاوە لە دواکەوتویی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هێڵراوەتەوە، دەتوانێ "بەئاســـانی خەڵکی ســــادە" لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بەڵام ناکۆکە بە ژیانی شارنشینی کۆمەڵگەی کوردستان."

## ٣-جۆرەکانی فێمینیزم لە جیهان و جیاوازییەکانیان

نــاســـــینی فێمینیزم وەک بزووتنەوەیەکی فراوانی فرە ڕەهەند، بە هەموو ئاراســتە و تێگەیشــتنە جیاوازەکانییەوە یارمەتیمان دەدات کە ئەزموونی ژنان لە کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕەهەندە جیاوازانە ببینین و پێناسیان بکەین. هەرچەنــدە لە چوارچێوەی وتــارێکی لەم جۆرە، تەنهــا دەتوانرێت گوزەرێکی خێرا بکرێت بەســـــەر جۆرەکان و جیاوازییەکانی فێمینیزمدا. خۆشــبەختانە ئەم کارە لەلایەن چەندین کەســـــی ترەوە کراوە و لەم بارەوە کتێبخانەی کوردی هەژار نییە.

**مارتا ئێ گیمینزی**، بە ڕەچەڵک ئەرجەنتینی و پرۆفیسۆری سۆسیۆلۆجی لە زانکۆی کۆلارۆدۆ، دەڵێت، فێمینیزم یەک شــت نییە، بەڵکوو چەترێکە بۆ ڕێگای جۆراوجۆر. زۆرێک لە لێکۆڵەرانی بزووتنەوەکانی فێمینیزم هـاوڕان لەســـــەر ئەوەی کە فێمینیزم هەرگیز نەبووەتە جەســـــتەیەکی یەکخراوی فیکر، هەر بۆیە شـــێوازی فرەجۆری هەیە و، بەردەوام شێوازی تازەشی لێ بەرهەم دێت کە لە ئەنجامی

دایەلۆگ و مشــتومڕی فکری و پراکتیس و ئەزموونکردنی ژنان لەنێو جووڵانەوەکان و خەباتی ڕۆژانە لە کۆمەڵگەدا، فێمینیســتەکان لێکۆڵینەوەی لێ دەکەن، بیری لێ دەکەنەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکەن، هەر بۆیە بەردەوام گەشە دەکات و، تەنانەت جار جارە جۆرێکیان کە پاشــەکشــەی کردووە، لە جێگای جۆرێکی تر بەرهەم هاتووە.

یەکێــک لە میتۆدە بــاوەکــانی پۆلێنکردنی فێمینیزم جیاکردنەوەیانە بەپێی ئاراستەی سیاسی و ئایدیۆلۆژییان، چونکە یەکێک لە خاڵە جیاکەرەوە بەرجەســـتەکانانە. هەروەک **جاکلین کۆک** و **مێگ لۆکســـتون** دەڵێن ئەوەی فێمینیســـتەکان کۆ دەکاتەوە پێکەوە، پابەندبوونیانە بە دژایەتیکردنی ســـتەم لەســـەر ژنان، بەڵام ئەوەی وای کردووە کە بوونی یەک تیوری فێمینیســتی یەکگرتوو هیچ کات ئیمکانی نەبێت تیوەگلانی فێمینیزمە لەگەڵ تیۆری و سیاسەتی جۆراو جۆردا.

ئەم وابەســتەییە بە ئایدیۆلۆجیا و ســیاســەتی ترەوە لە چەند مشتومڕی سەرەکیدا لەنێوان فێمینیستەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە بە فراوانی؛ لەوانە جیاوازیی سەبارەت بەوەی کە ژنان جێگا و ڕێگای چینایەتی و بەرژەوەندیی جیاوازیان

هەیە، یان گروپێکی هۆمۆجینیەســـن بە هۆی ســـەرکوتی ڕەگەزییەوە. و یان جیاوازییان لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی مێژوویی ســتەم و چەوســانەوەی ژنان؛ لە ئەنجامیشــدا هەمیشـــە گەیشـــتوونەتە ڕێگاچارە و شـــێوازی خەباتی جیاواز بۆ کۆتاییهێنان بە ستەمی ژنان. کۆک و لۆکستون خەجت لەوە دەکەنەوە کە هیچ کات ململانێ تیۆرییەکان لە دەرەوەی ململانێی چینـایەتییەکـانـدا ڕوو نـادەن، بەڵکوو جیـاوازیی چینـایەتی بەردەوام کـاریگەریی لەســـەر دابەشبوونی فێمینیستە تیۆریسەنەکان داناوە.
بەپێی ئەم شـیوازە لە پۆلێنکردن، مارتا ئێ گیمینزی، چوار ئاراستەی سەرەکیی فکری فێمینیزمی دیاری کردووە لەنێو بزووتنەوەی ژناندا:

**یەکەم**: لیبرال فێمینیزم، کە بە فیمینیزمی ژنـانی چینی ناوەڕاست و باڵادەستیش ناسراوە. ئەم جۆرە لە فێمینیزم ئاماجی ســـەرەکیی یەکســـانکردنی ژنانە لە پێگا و جێگای دەســـەلاتی ســـیاســـی و ئیداریدا لەگەڵ پیاوان هەر لە چوارچێوەی ســیســتەم و نیزامی ئابووری و ســیاســی

سـەرمایەداریدا. کێشــەی ئەم فێمینیزمە لەگەڵ بەربەســتە فەرمییەکاندایە کە وان لە بەردەم فەراهەمبوونی دەرفەتی یەکسـان بۆ ژنان لە بوارەکانی پەروەردەیی و سـیاسـی و یاســـاییدا. بەرگریکارانی ئەم فێمینیزمەیە، پێیان وایە کە ژنان دەبێت بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بن کە چۆن مافی زیاتری سـیاسـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگا و سیستەمی ئیستادا بەدەست بێنن.

**دووەم:** فێمینیزمی ڕادیکـاڵ کە کێشــــەی ســــەرەکی بە بـاڵادەســـتی پیـاو لە بوارەکـانی ژیـانـدا دەزانێـت، وە پیاوسـالاری وەک هۆکاری سـەرەکیی سـەرکوت و سـتەم لەسـەر ژنان دەناسـێنێت. فێمینیزمی ڕادیکاڵ تەواو بڕوای وایە هەموو کێشـە و نایەکسـانییەکانی تر پلە دوون لە چاو نـایەکســــانیی ژن و پیـاودا. گوتـاری ئەم فێمینیزمە بە جۆرێکە کە هەندێک جار وا دەردەکەوێت کە هەموو پیاوان هەموو ژنان دەچەوسێننەوە. پێویستە ئەوەش بوترێت کە فێمینیســـتە ڕادیکاڵەکان لە گەڕانیان بەدوای ســـەرچاوەی ســـتەم و پلەدوویی ژناندا، بوونەتە خاوەنی تێگەیشـــتن و هزری فراوان کە هەوێنی بەشـــێکی زۆر لە جووڵانەوە و

خەباتی ژنانیان ئاراســـتە کردووە. بەپێی ئەم ئاراســـتەیە ژنان وەک گروپێکی چەوساوە، دەبێت لە پێناو ئازادکردنی خۆیان لە دەست ستەمکارەکانیان کە پیاوانن، تێبکۆشن.

**سێهەم**: فێمینیزمی سۆشیالیستی کە لە لایەک ڕەخنەگری سیستەمی ئابووریی سەرمایەدارییە و، تەواو بڕوای وایە کە یەکسانییەکی مانادار لەنێو کۆمەڵگەی چینایەتیدا بەدی نایەت، لە لایەکی دی ڕەخنەگرە لە لێکدانەوەی مارکسیستی بۆ سەرچاوەی ستەم و چەوسانەوەی ژنان. بەشیک لە فێمینیستە سۆشیالیستەکان وەک **فردریچی**، **دەلا کۆستا** و **ماریا مایەس**، پێیان وایە کە مارکسیزم بەشێک لە چالاکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (کاری سـێکسـی، دروســـتکردن و گرنگیدان بە منداڵان و کاری نێوماڵ، کە کاری ژنان بووە) بەبێ لێکدانەوە جێهێشـــتووە، لە کاتێکدا کە زۆر گرنگن بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کرێکاران. لە بواری ئەکادیمیا و هزردا فێمینیزمی ســـۆشـــیالیســـتی، بە ســـوودوەرگرتن لە ماتریالیزمی مێژوویی مارکســـیزم، کەوتنە لێکدانەوەی پەیوەندییە جێندەرییەکان. یەکێ لە

ئەنجامە کاریگەرەکانی ئەم فێمینیزمە گەیشـــتن بوو بە تیۆری "دووانەی ســـەرمـایەداری و پـاتریـارکی" وەک ســـەرچاوەی ســـتەم و چەوســـانەوەی ژنان. لە باری کردارییەوە ئەم فێمینیزمە لە ســـاڵەکانی هەفتاکان و هەشتاکاندا زۆر چالاکانە کاری کرد لەسەر کەمپینی "کرێ بۆ کاری نێو ماڵ".

**چوارەم**: فیمنیزمی مارکسیستی، هەروەک سۆشیالیستی، بەرگری لەوە دەکات کە ئازادی و ڕزگاریی تەواوی ژنان پابەندە بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەرمایەدارییەوە. بەڵام جیاوازییان ئەوەیە کە خەریکی پەرەدان بوون بە تواناییی تیۆری مارکسیستی بۆ لێکدانەوەی چەوسانەوەی ژنان بە هۆی سیستەمی سەرمایەدارییەوە، بەم جۆرەش ئەوان لە هەوڵی پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنەدان کە وەک "کەم بەهاکردنی کێشـــەی ژنان لەنێو مارکســـیزمدا" لەلایەن فێمینیســـتە ســـۆشـیالیســـتەکانەوە ڕەخنەی لێ گیرا. ئەم فێمینیســـتـانە خەریکی ئەوەبوون کە پەیوەنـدیی نێوان چەوساندنەوەی ژنان و سەرمایەداری ڕۆشن بکەنەوە. لە هەمان کاتدا دژی ئەو فۆرمە لە مارکســـیزمی ســـەدەی

بیسـت بوون کە بە شـێوەیەکی دۆگما دژی فێمینیزم دەوەستێتەوە.

ئەم چوار ئاراسـتەیەی فێمینیزم کە باس کران، بوونە خاوەنی هەزاران لێکۆڵینەوە و دراسـاتی مەیدانی، و چەنـدین تیۆری و پراکتیس کە کەمپینی فراوان و بزووتنەوەی جۆراجۆری لێ هاتە دەر، هوشیاریی فراوانی بڵاو کردەوە، گۆڕانکاریی گەورەی دروسـت کرد تەنانەت لەنێو سـیاسـەت و پۆلیسـیەکانی سـەرانی دەوڵەت و سـیستەمی سـەرمایەداری، دام و دەزگاکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکـان و بـانکی نێودەوڵەتی و بەرنـامەکـانی گەشەپێدانی جیهانی. هەروەها کاریگەریی گەورەی لەسـەر سـیاسـەتی هەردوو بلۆکی ئەوکاتەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات دانا، بە جۆرێک کە لە سـەردەمی مۆدێرنیتەدا وڵاتـانی جیهـان کە لەنێوان ئەم دوو قوتبەدا دابەش بووبوون، مەسـەلەی گەشـەدان بە توانـاییی ژنـان و دابینکردنی فرسـەتەکانی خوێندن و کارکردن و تەندروسـتی باش بووبووە یەکێ لە خاڵەکانی پێشـبڕکێیان. ئەمانە هەرچەندە

وەک دەســـــتکەوتی ژنان دەرکەوتن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەســـتکەوتی مۆدێرنیتە و ئەو ئاراســـتەیە بوون کە پێیان وابوو هەموو  وڵاتانی جیهان بە یەک ئاراســـــتە دەڕۆن و گەشەکردنی ئابووری و تەکنەلۆجیا و بارو دۆخی ژنانیش لەگەڵیاندا بەردەوام بەرەو پێش دەچێت.

بەڵام ئەم شـــــەپۆلەی فێمینیزمی ئەوروپایی - خۆراوایی بەرەووخامۆشـــــی چوو. هەندێک لە چاودێران باس لەوە دەکەن کە ئەم پاشـــــەکشـــــەیە لە لایەک بە هۆی کەوتنە بەردەم ڕەخنەی فێمینیزمی ڕەشـــــپێســـــــت و فێمینیزمی کولتووری، بە پاڵپشـــتی تیۆرییەکانی پۆســـت – مۆدێرنیتە، ڕووی دا. فێمینیزمی ڕەش جەختی لەوە کردەوە کە ســـێکســـیزم و چەوســـاندنەوەی چینایەتی و ناســـنامەی جێندەری و ڕاسیزم تەواو پێکەوە گرێ دراون و یەکتربڕن. بەو شـــێوەیەی کە ئەم چەمکانە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە پێی دەوترێت یەکتربڕایەتی. فێمینیزمی کولتووریش جەختی لە جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان ژن و پیاو کردەوە؛ لەڕووی بایۆلۆجی و کەســـایەتی و هەڵســـوکەوتەوە ژنان وەک خـاوەنی ڕەوشـــتێکی جیـاواز و بـاڵا، هەمیشـــــە

هاوســـۆزی و خوشـــکایەتی بناغەی ناســـنامەیان دابین دەکـات. نـاوەڕۆکی ڕەخنەی ئەمـانە ئەوە بوو کە ئەم فێمینیزم تەنها وەک بەرهەمی ئەزموونی ژنانی ئەوروپایی و خۆراوایی سپیپێست ناسراوە، لە کاتێکدا ئەوان ناتوانن ئەزموونی هەموو ژنانی جیهان نیشان بدەن و نوێنەرایەتی بکەن، ژنان لە شـوێنە جیاجیاکان ئەزموونی جیایان هەیە، تەنانەت ژنان وەک تاکە کەسیش ئەزموونی جیایان هەیە.

بەڵام لە لایەکی ترەوە هەندێک لە فێمینیســـتەکان باس لە وە دەکەن کە فشاری کەوتنی بلۆکی خۆرهەڵاتی (سۆڤیەت) و، هەڵای "پاشـەکشـەکردنی مارکسـیزم" و بیری چەپ و ســـۆشـــیالیزم بە گشـــتی، تەشـــەنەی نیولیبرالیزم بە ئایدیۆلۆجی ئیندیڤدوالیزم و بازاڕی ئازاد و... هتد، هۆکاری گەورەی ئەم پاشـــەکشـــەیە بوون، ئەمەش بەتایبەت لە کۆتاییی دەیەی هەشـــتاکان و دەیەی نەوەدەکان. **نانســی فرەیســـەر** باس لەوە دەکات کە لە کاتێکدا کە نۆلیبرالیزم دەیویست گرنگیی زمانی "یەکسانی و دادپەروەری" و مافە گشتییەکان بگۆڕێتە سەر فۆکەس خستنە سەر 'ناسینەوەی

ناسنامە و جیاوازی'، لەو چوارچێوەیەدا فشار بۆ سەر فێمینیزم دروست بوو داوای ڕەخنەی کولتووری بکات و کەمتر بچێتە سەر شیکردنەوەی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. هەر بۆیەشە بە ڕای نانسی فرەیسەر لە کۆتاییی سەدەی بیستەم مەیلێک هەبوو کە ڕەخنەی فێمینیستی گرنگ لە کایەی 'ئابووری' بگۆڕن بۆ ڕەخنەیەکی "کولتووری یەکلایەنەی یەکسان"

ئەم پاشەکشەیە، زیانی گەورەشی دا لە ڕێڕەوی گەشەی جیهانی فێمینیزم وەک بزووتنەوەی جیهانی ژنان، لە تێرمی کۆلێکتیڤیزم، واتە کارکردن وەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و جەماوەری لە بەرانبەر فۆرمە جیهانییەکانی ستەم و چەوسانەوەی ژنان وەک پیاوسالاری، سێکسیزم و جیاوازیی چینایەتی، سەرمایەداری. واتە ئەم د ەورەیە بۆ ماوەیەک ئەم یەکگرتنەی لە خەباتی سەرتاسەری لە دژی سەرچاوەی ستەم و چەوسانەوەی ژناندا بردە دواوە. نانسی فرەیسەر دەڵێت کە لە کاتێکدا داهێنانەکانی فێمینیزمی شەپۆلی دووەم لە ئەو توانایدایە بوو کە نایەکسانی جێندەری لە سێ ڕەهەندی فراواندا لێک

بداتەوە: ئابووری، کولتووری و سیاسی. کەچی لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا ئەو ڕەهەندە شیکارییانە نەک تەنها جیا کراونەتەوە لە یەکدی، بەڵکوو تەنانەت لە "ڕەخنەی کاپیتالیزمیش" دابڕێنراون. بە بڕوای نانسی جەختکردنەوەی فێمینیستەکان لەسەر ڕەخنەی کولتووری، ڕێکوپێک لەگەڵ هەوڵەکانی نیۆلیبرالیزم دەهاتەوە کە ئامانجی سەرەکیی سەرکوتکردنی هەموو بیرۆکە یەکسانیخوازییە کۆمەڵایەتییەکان بوو لەو سەردەمەدا. بەم شێوەیە جەختکردنی فێمینیستەکان لەسەر ڕەخنەی کولتووری، لە کاتێکدا بوو کە هەلومەرجەکە پێویستی بە دوو هێندە فۆکەس و سەرنجدان بوو لەسەر ڕەخنەی ئابووریی سیاسی.

بەشێک لە فێمینیستەکان لەژێر ناوی فێمینیزمی ماتریالیستی، بە هاوکاری لەگەڵ فێمینیستە مارکسیستەکان، توانیان دەست بگرن بەو ڕەخنەگرتن لە ئەو کۆیانە کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی ژنان هەیە لە هەموو جێگایەک، لەوانە: پاتریارکی و سەرمایەداری.

ئەوان جەختیان کردەوە کە ژیانی ژنان لە هەموو شوێنێک کەوتووەتە ژێر کاریگەریی سەرمایەداریی جیهانی و پیاوسالارییەوە. ڕایانگەیاند کە لە باری سیاسییەوە کارێکی خۆکوژی دەبێت کە ئەم ڕەخنەی بونیادی لە سەرمایەداری و پاتریارکی، جێگەی بگیرێتەوە بە ڕەخنەی ستراتیجییە سیاسییە لۆکاڵییەکان و ڕوانگەی واقیعی کۆمەڵایەتیی پارچەپارچەکراو. لەم هەوڵانەدا میتۆدی شیکاریی ئینتەسێکشنالیتی سەری دەرهێنا، کە لە یەک کاتدا ڕەخنە لە جیاوازیی چینایەتی و ڕەگەزی و ئەتنیکی و هەموو سەرچاوەکانی تری سەرکوت دەگرێت. بەم جۆرە ئەم فێمینیستانە دەورێکی گرنگیان گێڕا لە جارێکی کە پێناسکردنەوەی تیۆری فێمینیستی، و لێکدانەوەی پرسەکانی چین، جێندەر و ڕەگەز (race). ئەم جارەیان ئەم فێمینیزمە نەک تەنها بۆ ڕزگاری ژنان، بەڵکوو وەک بزووتنەوەیەک کە باس لە ڕزگاریی کۆمەڵگە دەکات، دژە سەرمایەدارییە و، ڕەخنەی بونیاتی لە سیستەمی ئابووریی سەرمایەداری و سیاسیی نیولیبرالیزم هەیە.

لە دوای ٢٠٠٨وە، واتە دوای قەیـرانـێـکـی گەورەی سـەرمـایەداری و ئـابووریی نیۆلیبرالیزم، فۆرمەکـانی ئێکۆفێمینیزم، ترانسـناشـناڵ فێمینیزم، فێمینیزمی ڕەش و ئینتەرسـێکشـنال بە هێزەوە هـاتوونەتەوە و خەریکی خەباتی فێمینیسـتین. فێمینیزمی ترانسـناسـیۆنالی یان جیهـانی کە لە خۆیـدا لە هەوڵی کۆکردنەوەی هەموو فۆرمەکـانی فێمینیزمی دژە سـەرمـایەدارییە، بەتـایبەت هاتۆتە مەیدان بۆ بڵاوکردنەوەی هوشـیاری سـەبارەت بەوەی کە چۆن جیهانگیری و سـەرمایەداری کاریگەریی لەسـەر هەموو خەڵک بەگشـتی، بە جیا لە نەتەوە و ڕەگەز و سـێکس و چین و جێگای نیشـتەجێی خەڵک داناوە. ئەم فۆرمە لە فێمینیزم، فێمینیزمی دژە سـەرمـایەداری، دژە سـیسـتەمی ئابووریی نیۆلیبرالیزم، بە دەسـتەوەگرتنی تیۆری ئابووریی مارکسـیسـتی و لێکدانەوەی چینایەتی خەریکە جـارێکی کە خۆرێکخسـتننە و، بەرپـاکردنی بزووتنەوەی فراوانی جەمـاوەری و کۆمەڵایەتی کە هەم داوای ماف و چاکسازی دەکات لە بارو دۆخی ژیانی ژنان و چینی کرێکـاردا، هەروەهـا خۆی وەک بەدیلێکی

شۆڕشگێڕانە نیشان دەدات کە خەریکە هەموو بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی تری وەک، دژە ڕاسیسزم، یەکسانی بۆ هۆمۆسێکسواڵەکان و گروپە کەمایەتییە سەرکوتکراوەکانی تر لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و پێشەنگی خەباتێکی فراوانی دژە سەرمایەداری دەکات، بەبێ ئەوەی ئەو ئاسۆیە لەدەست بدات کە سەرچاوەی هەموو نایەکسانییەکان کۆمەڵگەی چینایەتی، سەرمایەدارییە.

پریشکی ئەم هەستانەوەیە لە ساڵی ٢٠١٧ لە خۆپێشاندانی سەدان هەزار ژن و پیاوی یەکسانیخواز بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە لە ئەمریکا و چەندین وڵاتی تر نمایشی خۆی کرد. دواتریش مانیفێستی خۆی لە नامیلکەی فێمینیزم بۆ ٪٩٩ی خەڵک ڕاگەیاند کە تیایدا نیازی خۆی بۆ دژە سەرمایەداری بوون، ئیکۆ بوون، ئینتەرسێکشنال، پارێزەری مافی هەموو کەمایەتییەکان و ئێل جیبیتی... هتد ڕاگەیاندووە.

پێویستە باس لە جۆرێکی تری ترسناک لە "فێمینیزم" بکەین کە لە هەندێک ئەدەبیاتدا بە ناوی "فێمینیزمی نیولیبراڵ" باس کراوە. نموونەیەکی ئەم جۆرە لە فێمینیزم،

شـــێریل ســـــاندبێرگ دایهێنا لەژێر ناوی 'لین ئین'، کە تیۆرییەکەی لەســـــەر ئەوە بونیاد ناوە کە بازاڕی ئازادیی سـەرمایەداری چارەسـەری نایەکسـانی ڕەگەزیی بەرانبەر بە ژنان پێیە. ئەو بانگەوازی ژنان دەکات کە سەر دانەوێنن و هەوڵ بدەن و شەڕی تاکەکەسی بکەن لە بازاڕدا.

نمـوونـەی تـری ئـەم فـێمـینـیـزمـە، ئەو هەڵمەتەیە کە بۆ بەکاڵاکردنی جەستەی ژنان و، پارچەکانی جەستەی ژنان، قبوڵکردنی سێکسیزم وەک ڕاستییە نەگۆڕەکان، پراکتیسی فێمینیســـتی کردووەتە ئەم بیرۆکە تاکپەرســـتانەیە کە بە ژنان دەڵێت بچۆ لە ڕێگەی ئیستحقاقەوە دەستکەوتەکانت بە "هـەر ڕێگـــایـەک" بێـت بەدەســــــت بێنە. نموونەی بڵاوبوونەوەی دەیان جۆری پیشـــەی مۆدێل، کۆسـمـەتیک، مەیکئەپ ئارتیســـــت، کاری لاپ دانس و مەســـــاج، ..هتد؛ لەبری ئەوەی ئەمانە وەک ئارەزوو و هەڵبژاردەی بەشێکی کەم لە کچـان و ژنـان وەک مـافێکی ئـازادیی هەڵبژاردن پارێزراو بێت، کەچی بوونەتە پیشـــەســـــازی گەورە و بەدیلێکی پیشــە و کار و ڕێگای نان پەیداکردن و گەشــتن

بە ئـامـانجی و ئـاواتی "دەوڵەمەنـدبوون" و کۆکردنەوەی سەرمایە بۆ ژنان.

## ٤-کێشەی لیبراڵ فێمینیزم

جۆرە جیاوازەکانی فێمینیزم بەگشتی دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا و دوای دوو ئایدیۆلۆجی و ئاراســتەی فکریی جیـاواز کەوتوون، لیبرالیزم کە ئـایـدۆلۆجی و بونیـادی فکریی سەرمایەداری پێک دێنێت و، مارکسیزم کە ڕەخنەی ڕیشـــەیی هەیە لە پێکهـاتەی ئـابووریی ســیســـتەمی ســـەرمایەداری. ئەم دوو بیرکردنەوەیە لەنێو خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری و یەکســـانی جگە لەوەی درێژترین تەمەنیان هەیە، هەروەهـا گەورەترین هۆکـاری دابەشـــبوونی جۆرەکانی فێمینیزمن لە بواری تیۆری و پراکتیکدا .

لیبراڵ فێمینیزم، کە لە ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتدا بە فێمینیزمی ژنانی بورژوازی ناسـراوە، هەمیشـە پاڵپشـت و هـاوکـاری دەســـەڵاتی ســـیـاســـی و ئـابووری چینی دەســـەڵاتداری ســـەرمایەدارییە لە هەموو جیهاندا. فۆرمی

دەســــەڵات هەرچی بووبێت، دیکتاتۆری، دیموکراســــی، ســـــەرمایەداریی دەوڵەتی، ئەم جۆرە فێمینیزمە لە نێویدا جێگەی بووەتەوە. لە ســـەردەمی ئێســـتادا، بە هۆی کۆتای ســــیاســــی بۆ ژنان لە زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیا، ئەم فێمینیزمە دەســـــەڵاتی پەیدا کردووە و خۆی کردووەتە نوێنەری هەموو ژنان لە دامودەزگا نێودەوڵەتییەکاندا و، هەموو سەرچاوە ماددییەکان دەبات بۆ خۆی وەک بەشی ئیلیتی ژنان.

لیبراڵ فێمینیزم، خاســـیەتی تایبەتی ئەوەیە کە هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە ژنانی چینی باڵادەست بچن لەم سیستەمە نایەکسان و پڕ لە نەهامەتییەی سەرمایەداری بەشدار بن لە دەسەڵاتدا. ئیتر گرنگ نییە کە بە هۆی ئەم دەسەڵاتەوە ملیۆنـان ژن بێکـار دەبن، نـانبڕاو دەبن، خوێنـدن و تەندروســـتی و خزمەتگوزاری تریان نابێت. کەم نین ئەو فێمینیســـــتە لیبراڵانەی کە بە شــــان و باڵی ژنانی وەک مارگرێت تاتشـــەر، هیلاری کلینتۆن و مادلین ئۆبرایت هەڵدەدەن و وەک پێشـــەنگی دەســـتکەوتەکانی فێمینیزم

باسیان دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا کە بڕیار و سیاسەتەکانی ئەم ژنە سەرکردانە، هەمیشە هۆکاری نەهامەتی گەورە و هەژاری و بێکاری و ستەمی زیاتر بوون لەسەر ژنان. مێژووی فێمینیزم پڕیەتی لەم جۆرە کە خۆی کردۆتە خاوەنی هەموو دەستکەوتەکانی ژنان لە ئەوروپا و تەنانەت لە جیهانیشدا. ئەم دەستکەوتانەش بە ملیۆنان ژن دەفرۆشنەوە، گوایا ئەمانە بە قازانجی هەموو ژنانن. ئەم جۆرە فێمینیزمە دەتوانیت چاوپۆشی لە هەموو نایەکسانییەکانی تری زۆرینەی ژنان بکات و تەنها چاوی لەوە بێت کە ژمارەی لە ژنانی نێو چینی دەسەڵاتدار بخاتە نێو ناوەندەکانی بریاردان و سەرۆکی کۆمپانیاکان.

لە سەردەمی ئێستادا زۆربەی ئەو "پێشکەوتنە"انەی کە بە هۆی "جیاکاریی ئەرێنی"ەوە، بەدەست هاتوون، بوونەتە پەیژەیەک بۆ سەرکەوتنی ژنانی نێو چینی دەسەلاتدار. ئەم چینە دەسەڵاتدارە هەرچۆنێک بێت توانیویەتی سامان و جێگایەکی زیاتر بۆ ژنە پەرلەمانتارەکان، ژنە بەڕیوەبەرەکان، دادوەرەکان، بانکدارەکان، خاوەن کۆمپانیاکان دروست بکات. بەڵام کاتێک ئەم ژنانە کێشەی

خۆیان لە نێو ڕیزەکانی دەسەڵاتدا چارەسەر دەبێت، ٪۹۹ ەکەی تری ژنان لە بیر دەکەن کە بە ترسناکترین جۆری ستەم و چەوسانەوەدا دەڕۆن. هەندێک لە لێکۆڵەران پێیان وایە کە دیاردەیەکی هاوشێوە لەگەڵ چینی ناوەڕاستی ڕەشپێستی ئەمریکا و ئەوروپادا ڕووی دا، کاتێک بە هۆی بزووتنەوەی دژە ڕاسیزمەوە هەندێکیان خۆیان گەیاندە پلە و پۆستی باڵا، ئەمەشیان وەک دەستکەوتی گەورەی هەموو ڕەشپێستەکان نیشان دا. لە هەر دوو نموونەکەدا زۆربەی کات ئەو دەستکەوتانە بە ناوی هەموو خەڵکەوە وەردەگیرێت، لە کاتێکدا بەرهەمەکەی ناچێتەوە لای جەماوەرە نایەکسانەکە، هەر بۆیە هیچ کات نە کۆتای ژنان و نە جیاکاریی ئەرێنی نابێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەی جیاکاری، بەڵکوو زیاتر هەڵاواردن و پشتبەستن بە تۆکنیزم زیاد دەکات.

لەگەل هەموو ئەمانەشدا، خەباتی ژنان و فێمینیزم، نە تەنها گوتارێکی میدیایی ڕادیکاڵی دژە پیاوە و، نە تەنها هی ئەوانەیە بە دوای بەدەستهێنانی جێگای سەرکردە و

بڕیاردانی ژنانن لەنێو پارتە سـیاسـییەکان و کۆمپانیا و دەسـەڵاتدا. بزووتنەوەی ژنان و خەباتی ژنان هەروەها خاوەنی ژنانی چالاک و نووسـەر و ئەکادیمی و گەنجانی تینوو بە ئـازادی و یەکسـانین. بۆیە دەبێت جۆرەکانی فێمینیزم بناسـینەوە، لە یەکیان جیا بکەینەوە و، بەوردی هاوخەباتەکانی خۆمان دیاری بکەین.

## ٥- ئەنجامگیری

**یەکەم: فێمینیزم لە کوردستانیش فرە لایەن و فرە ڕەهەندە**

فێمینیست لە کوردستان دەشێت ئەو ژنە شۆڕشگێڕە بێت کە ئـامـادەی گیـان بەختکردن بووە بۆ ڕزگـاری خۆی و هاوڕەگەزەکانی، هەروەها دەشـێت ئەو ژنە پەرلەمانتارە بێت کە باس لە یاسـایەکی باشـتر بۆ مافی ژنان دەکات، بەڵام بەرژەوەندیی حیزبەکەشـی دەپارێزێت یان دەشـێت ئەو ژنە موسـوڵمـانە بێـت کە دەیەوێـت تەفسـیرێکی میـانەڕەوتر لە ئیسـلام بکـات، یـان ئەو ژنەی کە لە دامـودەزگـایەکـدا چـاودێـری ئەوە دەکـات کە ژنـان تەحەروشیان پی نەکرێت، مامۆستایەکی ئەکادیمی بێت کە خەریکی جێگیر کردنی خویندنی یەکسانیی جێندەرییە، ئەو

کـارمەنـدە بێـت کە ڕۆژانە یـارمەتیی ژنــان دەدات بۆ پاراســتنیان لە توندوتیژی، ئەو ژنەی کە خۆی بریار لەوە دەدات کە مافی خۆیەتی چ جۆرە جلێک لەبەر بکات، کچانی گەنجانی زانکۆ بن کە دژی هێزە ئەمنییەکان دەوەستانەوە کە بە هۆی کچ بوونیانەوە ســـووکایەتیان پێ دەکردن و سێکسیت دەجوولانەوە لەگەڵیان.

فێمینیزم لە کوردستانیش یەک شت نییە، یەک فۆرم نییە، یەک تێگەشـتن و یەک پێناسـی نییە. لە کوردسـتانیش هەتا ئەم جیاوازییە ســـیاســـییانەی نێو ڕەوتەکانی فێمینیزم نەناســـینەوە، دەســـتنیشـــانیان نەکەین، مەحاڵە کە بەهیچ جۆرێـک بکەوینە دایـالۆگێکی تیوری جـدییەوە لەســـەر ڕزگـاریی ژنـان. هەروەک چۆن نـاکرێـت بەســـەر جۆرە جیـاوازەکـانی فێمینیزمـدا تێپەڕین و گرنگیـان پێ نەدەین، بەپێچەوانەوە دەبێت ئەم جۆر و جیـاوازییانە ببنە هەوێنی دایەلۆگ و لێکۆڵینەوە و کاری داهاتوو.

فێمینیزمی لیبراڵ بە فراوانی هەیە و نوێنەرەکـانی لە کوردســتان ژنانی ســیاســی و نێو دەســەڵات و خاوەن پۆســـتە باڵا و ئیدارییەکانن، ئەوانەی کە شـــارنشـــین و

خوێندەوارن و لەپاڵ یەکێ لە حیزبەکانی نێو دەســـەڵاتدا یان ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاســـتەوخۆ کار وچالاکی دەکەن، ڕەخنەی نەرم و نیــان دەگرن و داوا و نەســـیحەتی چاکســازی لە دەســەڵاتدا دەکەن و، هەوڵی پلە و پۆسـتی بەرز دەدەن. هەڵبەت بەشـێکیش لەم لیبراڵ فێمینیزمە وان خەریکی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و لە بواری ئەکـادیمیـا کـار دەکەن. ئەم جۆرە لە فێمینیزم دەبێـت بناسینەوە، بەرپرسیاریان بکەین و بیریان بێنینەوە کە یان باس لە ڕزگاریی ژنان نەکەن و بە ناوی ژنانەوە بەگشـتی قســـە نەکەن؛ یان دەبێت ئەو پێگە و دەســـەڵاتەی پەیدای دەکەن دەستکەوتی گشتیتر بۆ ژنانیش بێنێت، وەک یاسای باشـــتر، مافی زیاتر، ســـەلامەتی و پاراســـتنی زیاتر لە توندوتیژی.

بەشێکی زۆر لە ژنان لە نێو ڕێکخراو و لەسەر ئاستێکی تر هەموو ڕۆژ ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و، دژ بە کۆنەپەرســـتی و هەڵاواردن و توندوتیژی دەوەســـتنەوە. ئەمە تـایبەتمەنـدیی خەبـاتی ژنـانی کوردســـتـانە لەم سـەردەمەی ئیسـتادا کە وەک پراکتیسـێکی ڕۆژانە خەبات بۆ یەکســـانی و دژی جیاکاری لە مەیدانی کـارو مـاڵدا

دەکەن. هەرچەندە ئەم بەشـەیان هێشـتا سیمایەکی تیۆری فێمینیســـــتی نەداوە بە چالاکی و کاری خۆی لە خوارەوە دەیکات لە دژی ســــیســــتمی زاڵ، مەیدانێکی بەرفراوانی تێکەڵە لە فێمینیزمی جۆراوجۆر ی ڕادیکاڵ، ســــێکولار و چەپ و ســۆشــیالیســت و ڕادیکاڵەوە، تا دەگات بە ژنانی موســــوڵمـانی ســــێکولار. بۆیە کـاری ڕێکخراوەکـان و چـالاکوانـانی ژنـان لە یەکتر جیـاوازن، نـاچنە ژێر یەک پێناســە و یان یەک جۆری فێمینیزمەوە. ناشـکرێت خەباتی ڕۆژانەی ســــەدان ژن بخەینە یەک تـای تەرازوو لەگەڵ لیبراڵ فێمینیزمێکی بەرژەوەنــدخواز، یــان فێمینیزمێکی ئیسلامی کە زیاتر وا لە خەمی پاراستنی دینەکەی وەک لە ماف و ئازادییەکانی ژنان و، تێکەڵاویان کەین.

کەوایە فێمینیزم لە کوردستان نەشێوێنراوە، بەڵکوو خۆی بەم جۆرەیە کە باڵ و تێروانینی جیاوازی لێ دەبێتەوە و خاوەنی یەک تێگەیشتنی یەکگرتوو نییە و هەروەها بواری لێک تێگەشــتنی جیا جیا دروســت دەکات. کەسـێک کە وا دەزانیت شــــێوێنراوە، ئەو فۆرمەی ئەو شــــێوێنراوە نەک فێمینیزم خۆی. ژنـان لە کۆمەڵگەدا دەژین و زینـدوون و

بکەرن، هەموو ڕۆژ خەبات دەکەن بۆ یەکسانی بە شێوازی جۆراو جۆر. ئەوە ئەرکی تیۆریسـێنە فێمینیستەکانە لیکدانەوە بۆ ئەمانە بکات لە پەیوەند بە ئاراستە فکری و تیۆرییەکانی فێمینیزمەوە، جۆرەکانیان و تایبەتمەندییەکانیان جیا بکاتەوە، تا بتوانێت تیۆرییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فێمینیستی کە تێگەشتنێکی فراوانی لەسەر ژنان لە هەرێمی کوردستان دروست کردبێت، بەرهەم بێنن لێرەشەوە ئاراستەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەباتی ڕزگاریی ژنان ڕۆشن بکەنەوە. ئێمە وەک زۆرێک لە بوارەکانی تری فکر و مەعریفە لەم بوارەشدا سەرەتایەکمان دەست پێ کردووە کە هێشتا تازەیە، پێویستی بە هاوکاری و کاری درێژخایەن و دایەلۆگ و گەشەکردنە.

کاتێک بەشێک لە ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان بە خۆیان ناڵێن فێمینیست، کەچی هەر ئەوانیشن ڕۆژانە بە کردار لە بەردەم هەڕەشە و فشاری کۆنەپەرستی و پیاوسالاریدا خەبات دەکەن، ئەوە بابەتێکی پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە. لە بارودۆخێکی وەک کوردستاندا، هۆکاری جیاجیا هەیە کە کەسێک یان

گروپێک ڕاستەخۆ بە خۆیان نەڵێن فێمینیست. یەکێ لەوانە لەوانەیە ترس بێت، هەروەک چۆن ترســـیش هەیە ئەگەر ژنان لە شوێنی کاریان یان لەنێو دراوسێکانیان بە خۆیان بڵێن کۆمۆنیســـت، یان ئەنارکیســـت. هۆکاری ئەمەش لە یەکەم ڕامــانینــدا ئەوەیە کە هەموو ئەم بزووتنەوە و ئایدیایانە بە ڕادیکاڵ و مەترســـیدار دادەنرێن لەســـەر کۆمەڵگە و خێزان و بەهـا دینی و خێڵەکییە زاڵەکـانی نێو کۆمەڵگە. لەسەر ئاستی گروپ و ڕێکخراوی ژنانیش، ئەوا دەســـەڵاتی ســـیاســـی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش کە پشـــتیوانی ماددی ئەمانە دەکەن، ئەم جۆرە ئایدیا چەپ و ڕادیکاڵانەیان پێ خۆش نییە و هەر جۆرە ڕێکخراوێک یان چالاکێک ئیدعای ئەوانە بکات، پەراوێزیان دەخەن.

بەڵام هۆکـاری تریش زۆرن، لەوانە دابڕانێـک کە لەنێوان گوتاری فێمینیزم و بارودۆخی ژنان و خەباتی ڕۆژانەیان هەیە، ئـاشـــنـا نەبوونی ئەم گوتـارە بە کـار و کردەی فێمینیستی لە کوردستان، وەک پێشتر باس کرا. هۆکارێکی تر ئەو تێگەشتنەیە لە فێمینیزم کە بە بزووتنەوەیەکی "دژە

پیاو"ی دەبینێت. نەیارانی ئازادی و یەکسانی ژنان ئەم مەسەلەیە بەکار دێنن وەک بەهانەیەک بۆ دژایەتی هەر هەوڵێک کە بەرگری لە ماف و یەکسانیی ژنان بکات. بەڵام ئەوەی کە ئەم کێشەیەی توندتر کردووەتەوە، دژە پیاوبوونی بەشێک لە گوتاری ئەو فێمینیستانەیە کە لە ئەوروپا دەژین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان و پیاوان لە کوردستان لە لێکدانەوەکانیاندا ڕەچاو ناکەن. زۆرینەی ژنان نە خاوەنی داهات و ئابووریی سەربەخۆن، نە دەتوانن لە خێزان و پیاو داببڕێن و بە تەنها بژین، نە لە باری دەروونییەوە ئامادەییان بۆ هەنگاوگەلێکی لەو جۆرە هەیە. بۆ تێگەشتن لەمە دەبێت سەیری ئەم بەربەستانەی بەردەم ژنان و ڕێکخراوەکان بکرێت و شیکارییان بۆ بکرێت نەک وەک ڕق لە فێمینیزم یان ناهوشیاریی ژنان لێک بدرێتەوە.

هەروەها ژنانی چەپ و کۆمۆنیست، کە بە پێویستی نازانن کە وەک فێمینیست خۆیان بناسێنن، چونکە بڕوایان وایە کە خەبات بۆ ئازادی و یەکسانیی ژنان بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی ئەوان بۆ سۆشیالیزم. سۆشیالیزم دەتوانێت

هەموو ئەو مافانە بەدەست بێنێت بۆ ژنان کە فێمینستەکان داوای دەکەن و، یەکسانییەکی مانادار لە کۆمەڵگەدا دروست بکات. بەڵام ئەمانە دژە فێمینیزم نین، خۆیان بە هاوپشت و هاوخەباتی فێمینیستەکان دەزانن کە هەوڵ بۆ یەکسانی و ئازادیی ژنان دەدەن، بەتایبەت هەموو ئەوە فێمینیستانەی کە ڕەخنەی بونیادی لە سیستەم و ئابووریی سەرمایەداری دەگرن.

**دووهەم: کاریگەریی گۆرانکارییە ئابووری و سیاسییەکان و سەرمایەداریی گلۆباڵ لەسەر فێمینیزم لە کوردستان**

کرانەوە بە ڕووی دنیای دەرەوەدا لە ڕێگەی تەکنەلۆجیای جیهانییەوە، هەروەها سیاسەتە ئابوورییە نیۆلیبراڵەکانی حکومەتی هەرێم بە پاڵپشت و ڕێنوێنی بانکی نێودەوڵەتی، لە ١٥ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا هێناوە.

یەکێ لەو گۆرانکارییانە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ دنیای گلۆباڵدا لە ڕێگەی تەکنەلۆجیا، و کراونەوەی بازرگانی و بازاڕی ئازاد، ئەم

کۆمەڵگەیەی لە ماوەیەکی کورتدا خستە بەر لێشاوی دیاردەی بە "کالاکردن". یەکێ لە کاریگەرییەکانی ئەم پرۆسەی بەکالا کردنە، کە پرۆسەیەکی جیهانییە، جەستەی ژنانیشی کردە مەیدانی بە کالابوون بۆ ئاڵوگۆڕ لە بازاڕدا، لێرەدا لەشفرۆشی ئاشکرا و نهێنی و کاری یانەی شەوان تەنها بەشێکی کەمی ئەم بەکالاکردنەیە، هەڵتۆقینی ژمارەی کچە مۆدیلەکان و بەکارهێنانی جەستە و جوانی ژنان بۆ ڕیکلام و کارکردن لە کۆمپانیا و یانە و مۆڵەکاندا و دەیان جۆری تری کار کە بەکارهێنانی جەستەی ژن وەک ئامرازی سەرنجڕاکێشانی کڕیار و گەرمکردنی بازاڕی ئاڵوگۆڕ، بەشێکی تری بازاڕی کۆسمەتیک و مەیکئەپ و کلینیکەکانی جوانکاری و ددان و.. هتد، هەمووی نموونەی ئەم بەکالاکردنەن.

ئەم دیاردەی بەکالاکردنەی جەستەی ژنان، لە لایەکەوە، بەشێکی زۆر لە بەها خێڵەکی و دینی و کۆنەخوازەکانی خستووەتە ژێر پرسیارەوە و تووشی تۆقاندنی کردوون. لە لایەکی ترەوە، کاردانەوەیەکی دژ بە ژنانی لیکەوتۆتەوە، کە لە ئەنجامدا پیاوانی ئایینی لە هەموو کات زیاتر فرسەتیان بۆ ڕەخساوە هێرش بکەنە سەر ماف و ئازادیی

ژنان لە مینبەرەکانی میدیا و مزگەوت و بوارە گشتییەکاندا. لەنێو خێزانیشــدا، ئەم ترســە بووەتە هۆی توندکردنەوەی ســەرکوت لەســەر ژنان و کچان و زیاتر پارێزگاربوونی خێزان و توندکردنەوەی ژنانی لە بواری تایبەت و چوار دیواری ماڵدا پەرە پێ داوە.

بەڵام ئەم کرانەوەیە هەروەها نەوەیەکی تریشــی لە ژنانی ڕووناکبیر و ئازادتر دروست کردووە کە لە باری زمان و فەرهەنگ و ئاستی خوێندن و پەیوەندی بە دنیای دەرەوە، وەک هەر گەنجێکی تری جیهان لەم ســەردەمەدا خاوەنی هوشــیارییەکی باڵایە بە مافەکانی خۆی، کە نموونەیان لە خۆپیشــاندانەکانی خوێندکاران و، وەرگێڕان و خوێندنەوە و مۆسیقا و هونەر و کاری کۆمەڵایەتی و سۆشیال میدیا دەرکەوتووە.

**سێهەم: خاڵی هاوبەشی کارکردنی ژنانە بە یەکەوە**

ئەم گۆڕانکارییە گلۆباڵ و ناوخۆییانەی دۆخی ژنانی کوردستان ڕووبەڕووی سیستمێکی خێڵەکی و پیاوسالاری و دینییە لە کوردستان. ئەمەش وای کردووە فێمینیستەکان ســەرەڕای جیاوازی و فرە ڕەهەندیان خاڵی هاوبەشــیان

هەبێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخ و سیستمە زاڵەی دژی ژنانە بەگشتی.

هێرش بۆ سەر ژنانی یەکسانی و ئازادیخواز و چالاکانی نێو ڕێکخراوەکان کە باس لە ڕزگاریی ژنان و مافی ژنان دەکەن، گەورەترین پریشکی ئەم ڕق و تووڕەیییە کۆنەپارێزانی بەرکەوتووە. ئەم هێرشە ئایینی-خێڵەکییە کە بە پاڵپشتی دەسەڵاتی سیاسی دەکرێت، ناوێرێت یان نایەوێت ڕەخنە لە بەرژەوەندیی ئابووریی کۆمپانیاکان و دەسەڵاتی سیاسی بگرێت، یان دژی بەکاڵابوون بوەستێت. هەروەها ناشتوانن ڕێگری لە دەرکەوتنی کچە مۆدێلەکان بکەن، بۆیە ئاسانترین نێچیر بۆیان ئەو ژنانەن کە وان لە بواری گشتیدا کار دەکەن. ژنانی چالاک کە هەموو ڕۆژێک وان لەسەر جادە و بەردەم داداگاکانیان گرتووە ئەم دەسەڵاتەیان هەراسان کردووە بۆ مافەکانی ژنان، پشکی شێریان بەرکەوتووە لەم هەڕەشانە. هەر بۆیە پریشکی ئەو کاردانەوانە بە توندی دەیدا لە هەر بیرۆکەیەکی ئازایخوازی، ژنانی چالاک، لەگەڵ ئەمانەشدا فکر و هزری یەکسانیخوازی فێمینیستی و سۆشیالیستی.

هەروەها پرســـی فێمینیزم و خەباتی ژنان ڕووبەڕووی کۆنەپارێزیەکی ئاراســـتەکراوە کە لە ڕێگەی مینبەرەکانی میـدیـا و مزگەوتەوە پەخش دەبێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگە. هێنانە سەر شاشە و زەقکردنەوەی ئەو بانگخوازە ئاینییانە کە بە ئاشــکرا دژی مافەکانی ژنان و یەکســانی و ئازادی قسە دەکەن. یان دەرخستنی ئەوانەی باس لە جادووگەری، فاڵ و ترس و ڕیچوالە دینی و فیســـتڤاله خێڵەکییەکان دەکەن. ئەمانە خەریکی برەودانن بە هێشتنەوەی بەها دینی و خێڵەکییەکــان، کە کۆنەپــارێزترینن لە کۆمەڵگەدا، و زیندووهێشتنەوەیان لەنێو کۆمەڵگەیەکدا کە تازە بە ڕووی دەرەوەدا کراوەتەوە، ناکۆکیی زۆری تێدایە و هەژاری و بێکــاری لە ڕاددە بەدەریش ڕووی تێ کردووە. ئەمەش دووبـارە ژنـان و کچـان دەخزێنێتە مـاڵەوە، لەژێر چنگی پیاوسالاریدا، لە نەبوونی یاسای پارێزگاری و دامودەزگای توندوتۆڵ بۆ پاراستنیان لە دژی توندوتیژی.

لە ڕاســتیدا ترس لە گۆڕانکاری، ترس لە "بەرەڵایی" ژنان، ترس لە تێکچوونی خێزان، بــاجەکەی زۆرینەی ژنــان و کچان دەیدەن. هەرچەندە ئەم ترسە بەرجەستەیە و دیارە،

بەڵام هێشـــتا وەک ترســـێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت. هەرچەندە نە فێمینیزم وەک ئەوەی کە ئیســـتا هەیە و نە شـــێوازی تری خەباتی ژنان بۆ یەکســـانی و ڕزگاری لە کوردسـتان، نەبوونەتە هەڕەشـەیەکی ڕاسـتەوخۆ لەسـەر دەسـەلاتی سـیاسـی. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم پشـتگیرییانەی دەســەڵاتی ســیاســی لە کۆنەپارێزی، تەواو ســیاســی و ئاراسـتە کراوە، چونکە مەسـەلەی ئازادی و مافەکانی ژنان تەواو مەسەلەیەکی سیاسییە.

لە کۆتاییشـدا پێویسـتە ئەوە بوترێت، کە ئەوانەی بەگشـتی دژی فێمینیزم دەوەستنەوە، هێزی پاریزگار و کۆنەپەرستن کە بەرژەوەندییان هەیە لە ڕاگرتن و هێشـــتنەوەی پێگە و جێگـای ژنـان لە پەراویزی کۆمەڵگەدا، وە ئـامـانجیـان پاراسـتنی سـیسـتەمی ئێسـتا و هێشـتنەوەی دەسـەڵاتی پیاوســـالارییە لە هەموو بوارەکانی ژیانی ســـیاســـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتیـدا. دەکرێـت خەبـات لە دژی ئەم کۆنەپەرســـتییە خـاڵی هـاوبەشـــی کـارکردنی ژنـان و فێمینیزمەکانیان بێت بە یەکەوە. لە کۆمەڵگەی کوردســـتان بوار بۆ پراکتیســـی فێمینیســـتی هەموو ژنان پێکەوە هەیە،

چونکە خاڵێکی هاوبەش و دوژمنێکی هاوبەشـــیان هەیە لە ئێستادا، کە کۆنەپەرستی ئایینی و دەسەڵاتی پیاوسالارییە. ژنان دەبێت پێشـەنگی خەبات بن بۆ یەکسانی و نەهێشتنی هەڵاواردن لە دژ جیاکاریی ڕەگەزی و پیاوســـــالاری لە هەموو بوارەکادا، بەڵام گەیشــتن بە یەکســانییەکی مانادار نە بەتەنها ئەرکی ژنانە و نە بەتەنها بە خەباتی ژنانیش بەدەســــــت دێت. بۆیە پیویســــــتە ئەم خەباتە ئەرێنییە جەماوەری فراوانی ژنان لە خۆی کۆ بکاتەوە و و شان بە شــــــانی خەباتی چین و تویژەکانی تری کۆمەڵگە بن کە لەپێناو یەکســـــــانیی هەمەلایەنە و خۆشـــــگوزەرانی و کۆمەڵگەیەی خاڵی لە ســــتەم و چەوســـــانەوەی چینایەتی تێبکۆشـین. لە ڕاسـتیدا ژنان بەشـدارییەکی چالاک دەکەن لەم خەباتەی کۆمەڵگەدا.

**تێبینی:** ئەم بابەتە یەکەم جار لە ٢٠ی کانوونی یەکەم ٢٠٢١ لە ماڵپەڕی ژنەفتن بڵاو کراوەتەوە

## سەرچاوەکان

Bhardwaj, Ananya. "Marxist Feminism and its Importance in Today's." *Contemporary Literary Review India* (February 2021): Vol.8 No.1 , p 43-51.

Bryson, Valerie. "Adjusting the lenses: Feminist analysis and." *Contemporary Politics,* (1995): 1:1, 3-18,.

"Marxism and feminism: can the 'unhappy marriage" be saved ? ." *Journal of Political Ideologies* (2004): 13–30.

Cock, Jacklyn, and Meg Luxton. ""MARXISM AND FEMINISM:'UNHAPPY MARRIAGE'OR CREATIVE PARTNERSHIP." ." Cock, Jacklyn, and Meg Luxton. *Marxisms in the 21st Century: Crisis, Critique & Struggle*. 2016. 116-142.

Gimenez, Martha E. "What’s material about Materialist Femeinsim ." *R a d i c a l P h i l o s o p h y 1 0 1* (2000).

Haines, Brigid. "Beyond Patriarchy: Marxism, Feminism, and Elfriede Jelinek's "Die Liebhaberinnen"." *The Modern Language Review* (Jul., 1997, Vol. 92, No. 3 (Jul., 1997), ): pp. 643-655.

Hartmann, Heidi I. ""The unhappy marriage of Marxism and feminism: Towards a more progressive union." ." *Capital & Class 3.2* (1979): 1-33.

Hatem, Mervat. "Class and Patriarchy as Competing Paradigms for the Study of Middle Eastern Women." *Comparative Studies in Society and History* (Oct., 1987, Vol. 29, No. 4): pp. 811-818.

Haug, Frigga. ""Marxism-feminism." ." *Historical Materialism 24.4* (2016): 257-270. .

Heidi Hartmann, Ellen Bravo, Charlotte Bunch, Nancy Hartsock, Roberta Spalter Roth, Linda Williams, Maria Blanco. "Feminist Theory and Practice; A Collective Interview." *Signs, Vol. 21, No. 4* (1996): pp. 917-951.

"Historical-Critical Dictionary of Marxism." *Historical Materialism*. 2016. 257–270.

"Marxist Feminist Dialectics for the 21st Century." *Source: Science & Society , Fall, 1998, Vol. 62, No. 3, Dialectics: The New Frontier ..* (1998): pp. 400-413.

Nancy Fraser. "Feminism, capitalism and the cunning of history,." *New Left Review* (2009): 97-117.

Orr, Judith. "Marxism and feminism today." *International Socialsm Issue: 127* ( June 2010).

Sandberg, Sheryl. *Lean In*. 2013.

WILLIAMS, CHRISTINE. "The Happy Marriage of Capitalism and Feminism." *Contemporary Sociology 43,1* (n.d.): 58–62.

Wright, Erik Olin. "Explanation and Emancipation in Marxism and Feminism." *Sociological Theory* (1993): pp. 39–54.

لوقمان ,رەئوف. "فێمێنیستی و هەستی گەڕان بە دوای شوناسدا." *ئایدیا*(n.d.): ٣٩-٤٣ .ل.

ئاسۆ ,کەمال. *ژنۆفۆبیای ئۆجەلان*. London, ٢٠١٦.

# ڕوخساری ژانووسی ژنبوون له کوردستاندا



بەیان عەزیزی

پرســـیارە ســـاکارەکان زۆر جار ئاڵۆزترین و گرنگترین باسەکان بە دوای خۆیاندا دەهێنن. لەژێر پێستی ئاشناترین پرسیارەکانیشدا دنیایەک باسی نووستوو بوونی هەیە کە دەکرێ لێک بدرێتەوە. پرســـیارەکانی تەوەری فێمینیزم لەلایەن ژنەڤتنەوە بەم ڕســـتانە دەســـت پێ دەکات: وا دەردەکەوێ نەک تەنیا لەنێو خەڵک بەگشـتی بەڵکوو لەنێو نووسەران و خاوەن ڕا و چالاکان و تەنانەت ڕێکخراوەکانی ژنانیشـــدا فێمینیزم چ وەک چەمک چ وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ســیاســی و ڕەوتێکی خەباتکردن، هەروەها فێمینیست بوونیش بە لارێدا چووە. ئەم ڕستانە پیشاندەری ئەو ئاڵۆزییە کە تا ئێســـتاش لە ئێپیســـتمۆلۆژی چەمکی فیمینیزم و پێناسە و شیکردنەوەی لە کوردستاندا هەمانە. لەم وتارەدا دوو مەبەســـتی ســـەرەکی ڕەچاو دەکەم کە یەکەمینیان پۆلێنکاریی هەوڵەکانی لایەنگریی لە مافەکانی ژنانە بەم ســـەرنجەوە کە کاتێک باس لە لایەنگرانی ئەم قوتابخانە فکرییە دەکەین دەبێ ئەم پۆلێنکارییە بەم شـێوە باس بکەین کە هەموو ئەندامانی ئەم گروپە ژنان نین، بەڵکوو ژمارەیەک لە پیاوانیش دەگرێتەوە و هەروەها

گروپێک لە ئەندامانی سەر بە LGBTیش لەبەرچاو دەگرین کە هاوکات هەم بۆ مافەکانی خۆیان و هەم بەتایبەتی بۆ بزووتنەوەی فێمینیستی (ئەگەر بتوانین لە کوردستاندا پێناسەی بکەین) هەوڵ دەدەن. مەبەستی دووهەمیش نیشاندانی ئەو قەیرانە ئێپیستمۆلۆژییەیە کە لە دەقەری پێناسەی ژن بوون و ئۆبژە-سۆبژەبووندا تووشی بووین.

## فێمینیزم؟ نا، تکایە!

ریچارد ڕۆرتی لە فێمینیزم، ئایدیۆلۆژی و بنەماشکێنیدا ئەم باوەڕە شی دەکاتەوە کە ئەگەر لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا، مارکس و ئەنگڵس زیندوو بووبوونایەوە، بەڕاستی گاڵتەیان دەهات بە گەلێک لە تیۆرییەکانی فێمینیزمی هاوچەرخ و شێواز و ئامانج و کارکردەکانی بە هەمان شێوە کە بە فۆیەرباخ و هێگل و بۆئێر پێدەکەنین. دەیانوت تیۆریسیەنە فێمینیستەکان وشەی "فێمینیزم"یان کردووە بە بابەتێکی ڕەها و تا ئەو کاتەی کە نەبێت بە حزبێکی شۆڕشگێڕانەی داڕێژراو، چاوەڕوانی لەمە زیاتریشی لێ ناکرێت. ڕۆرتی پاشان باس لەوە دەکات کە

ئەمڕۆکە فێمینیزم زیاتر لەوەی شـۆڕشـگێڕانە بێت بووەتە بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمیســت و ئامانجگەلێکی دیاریکراوی هەیە و لە باری سیاسییشـەوە خۆی یەکلا نەکردووەتەوە و مەبەستەکانیشی وەها پلانسازی کراوە کە بەدەستهێنانی ئەســـتەم نەبێت و کەمترین هەزینە و زۆرترین چێژ نەک دەســـتکەوتی هەبێت. لە ڕاســـتیدا ئامانجەکانی فێمینیزم زۆرترین هاوشـــێوەیی لەگەڵ بزووتنەوەی ســـڕینەوەی کوێلایەتی لە ســـەدەی هەژدەدا هەیە تاکوو بزووتنەوەی مارکســـیزم لە ســـەدەی نۆزدەدا. هەمووان دەیانزانی کە ســـیســـتمی کۆیلایەتی لە ڕوانگەی ئەخلاقی مەزن چ کارەســـاتێکە و تا چ ڕادە دژە مرۆییە. لە هەمان کاتدا زۆرێک لە لایەنەکان لەم ســـیســـتمە ئابوورییە کەڵکیان وەرگرت و گەیشتنە قازانجیکی مەزن. ئەگەر قیاسـەکەمان ســـادە بکەینەوە، دەردەکەوێـت کە ئەمرۆکە بۆ نموونە نایەکسانیی مووچە بەرانبەر بە کاری یەکسان لەنێوان ژن و پیـاودا و نەبوونی عەدالەت بۆ خوێندن، دەســـتکەوتی ئابووری و دەرفەتی کار و خۆ پێگەیاندن لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزە لە ڕوانگەی ڕای گشـــتییەوە چەندە بە ناحەز ناو

دەبرێت لە هەمان کاتدا دیســـــان بەرهەم دێتەوە و ئەم ســـــازکردنەوە بۆ چەندین هەزار و چەندین ملیۆن پیاو بەســـــوودە. باســـــی بنەڕەتی لەســـــەر ئەمەیە کە تێکدانی بنەماکانی نایەکسانی و پرسیارکردن لە چییەتی دەسەڵات و ئەو میکـانیزمـانەی کە عەداڵەت بەلاڕێـدا دەبەن، دەبێ مەبەســـــتی بزووتنەوەیەکی شـــــۆڕشـــــگێڕانە بێت نەک چاکسازیی لە هەمان سیستمی دروستکردنی کۆیلە و ژنی بندەســـــتە یان وەرگرتنی بودجە لە دەســـــەڵاتێک کە خۆی پێکهێنەری هەڵاواردن و توندوتیژی ســـــتراکچێری دژ بە ژنە. دەکرێ مەبەســـتی ڕۆرتی ئاوەها لێک بدەینەوە کە بۆ نموونە بـاس لە نەبوونی عەدالەت بەرانبەر بە ســـــزای کوشـــــتنی ژن بە ناوی شـــــەرەف دەکرێت، ئەم بابەتە بە دیاردەیەکی ناحەز و دژ بە ئەخلاقی گشـتی ناو دەبرێت و ڕەخنە لە سیستمی دەسەڵات و یاسا دەگیردرێت کە بۆچی بۆ وێنە پیاوی بکوژ دوای ســـــێ مانگ ئازاد دەکرێت؟ لە هەمان کاتدا هیچ هەوڵێکی بنەڕەتی و ڕادیکاڵ بۆ لابردنی ئەم مادە و تەبســـەرە یاسـاییانە نادرێت کە پێکهێنەری ئەم دۆخەن یان ئەو میکانیزمە پتەوانە بۆ گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ لەنـاو فەرهەنگدا نـاچەســـــپێت کە ئەم بـارودۆخە یەکلا

بکاتەوە. کەواتە بەو لێکدانەوەی ڕۆرتی سەبارەت بە پیاوسالاریی دەیکات کە دەڵێت دێوەزمەیەکی زۆر بەهێز و گەورەیە، زۆر قەبەتر و توندتر لەوەی وێنا دەکرێت و هەر کەسیش کە "مێدۆسا" بێت، سەری دەبرێت و هەموو هێزەکەی لەناو دەبات. دەسەڵاتی مێدۆسا و گۆرگەن بوونی لەلایەن "پێرسیئۆس"ەوە تێکدەشکێت و سەری دەبڕدرێت. کەواتە هەموو باسەکان لەسەر فێمینیزمی بناغە هەڵوەشێن و دامەزرێنەری دووبارەی چەمکەکان بێئەنجامە و دەتوانین بیر لە سێبەری فێمینیزم بکەین لەم کات و شوێنەی ئێستاماندا.

## پۆلێنکاری هەوڵەکان

بە گەلێک تۆلێرانس و لێبوردەییەوە دەتوانین گشت هەوڵ و ئامانج و هیوا و پلانەکانی کەسانێک کە بە شوێن یەکسانی و دامەزراندنی بنەماکانی عەدالەتن بە فێمینیزم ناو بەرین و بییخەینە خانەی تەواوی ئەو شتانەی کە لە

ئێســــتادا هەمانە و دڵخۆشـــمان دەکات. خاڵی گرنگ لەم باســـەدا ئەوەیە کە ئەم تێگەیشـــتنە لە فێمینیزم بەرەو لای دەرکێکی ڕیالیســـتیمـان دەبـات لە چەنـد لایەنەوە وەک نەژاد/نەتەوە، چـیـن و جـێـنـدەر کە لە ڕوانـگەی ئینتەرسـێکشـواڵیتەوە خاڵی سـەرەکین. ئەم خاڵانەش چ لە بـاری چـیـیەتـیـیەوە واتە (essential) و چ لە بـاری شـــیکـارییەوە لێـک جودا نـاکرێنەوە. بـابەت گەلێکن کە دەلالەتی ڕاسـتەقینەی کۆمەڵایەتی، سـیاسـی، فەرهەنگی و ئـابووری و ئـایدیۆلۆژیکیـان هەیە لەنـاو چـارتی تـایبەتـدا. هەموو ئەم بـابەتـانە کـاریگەریەتی مـاددی و کۆمەڵایەتی بەهێزییـان هەیە کە ڕێگەی تـایبەتی خۆیـان دادەڕێژن. فێمینیزم ئەگەر لە هەوڵ بۆ ســـڕینەوە نـایەکســـانی و بێعەدالەتیـدا هـاوبەش و یەک قەبـارە بێت بەڵام لە ژێ-سیاسییەکانیدا لێک جودا دەبێتەوە و تایبەتمەندی ناوچەیی بەخـۆوە دەگـرێـت. فـوکـۆ لە ١٩٧٠ دا چەمـکـی ژێ-سیاسی(بیۆسیاسی) بەربڵاوتر کرد و باسی لە سەپاندنی دەســـەڵات بەســـەر ژیاندا کرد. پاشـــان ئەو پرۆســـە مێژووییانەی لێک داوەتەوە کە ژیان لەوێدا دەبێتە سەنتەر و خاڵی ناوەندی ســتراتیژییە ســیاســییەکان و دەســەڵات

چنگی دەخاتە ناو قورگی ژیانەوە. فۆکۆ ئاماژەی بە ڕۆڵی دەسـەڵاتداوە لە بواری جەسـتە و حەشـیمەت و پاراسـتن یان سڕینەوەی جەستەکان و هەروەها دەستەمۆکردنیان. چەمکی عەدالەت، سـیاسـەت، دەوڵەت، ئاشـتی و ئەمنییەت لەو ڕیزە چەمکانەیە کە فێمینیسـتەکان لێکدانەوەی جیایان بۆی هەیە و لە ناویاندا چەمکی دەوڵەت-نەتەوە بایەخ و قورسـاییی تایبەتی خۆی هەیە. لە ڕاسـتیدا پێوەندیی نێوان نـاسـیۆنـالیزم و فێمینیزم یەکێـک لەو پێوەنـدییە پارادۆکسیکاڵ و دژوازانەیە کە هەموو بابەتەکانی تر وەک عەداڵەت یان یەکسـانی و بەتایبەت ژێ-سـیاسـەت دەخاتە نـاو چەکمەجەی پۆلێنکـاریی خۆیەوە. نـاسـیۆنـالیزمی کوردیش تـا ڕادەیەکی زۆر کـاریگەریەتی لەسـەر ژێ-سیاسەتی هەبوونی ژن دادەنێت. کەواتە ئەم ڕوونکردنەوە و بەرهەمەی کە لەم بەسـتێنەدا باسـی لێ کرا، دەتوانین بنەمـایەکی زانسـتی بۆ داڕێژین و بـارودۆخی هەبووی هەوڵە فێمینیسـتییەکـان پۆلێن بکەین. بەپێی توخمە سـەرەکییەکانی تیوری جۆرج ڕیتزێر و هەروەها مانوئێل کاسـتێلز سـەبارەت بە ڕوانین و لەم بنەما فکرییەدا بەپێی

وڵامدانەوە بە دوو پرسیار تیۆرەکە دادەڕێژرێت. یەکەم ئەوەی کە: "چی سەبارەت بە ژنان دەزانین؟" و، هەروەها "بۆ چی بارودۆخی ژنان بەم شێوەی لێ هاتووە؟" بەپێی وڵامدانەوە بۆ ئەم پرسیارانەش سێ تیۆری بنەمایی لێکدانەوە و پۆلێنکاریی هەوڵە فێمینیستییەکانی داڕشتووە کە جیاوازن لەو پۆلێنکارییە جیهانی و قبووڵکراوە لە فێمینیزم کە هەمووما‌ن دەیزانین. لێرەدا ئێمە هەر لەم ڕوانگەیە کەڵک وەردەگرین و هەم تیۆرەکان و هەم پۆلێنکارییەکە دەخەینە بەر دەست. جیاوازیی جێندەری، نایەکسانیی جێندەری و زوڵم و زۆری جێندەری.

| جۆر | پێناسە و ئامانجی گشتی | بابەتی بەرەنگاری | خەسارناسیی |
|---|---|---|---|
| فێمینیزمی مافخوازانە | هەوڵ بۆ گۆڕانکاریی لە ناو یاسا و دەستەبەرکردنی مافە | نایەکسانی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی باوکسالار | درێژخایەن بوونی پرۆسە، زاڵبوونی عورف بەسەر یاسادا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | جیاوازەکان بەپێی فەرمان | | |
| فێمینیزمی فەرهەنگی | داڕشتنەوەی چەمکەکان، گۆڕانکاریی لە ڕووبنەماکاندا، فەرهەنگسازیی یەکسان | دامەزراوە باوکسالارانەکان و فەرهەنگی زاڵ | کاڵبوونەوەی ڕۆڵی ژێربنەما، ئاڵۆزیی لە وەبەرهێنانی تیۆر و نەبوونی پراگماتیزم |
| فێمینیزمی پراکتیکال | چالاککردنی ژنان و داڕشتنی پرۆژەی کاریی و ڕاهێنان | ئابووری مۆنۆپۆلکراو بۆ باوکسالاریی | کاتی بوون، زاڵبوونی نیگای کۆلۆنالیستی، گەندەڵی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| فێمینیزمی ئایینی | گرێدانی ئایین لەگەڵ مافەکانی ژنان و بەستنەوەی بە ژیانی کۆمەڵایەتی | ڕوخساری دژ بە ژنبوونی ئایین | پارادۆکسیکاڵبوونی بارودۆخی پێناسەکراو، چییەتی دژوازی چەمکەکان |
| فێمینیزمی بنەماشکێن و ڕادیکاڵ | داڕشتنەوەی پێگەی ژن، گشتگیربوونی گۆڕانکاریی | سیستمی باوکسالاریی تیۆلۆژی باوکسالاریی | بەرتەسکبوون لە جوگرافیایەکی تایبەتدا، نامۆبوونی بۆ زۆرێک لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان |

وەک نموونە بۆ فێمینیزی مافخوازانە دەتوانین ئاماژە بە هەموو هەوڵەکانی پارێزەران و ڕاوێژکارانی یاسـایی و هەروەها ئەو کەمپەینانە بکەین کە بۆ چاکسـازیی لە دەقەری یاسا و گۆڕینی مادە و تەبسەرەکانی دەقی یاسای

باری کەسی و سزادانەکان بکەین بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لێرەوە هەوڵی ئەم جۆرە لە فێمینیزم تووشی بنبەستێک دەبێت لەگەڵ ئەو مادانەی کە لە شەریعەتەوە هاتوونەتە ناو یاسا و ناکرێت بەئاسانی بگۆڕدرێن. ئەو "قیمومیت" و هەروەها "حضانت" کە سپێردراوەتە پیاو، خۆی بنەما و پێکهێنەری هەڵاواردن و نایەکسانییە. بەپێی تیۆرییەکانی گۆڕانکاریی بریجز، لە قۆناغی سێهەمی گۆڕان لە بارودۆخی هەبوودایە کە زۆرێک لە هەوڵەکان دەچێتە دەڤەرێکی بێکاریگەریەتی واتە نە دەتوانن پۆزەتیڤ بن نە نیگەتیڤ. یاسای ژمارە هەشتی بەرەنگاریی توندوتیژیی دژ بە خێزان لە هەرێمی کوردستان و هەروەها مادەی سێ لە لایەحەی ڕاگرتنی توندوتیژیی دژ بە ژنان و خێزان لە ئێران کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەپێی ئەو یاسایانە کار دەکات. وەک نموونە بۆ فێمینیزمی فەرهەنگی دەکرێ ئاماژە بەو گروپانە بدەین کە بەتایبەت لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سایت و فەزای ئاکادیمیکی ئێمە داهێنەری دەقی تیۆریک و سەرچاوەی زانستین. بەشێکی زۆریان لە لقێکی کۆمەڵناسی، فەلسەفە،

ماف یان دیکەی بابەتە پەیوەندیدارەکاندا خاوەنی بڕوانامەن و هەوڵی گۆڕانکاریی بنەڕەتیان هەیە. وەک نموونە دەکرێ ئاماژە بە چەندین وەفد و گروپی تایبەت بکەین کە لەنێوان ساڵەکانی ٢٠١٠ پاش دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و بەر لەوەش هەتاکوو ئەم ماوەیە بانگهێشت کراون بۆ هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی گرفت و پرسەکانی تایبەت بە ژنان. لە حاڵێکدا کە هیچ کامیان خاوەنی شاکلیلێک بۆ کردنەوەی درگا داخراوەکانی پرسی ژنان نەبوون . لە بوارێکی تریشدا چەندین کەس لە فێمینیستەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە دامەزراندنی سایت و گروپ لەناو سۆشیاڵ میدیاکاندا هەوڵی دارشتنەوەی بنەماکانی یەکسانیخوازی و چاکسازیی بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییان داوە پێوەندییەکانیان پێکەوە لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی دامەزراوە. لە چەند دۆسیەی تایبەت بە باسی توندوتیژیی جنسی ڕەفتاری دوو لایەن و دوو ڕوخساریان هەبووە و هێشتا لەسەر ئاساییترین پرەنسیپەکاندا ڕێک نەکەوتوون. سەرکەوتنەکان بەو گەلاڵەی کە باسیان کردووە تا ئێستاش بەردەوامە بەڵام ئەم جۆرە لە فێمینیزم

پێوەندیی لەگەڵ چینە خوارووەکان و بەسـتێنی مەیدانیی گروپە کۆمەڵایەتییەکان، قوربانییە جیاوازەکانی هەڵاواردنی جێنـدەری پچڕاوە و نەبوونی فیزیکی لەنـاو سـەنتەری کێشـەکان و جوگرافیای مەسـەلەکان بەشـیکی زۆر لە هەوڵەکان لە ئاسـتی ئاکادیمیک و تیۆریدا دەهێڵێتەوە. ئەم گروپە لە چالاکانی بواری فێمینیزمی فەرهەنگی زۆر جار پێوەندییان لەگەڵ کوردسـتاندا پێوەندییەکی ئێمۆشـناڵ و عاتیفییە نەک حەقیقی.

وەک نموونە بۆ فێمینیزمی پراکتیکـاڵ دەتوانین گشـت پرۆژە و هەوڵەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناو ببەین کە مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە. کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات، یەکیەتیی ئافرەتانی دیمۆکراتی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات ١٩٤٦، کۆمەڵەی ئـافرەتـانی کوردسـتـان لە باشـوور، ڕێکخراوەی پێوەندییەکانی ئافرەتانی کوردسـتان و هەروەها یەکیەتیی ژنانی وڵاتپارێزی کوردسـتان ١٩٨٧ لە باکوور، ڕێدۆزیا ڕزگاریا ژنانی کوردسـتان، پارتی ژنـانی کرێکـاری کوردسـتـان، کوردینـاسـیۆنی ژنـانی

بەرێوەبەری سەربەخۆ لە ڕۆژاوا، یەکیەتیی ژنانی گەنج لە ڕۆژاوا و گەلێک ڕێکخراوی دیکە کە بە تـایبەت لەدوای ٢٠٠٣ لە باشـــوور و دوای ١٣٧٦ لە ڕۆژهەڵات، ژمارێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە بواری مـافخوازی ژنـان پێک هات. ئەم ڕێکخراوانە کە تۆمارکردنیان و کارکردنی پراکتیکی ئەوان لەژێر کاریگەریەتیی بارودۆخی ئابووری و ســـیاســـیی وڵاتی لکاودایە، ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە پێشکەوتنی بزاڤی دەستەبەرکردنی مافەکانی ژناندا. گەلێک پرۆژەی کارامەیی و فێرکاریی و وەگەرخســتنی تواناکانی ژنـانیـان بەڕێوە بردووە لە هەمـان کـاتـدا ڕەخنەی گەورەشـــیان لەســـەرە بۆ نموونە گەندەڵیی ئابووری و نیگای کۆلۆنیالیستی سەبارەت بە پرۆژەکانی ژنان کە هیچ کات تەواوبوونی نییە. بەشـــێک لەم پرۆژانە کاتین و بۆ پڕکردنەوەی جەدوەلی چالاکی ڕێکخراوەکان پێویســـتن و بەشـــێکی تریان هەرگیز پراکتیکاڵ نابنەوە لەلایەن ژنانی چینی مامناوەندی بەرەوخوار.

وەک نموونە بۆ فێمینیزمی ئـایینی دەتوانین گشـــــت هەوڵەکـانی لایەنگرانی ئـایین نـاو ببەین کە پێیـان وایە

دەکرێ لەنێوان فێرکارییەکانی دەقە ئایینی و شەرعییەکاندا لەگەڵ وانە فێمینیستییەکاندا پێوەندییەکی ساغ و پێویست ساز بکرێت واتە ئایین لەم مەجالەدا بابەتیکی فرێدراو واتە Exclusion نییە و دەتوانین ئەم پێوەندییە سەرلەنوێ پێناسە بکەین. دەیان گروپی حەقیقی و گروپی دامەزرێنراو لەناو ڕایەڵە مەجازییەکاندا ئەوەمان پیشان دەدەن کە کەسانێکی زۆر لەسەر ئەم باوەڕەن کە دەکرێ ئاشتکردنەوەی فێمینیزم و ئایین بکەین بە جێژنێکی ڕاستەقینە و لەسەر ئەم باوەڕەن کە عورف و دابونەریت و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانن کە بەریان بە یەکسانیی جێندەری گرتووە نەک شەرع و ئایین.

وەک نموونە بۆ فێمینیزمی ڕادیکاڵ و بنەماشکێن دەتوانین بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژاوا ناو ببەین و هەروەها بابەتی پێناسەکراو لەژێر باس و کۆدی ژنۆلۆژی واتا و چەمکێک کە پارادایمی جێگری ژنانە و بۆتە ناوەندی ڕاستەقینەی هەوڵ و تیکۆشانی بزووتنەوەکانی ژنان. ژنۆلۆژی هاوکات کە لێکدانەوەیەکی مێژوویی هەیە لە بارودۆخی

ژێردەســـــتەبوونی ژنـــان، هەوڵ دەدات بۆ بنبڕکردنی ڕیشـــەکـانی هەڵاواردنی دژ بە ژنـــان و چوونە نــاو هۆکارەکانی پەراوێزخســتنی ژنان. نادیە ئەلعەلی، لە دوای توێژینەوەکانی سەبارەت بە پێوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیزم لە ئێراق و تورکیادا، گەیشتووەتە سوریا و لەگەڵ ئیزابێل کیســـێر، گەلێک توێژینەوەی ئەتنۆگرافیکی بەڕێوە بردووە لە ســێ بەشــی کوردســتاندا بێجگە لە ڕۆژهەڵات. ژێنۆلۆژی(بـایۆلۆژی) چەمکی ســـەرەکی و توخمی ســەرکەوتووی هەوڵەکانی ژنان بووە. هەر بەو شــێوە کە باس کراوە خەســـاریی تایبەت بەم هەوڵانە، بەرتەســـک کردنەوەیەتی لەناو جوگرافیا و زەمەن و شوێنێکی تایبەتدا. واتە ژێنۆلۆژی وا وێنا کراوە کە بەســـتراوەتەوە بە بیۆ-ســـیاســـەتێکی دیاریکراو لە حاڵێکدا کە وانەکانی دەکرێ بگوازرێتەوە بۆ هەموو شـــوێنەکان و هیوای ژیانەوەی بزووتنەوەکانی لێ دەکرێت. وەک پاندۆرا کە هەموو هونەر و نیعمەتەکانی پێ بەخشـــرا و لە ئاکامدا ســـەری ئەو سندووقەی کردەوە کە پێی وترا هەرگیز نەیکاتەوە. هەموو بەهرە و خۆشـــییەکانی جیهان یەک لەدوای یەک بوونە هەڵم و ڕۆیشتن بێجگە لە هیوا کە پاندۆرا لەناو سندووقە

بچووکەکەدا هێشـــتییەوە. ژنۆلۆژی هەمان هیوای ئێمەیە لەناو دەستەکانی پاندۆرادا.

## ڕوخساری ژانووسی پێگەی ژن

لەنـاو ئوســـتووره ڕۆمییەکـاندا ژانووس یـان یـانووس، خوداوەنـدی دەروازەکـان، دەرگـا و بـان و ڕێگەکـانی نـاو دەریـایە و لە هەمـان کـاتـدا خوداوەنـدی ســـەرەتـا و کۆتاییەکانە. دوو سەری هەیە و دوو ڕوخساری هەیە کە یەکێکیـان دەڕوانێتە بەرانبەر و یەکێکی تریـان دەڕوانێتە پشـتی سـەریەوە. ئەو هەموو شـوێنەکان دەبینێت و هیچی لێ بزر نـابێـت بەڵام لە هەمـان کـاتـدا دوو لایەن و دوو ڕوخســار و دوو ڕووی جیاواز لە یەکتری هەیە کە دژ بە یەکتر دەوەســـتن و ئەمەش ترســـنـاکی دەکـات و پارادۆکسیکاڵی دەکات. دەگێڕنەوە کە لەناو شاری فۆرۆمدا دەروازەیەکی تێـدا بووە کە هیچ دیوارێکی نەبووە و هەرگیزیش بە کەس نەدەکرایەوە و هەر لێرەوە بووە کە ژانووس حوکمی دەکرد بەســـەر هەموو شـــوێنەکاندا. ژانووس واتە پیاوێکی دوو ســـەر کە هەموو شـــوێنیک

دەبینێت و هەموو کلیلەکانی بە دەستەوەیە و ئەوە خۆیەتی کە سۆبژەیە و شتەکان پێناسە دەکات. دوو ڕوخساری دژ بە یەک و دوور لە یەک و لە هەمان کاتدا پەیوەست بە یەک خوداوەند کە تووشی سەرسوڕمانت دەکات. دەتوانێ هاوکات هەم ژیان بێت و هەم مەرگ هەم دەرگای کراوە بێت و هەم دەرگای داخراو هەم ڕۆژ بێت هەم شەو، هەم ستایشتی ژن بوون بکات و هەم بیکوژێت، هەم ژن بکاتە خواوەند و ئیلهام و هەم بیکاتە بە وتەی خۆی سۆزانی و لەشفرۆش و پاشان حوکم بە کوشتنی بدات و ئاڵقەی گوڵ بکاتە گەردن بکوژەکەی. 'لەناو کات-شوێنی ئێستماندا و بە فوکوس کردن لەسەر بارودۆخی ژن و ڕوخساری پارادۆکسیکاڵی هەبوونی ئەم کەسە، دروستکردنی دوو خوێندنەوەی جیاواز لە بارودۆخێکی یەکسان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ڕوخساری ژانووسی دیاردەکان. بارودۆخی ڕاستەقینەی ئێستا و پێگە و داتاکانی پەیوەست بە ناسینی بارستایی و کێش و قەبارەی هەبوونی ژن لەم کۆمەڵگەدا ئەو ئیمکانەمان پێ دەدات کە پرسی ژن و bio politics یان ژێ-سیاسەتی هەبوونی ئەو بەو ڕوخسارە جیاوازە ژانووسییە بخوێنینەوە. دەکرێ بە هەمان شێوە کە لە

گوتاری فوکۆدا و لە بەرگی یەکەمی مێژووی سێکسوالیتەدا باســـــی لێ کراوە ژێ -یەکســـــانی، ژێ-فەرهەنگ، ژێ-ســەرمایە، ژێ- کۆمەڵ قبووڵی ژن واتە ئەو بەو پێناسـانە زیـاد بکەین. فوکۆ لە لێدوانی کۆلێژی دو فرانس لەنێوان مانگی ژانویە و ئاپریلی ١٩٧٨دا بەم شـــێوەیە باســـی لێ دەکات: من ئێســـــتا لەم تریبۆنەوە ئەوەتان پێ ڕادەگەیەنم کە بڕێـک لە دیـاردەکـان و پێکهـاتەکـان زۆر گرنـگ و بەرچـاون. وا دیـارە کە تـایبەتمەنـدییە بـایۆلۆژیکەکـانی جۆری مرۆڤ دەکرێ ببێتە ئۆبژەی ســــــتراتێژییەکی سیاسی، ستراتێژییەکی گشتیی دەسەڵات، ئەمە بابەتێکە کە من پێی دەڵێم ژێ-سیاسـەت(بیۆسیاسـەت). سیاسـەتێکی ئاناتۆمی جەســـتەی مرۆڤ و کۆنترۆڵکاری و ســـەپاندنی دیسـیپلینییەکان کە دەکرێ بەسـەر هەموو پێناسـەکاندا زاڵ ببێت. داڕشـتنی دابونەریتەکان، ڕاهاتنەکانی پەیوەندیدار بە سـڵامەت و لەشـسـاغی، سـک و زاکردن، پێکهاتەی خێزان، خوێن و شـــێوەی ژیان، ئەمـانە هەموو نموونەگەلێکن لە ژێ-ســــیاســــەت. ئێمەش دەتوانین ئەم بوونە و ئەم ژن بوونە و ژێ-سـیاسـەتی لە دوو ڕوخسـاری ژانووسـیدا

بدۆزینەوە. ڕوخسـارێک کە سـتایشـتی ژن بوون دەکات و ڕێز لە جەستەی خاوێن و بێگەردی  دەگرێت و بە فریشتە، ئازا، سەرکەش، خاوەنی متمانە بە خود و کارامە و لێهاتوو وەسـفی دەکات یان بە ئۆبژەیەکی جوان و سـەرنجڕاکێش لەناو تەوەری مەیل و ویســـتەکانی ســـۆبژەدا. لە هەمان کاتدا ڕوخسـارێکی تر کە بێبەزەییە و سزا و ئەشکەنجەی جەســـتەی تاوانبار و لادەری ئەخلاق دەدات و بە هەمان شـــێوە کە مێری داگلاس باســـی لێ دەکات ئەو "جەســـتە پیس"ە، کە لە بۆهۆنییەکـان واتە یـاســـــا و چوارچێوەی پاکداوێنی لای داوە، فڕێ دەداتە دەرەوە و حوکم  دەدات کە دەبێ بکوژرێت یان ڕیســوا ببێت. ئەم دوو ڕوخســاره ژانووســـییە چۆن پێکەوە کۆ بوونەوە؟ کامیان حەقیقەتە و کامیان مەجاز؟

## The Good Master, Good Slave

ئۆبژەی ژنی کورد لە هەمـان کـاتـدا کە دەتوانێـت ببێتە بابەتی ناســـین و دیتنی ســـۆبژە، دەتوانێ پێشـــاندەری پێوەندییەکانی نێوان کەســـەکانیش بێت و بنەمای پێوەندی و ڕەفتاری بەرانبەریان پێناســە بکات. فرۆید لە ســەرەتادا،

چەمکی ئۆبژەی لەنـاو پـاڵنەرە غەریزییەکـانـدا و لەنـاو کۆنتێکســـتی پێوەندی دایک-منداڵ بەکار برد و پاشـــان ئەوەی گواســـتەوە بۆ زۆرێـک لە پێوەنـدییە تـاکی و کۆییەکـان. لە ئێســـتـادا دەتوانین بـاس لەو بەدواهـات و پاشـماوە دەروونی و فەرهەنگییانە بکەین کە لە ڕابردووە هەتا ئێســـتا بەجێماوە و ڕەفتارەکانی ئێســـتای تاکەکان دیاری دەکات و بە تایبەت لەســـەر پێوەندیی نێوان ژن و پیاودا کاریگەریەتی دادەنێت. زۆرترین بارستایی وێنەکانی ژنی کورد کە بە تایبەت ڕوانگەی ناسیۆنالیستی پەسندی دەکـات بریتییە لەم وێنـانە کە ژنێکی کوردبوونی هەیە، جوانە، لەسەر بەرزایی شاخەکاندایە، لەناو ڕەشماڵ یان بە ئەســـپێکەوەیە، خاوەنی متمانە بە خۆیە، خاوەنی داهاتی خۆیەتی، بێمنەتی پیـاوە، پـاکداوێنـە، حیجـابی هەڵبژاردەی خۆی هەیە، شێوازی ژیانی زۆرەملی نییە، ئازاد و ڕەهایە، خوێنـدەوارە یـان زیرەکە، پـابەنـد بە مـاڵ و منداڵە و لە ڕابردووە تا ئێستا جێی ستایشت و پێهەڵگوتن بووە. ئەم ئۆبژەیە ڕەگ و ڕیشـــەی لەناو مێژوودا هەیە و لە لایەکی تریشـــەوە بووەتە بەشـــێک لە ئەزموونی دەروونی و

کۆمەڵایەتی ئێمە و بەو شێوە کە یۆنگ خستوویەتییە بەر باس بەشێکن لە collective unconscious بە واتای نەست و ناوشیاریی گشتی ئێمە کە لای خۆمان و لای کەسانی تر کە دەمانبینێت یان ناومان دەبیستێت و بیرمان لێ دەکاتەوە، ئەگەر خۆشمان غایب بین، دیسان ئەو ئیماژانە ئامادەن و پێناسەمان دەکەن. ئەمە ڕوخساری ژانووسی میهرەبان و پەرەسەندوو، ڕوو لە داهاتووی ڕووناکە کە هەموو ماتریاڵە خراپەکانی سەرکوت کردووە و شتەکانی لەناو دیسیپلینی خۆیدا کۆ کردووەتەوە. کاتێک دەمانهەوێ باس لە ژن -کوردبوون بکەین ئەم ئیماژانە ئەوەندە زۆرن و ئەوەندە بێخەوشن کە ئێمە دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر و بۆ گەلێک شوێنی جیاواز یارمەتی لێ بگرین. ئیماژەکانی ژنی کورد و بایۆسیاسەتی هەبوونی ئەو، لەم ڕوخسارە ژانووسییەدا هەموویان بێ هەزینەترین و جوانترین وێنەکان بەرهەم دەهێنێت کە بەدواهاتی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی نییە و هیچ قەیرانێکی مەعریفی دروست ناکات و ئەو گشتە پارادۆکسانە پیشان نادات کە لەناو پێناسەکردن خودی ئۆبژە و پێوەندییەکانی نێوان ئەو و سۆبژەدا هەبوونی ئەو

دەخاتە ژێر پرســــیارەوە. لێرەدا ئەم نواندنەوە دوو قاڵبی گشـــتی و قەبەی هەیە یەکەمیان دەڤەری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئۆبژەیە کە ئـاخێنـدراوە بەم وێنـانە و ڕۆژانە بەرهەم دێتەوە ئەوی تریشـــیـان دەڤەری دەروونی و جیهـانی نـاوەکیی نێوان ئەوانە کە دیســـــان لەژێر هێزی نواندنەوەدایە و ســـۆبژەیەکی گشـــتگیر و فرە ڕەهەند دروستی دەکاتەوە و ئایدیاڵ سازی کردووە. بەم شێوەیە کە خودی پیاو ناتوانێت ئامێرەکانی جۆرە ناســـینێکی تر لای خـۆی دەســـــت بـخـات و ئەزمـوونـی هـاوبەش واتە shared experiences لەگەڵ دیکەی پیاوەکـانـدا ئەم ئیمـاژانەیەکە کـات-شـــوێن دەبەزێنێت و دەکرێ لە هەزاران ئەژماردا بەرهەم بێت. وێنەی تەشـــی ڕســـتن و منـداڵ بەخێو کردن و هەنـار دانکردن و کڵاش چنین و هەڵپەرکێی کوردی ئاوێتەی ســـانتیمانتالیزم و هـاوکـات لەگەڵ ئەوەدا پیشـانـدانی دوایین پرۆژەکانی ڕێکخراوەکانی تواناسـازیی ئافرەتان، تەرخانکردنی بودجە بۆ سـڕینەوەی جیاوازیی ڕەگەزیی لە ڕووکەشدا، پیشاندانی ئاستی متمانە بە خودی ژنـان و نەبوونی تونـدوتیژیی بە مێکەپکردنی

میدیایی، پرۆژەکانی سـێلێبریتیسـازیی بە گشـت لق و پۆکانییەوە، نمایشـتکردنی ئێگزەجەرەی جەسـتەی ژنانە بە کامێرای واق وڕماویی پیاوانە، ڕاخستنی فەرشی سوور و دروسـتکردنی دەیان بۆنەی دەسـتکرد بۆ ئەو جەسـتانەی کە هێزی سـێلیکۆن و نەشـتەرگەریی جوانیمان نیشـان دەدەن، ئەمـانە گشـتیی ئەو ئیمـاژانەن کە ژانووسـی میهرەبان پیشـانمان دەدات وێنەگەلێکی تازە کە پیشـانی خۆمان و ئەوانی دی دەدات، ئەم وێنانە چ دەسـتکرد بن و چ تایبەت بە جیهانێکی هاوتەریب، وەک پێشـتر باس کرا، لەناو نەسـتی گشـتیی ئێمەدا هاتوچۆ دەکات و بەتەواوەتی سۆبژە دەگەیەنێتە ترۆپکی چێژگرایی و کەمترین مەترسیی دروست دەکات.

ڕوانین بەم ڕوخسـارەی ژانووس بۆ هەبوونی ژن و بایۆپۆلێتیکی ئەو، نموونەی لەناو دەقی ڕۆژهەڵاتناسـەکاندا زۆرە کە لەسەر بناغەی کڵێشە، نیگای توریستی، تاکبێژیی، سـیسـتمی دووانەسـازیی، دروسـتکردنی خود-ئەوی دی پێک هاتووە. (ڕوانین بۆ ڕۆژهەڵتناسـیی ئێدوارد سـەعید، زانستی مەترسیدار، رۆژهەڵاتناسی و بەلاکانی نووسینی

ڕابێرت ئێروین). لێرەدا مەجالی ئەوە نییە و مەبەســــت کردنەوەی ئەو باســــە قووڵ و زانســــتییەش نییە، ئەوەی پێویســــتمــانە هێنــانی چەنــد نموونەیەکە لەو جۆرە پێناســــەکردن و پیشــــاندانی فیزیکی ژن کە تا ئێســــتاش بەرهەم دێتەوە و لە خوازراوترین وێنەکــانە کە حەز دەکەین لە ئیمە بیبینن و خۆشــــمان بەردەوام ئاپدەیتی دەکەینەوە و نیشان خۆمانی دەدەینەوە. هەروەک

برۆگێش پۆلاک دەڵێت: ژنانی ڕەشــــماڵ و گوندەکان لەناو کورداندا بارودۆخێکی جیاوازیان بە نیسبەت ژنانی عەرەب و تورک هەیە، ئەوان دەموچــاویــان لە پیــاوانێ بێگــانە داناپۆشــــن و بە دیتنی ئەو پیاوانە ناشــــڵەژێن. هەروەها هێنری بــایـنـدێر دەڵـێـت "ئەوان زۆر جــار لە بــابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ مێردەکانیان قســە و ڕاوێژ دەکەن تەنانەت کوڕەکان بە ناوی دایکیانەوە بانگ دەکەن". بارۆن دۆبێدن لە سەفەرنامەکەیدا دەنووسێت: ئەو متمانەی کە بە پاک داوێنی ژنی کورد کراوە بووەتە هۆی ئەوەی کە پلە و پێگەی باش ببەخشرێتە ژنی کورد و کەسایەتیی خودی

ژنەکانیش ئەم ڕێزەی بۆ خۆیان دابین کردووە و ئەمەش ژنی کوردی کردووە بە ڕەفیق و یارێکی باشـــتر بۆ پیاو". سـێرجان مالکۆلم لە ١٨٠١دا کاتێک لە کرماشـانەوە ڕێ دەکەوت بۆ وەسـفی سـەرۆکی عەشـیرەی ماهی دەشـت نووسیویەتی: ئەم سەرۆکە ژنێکی ئازا و بەهێز و پتەوە و نزیکەی پەنجا سـالّی دەبێت، دەسـەڵاتدارە و بڕیاردەرە هەروەک کاترین ئیمپراتۆری ڕووسـیا. کلارا کۆلیۆرایس، بەڵام لە کتێبی دابونەریتی ژیانی ژناندا ئەمە باس دەکات "ئەوان لە کاتی نەبوونی مێردەکانیاندا، میوانداریيان دەکرد. ژنانی کورد داوێن پاکن بەڵام ئەگەر هەڵەیەکیان بکردایە دەکوژران"، لاپەرەی ٧٦. ژانووسـی میهرەبان کە ڕوو لە داهـاتوو و ڕووناکییە و درگـاکـانی کراوە بوو، لێرەوە ڕوخسارەکەی تری دەردەخات.

## گرێی مەدۆنا

لە ئێپیسـتمۆلۆژیی چەمکی فێمینیزمدا گەلێک گرنگە کە بزانین خودی پیاوانی ئەو کۆمەڵگە و بەستێن جوگرافیایی-

مێژووییە چ ڕوانینێکیان هەیە سەبارەت بەو باسە. ڕوخساری باش و ڕووناکی ژانووسیمان گێڕایەوە بەڵام هەر ئەم ڕوخسارە، ڕوومەتێکی تری هەیە کە تاریک و توند و بێبەزییە. ڕوانینێک کە دیلی گرێی مەدۆنایە و هەموو ژنەکان یان بە شێوەی سۆزانی دەبینێت یان فریشتە. بە لای ئەوەوە ئەگەر ژنەکان شیاوی ئەو مەدح و گێڕانەوە مێژووییانە نەبن کە باس کراوە کەواتە کەسانێکی بێبایەخن و شایستەی هیچ جۆرە ڕێزگرتنێک نین. لەم حاڵەتەدا لە پێگەیەکی پارانوئید-ئێسکیزۆئیدەوە دەڕوانن واتە Paranoid-Schizoid Status کە هەموو چەمکەکانیش دەخەنە خزمەت ئەم پۆلێنکارییانەوە .لای ئەوان ژنەکان یان شیاوی پێ هەڵگوتن و هاوسەنگی پیاوان و جێگەی متمانە و کاریگەریەتی دانانن یان وەک حەوا بە ڕەوایەتی تەورات، فریودەری پیاو و ساحیرە و لادەر و تێکشکێنی یاسا و دیسیپلینن. دەکرێ لە ڕوانگەیەلی پۆست مۆدێرنیستییەوە هەموو مرۆڤەکان بە هاووڵاتییانی یەک جیهان بزانین و سنوورەکان بە دەستکرد دانێین بەڵام لە ڕوانگەیەکی سیاسی و

ڕیالیستییەوە ئەم هاووڵاتییانە لەژێر دەسەڵاتی پێوەندییەکانی سیاسەت-ئابووری و سیاسەت-کۆمەڵگەدان و کاریگەریەتیی ئەم دەسەڵاتە ژێ-سیاسییەکانیان دەگۆڕێت. فێمینیزمیش لە وەها پێناسەیەک لە وڵات و دەوڵەت-نەتەوەدا خۆی گەلێک جیاوازی و هەوڵ و ڕێکخراو سیستمی لێ دەبێتەوە. یووال دیویز و فلۆریا ئانیتاس، هەبوون و مانەوەی ژنانیان لەناو بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا بە پێنج شێوە دیاری کردووە: هۆکار و ژێدەری وەبەرهێنانی بایۆلۆژی ئەندامانی نەتەوە، هۆکاری وەبەرهێنانی سنووری نێوان گرووپەکانی ناونەتەوەیی، هۆکاری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی فەرهەنگی نەتەوەیی، پێوەری سەمبۆلیکی دژایەتییە نەتەوەییەکان و هەروەها بەشداری چالاک لەناو گرفت و کێشە نەتەوەییەکاندا.

ناسیۆنالیزم هەر لە سەرەتاوە گوتارێکی جنسییەتی بووە و لەناو ئەو بەستێنەدا دەخوێندرێتەوە. ئەم گوتارە پارادۆکسێکی بنەڕەتی لەگەڵدایە لە حالێکدا کە تیۆریسیەنە پیاوەکان هەموو جیاوازییە جنسییەتیەکان لە بەرچاو

ناگرن تەنها ئامانج لە وەدیهاتنی خواســـتی نەتەوەدا کۆ دەکەنەوە و نکۆڵی لە هەڵاواردن و ســـەرکوتکـاریی جنســـییەتی دەکەن. لە لایەکی دیکەشـــەوە ژنـان لەنـاو بزووتنەوەکـانـدا هەر بەو شـــێوەیە کە ئـامـاژەی پێ درا هەڵگری بارێکی قورسی شوناس و نیشانە فەرهەنگییەکان و هێمـاکـانی نەتەوەن و لادان لەم ئەرکانە هەر لەنـاو ئەو کۆنکرێتەدا سـزا و بەدواهاتی پێناسـە کراوە. وەک نموونە "اخلاص بســام" ژنێکی تەمەن ٣٨ ســاڵان کە کەمپەینیکی زۆر گەورەی ڕێکخســـت بۆ ئەوەی کە بتوانێت یارمەتیی زۆر و داهـاتی ئابووریی باش دەســـت بخات بۆ گروپە دەرووزییەکـان و خۆی کە نیشـــتەجێی نیۆیورک بوو لە کاتی گەڕانەوە لە ســـنووری نێوان خاکی فەلەســـتین و ڕێژیمی ئیســـرائیـل لەلایەن براکەیەوە کوژرا. بۆ چی؟ چونکە وەک بیـانییەکـان تەنوورەی لەبەر کردبوو و هەروەهـا ســـووراوێکی تۆخی هەبوو، قـاقـا پێکەنیوە و هەموو بنەمـاڵەکەیـانی ســـەرشـــۆڕ کردووە. بـابەتی ســـەرنجڕاکێش ئەوە بووە کە نە ئەو بڕە پـارە زۆرە کە "اخلاص" کۆی کردەوە گرینگ بوو نە ئەو ئەکت و وزە و

ژێدەرە کۆمەڵایەتییە کە خستییە ناو ڕێکخراوێک. پیاوانی بنەماڵە و عەشیرەکەی هیچ کات قاتڵەکە کە براکەی "اخلاص" بووە ڕادەستی پۆلیسیان نەکرد و تەنانەت پشتی ئەو پیاوەیان گرت لە کوشتنیدا و تەنها خوشکەکەی "اخلاص" تووشی ترۆما و شۆک بوو لەدوای مردنی خوشکەکەی، بەڵام دیکەی پیاوانی هۆز و عەشیرەت و خێزانەکەی هەستیان بە شانازی کرد. سەرۆکی خێزان وتی ئێمە دەبێ پارێزگاری لە دابونەریت و عورف و یاساکانی کۆمەڵگە ۆ هۆزەکەمان بکەین ئەو ئیتر پێی لە هەموو بنەماکان درێژتر کردبوو سزاکەی مەرگ بوو. واتە ئەم عەشیرە و ئێتنیک و بزووتنەوە سیاسییە بە تەواوەتی پشتی قاتڵی پیاو دەگرێت ئەگەر تەنانەت کوژراوەکە (ژن) سوود و قازانجێکی و دەسکەوتێکی زۆریشی بۆ ئەو کۆمەڵگەیە بووبێت.

"اخلاص" بە هێمای سووککردنی نەتەوەیی ئەژمار کرا و ئەم سووکایەتی و بچووککردنە واتە "Humiliation" جێی لێبوردن و بەخشینی تێدا نەبوو. لە کوشتنی "دوعا ئەسوەد خەلیل" کچێکی ئێزیدی کە عاشقی کوڕێکی

موســــڵمـان بوو، دوو برا و دوو ئـامۆزاکەی ئەویـان لە پەنــاگەکەی دەرهێنــا و لە مەیــدانی ئــاوایيــدا یەکەمین بەردەکانیان پێدا کێشـــا و دوای ئەوانیش دیکەی پیاوان و منداڵان و چەند ژنێک بەردبارانیان کرد، لەبەر ئەوەی بە باوەڕی ئەوان ئەم شــــەرمەزارییە جێی بەخشـــش نییە و دەبێ سـزاکان بسـەپێندرێت. هەروەها کوشـتنی "ماریە" و " فادیمە" و"بەناز" و چەندین ژنی دیکە لە ئەوروپا بە ناوی پاراستنی نامووس ئەوەمان پیشان دەدات کە هیچ شوێنێک بۆ ژنـان ئەمن نییە و دەکرێ شــــوێنە جیـاوازەکـان ببنە قوربـانگەی کوژراوەکـان. بەپێی پۆلێنکـارییەکەی دیویز و ئانیتاس ئەم ژنانە کە لە کۆنکرێتێکی ناســـیۆنالیســـتیدا هۆکاری وەبەرهێنانی ســـنووری نێوان گرووپەکانی نێوان نەتەوەیی، هۆکاری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی فەرهەنگی نەتەوەیین، نابێ ســـنوورەکان ببەزێنن و ئەو دیســـیپلینە سەپاوە تووشی داڕووخان بکەن.

کوبێنا مێرسێر (١٩٩٠) باس لە چەمکی "بارستایی قورسی نوانـدنەوە" دەکـات  کە دەبێتە هۆکـاری دروســـتبوونی

شـوناسـه زۆرەملێکان. ئەم بارە قورسـەش لەسـەر شـانی ژنانە کە دوو لایەنی تاکی و گشـــتی هەیە و بە هەڵگرانی سەمبۆلیکی شوناس و شەرەفی جەماعەتێک ناو دەبرێن.

لە بزووتنەوەی لاوانی هیتلەرخوازدا دوو وانە بۆ کچان و کوڕان داڕێژرابوو. بە کوڕانیـان دەوت: "وەفـادارانە بژین، ئازایانە شــــەڕ بکەن و بە پێکەنینەوە بمرن". بە کچانیش دەوترا: "بەوەفا بن، پاک بن و ئاڵمانی بن". ئەرکی ســــەر شـانی کوڕان ئەوە بوو کە ژیان و گیانیان بەخت بکەن بۆ نەتەوە و حزب بەڵام کچان پێویســـتیان بەمە نەبوو تەنها ئەوەی کە شـــوناســـی نەتەوە بن بەس بوو. لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا شـەمایل و وێنەی ژنێک کە زۆر جار دایکە، دەبێتە ســـەمبۆلی نەتەوە و ڕۆحی جەمـاعەتێک. دایکی ڕووســـیا، دایکی ئیرلەند، دایکی هیند و بگرە دایکانی تر. دەکرێ دایکی کوردیش بەم ناوانە زیاد بکرێت.

لەم بەســـتێنەدا دەتوانین بـاس لەوە بکەین کە ڕوانینی پیاوان بۆ ژنان و ڕوخســـاری ســـزادەری ژانووســـی، ڕوانینێکی مـازوخیزمی ئەخلاقییە، خودئـازاردەرە بەرانبەر هەموو چەمکەکان و وینەکانی تایبەت بە ژن و بە ئەرکی

سـەر شـانی خۆی دەزانێت کە نمود و پێکهاتە و دەرکەوتەکـان بگەڕێنێتەوە سـەر جێگەی خۆی. وەک نموونە دەتوانین هەموو هەوڵەکانی پشـت و بەرانبەری بزووتنەوەی "me too" یـان نزیـک بەوە نـاو بەرین کە لەلایەن پیاوانەوە سـەرکوت کرا. لە کەیسـی "ک.ل" تاوانبار بە دەسـتدرێژی سـێکسـی بەرامبەر بە کچان و ژنانێک کە هەر ئەوانە هاوکاری خۆی بوون لە پرۆژە توێژینەوەکانی تایبەت بە بواری مافەکانی ژنـان، بینیمـان کە تەنانەت بە هەبوونی لانی کەم پێنج شـایەتحـاڵ و قوربـانی لەم کەیسـەدا، ڕای گشـتی، کۆڕ و کۆبوونەوە پیاوانەکان، چالاکانی ئەم بوارە ئامادە نەبوون تاوانی سـۆبژە قبووڵ بکەن و بە هۆی لایەنگریی ناسـیۆنالیسـتی لە تاوانبار هێرشـیان کردە سـەر قوربانییەکان و پاکانەی ئەخلاقییان بۆ تاوانبار کرد. من وەک نووسـەری ئەم وتارە دەتوانم ئەوە بسـەلمێنم کە لانی کەم یازدە کەس مامۆستای زانکۆ، پـارێزەر، چـالاکی مـافی مرۆڤ، بەرپرسـی ئەنیسـتیتۆ، ڕۆژنـامەڤان و نووسـەری پیـاو، لەگەڵ من گفتوگۆیـان کردووە بۆ ئەوەی کە ئەنگی تاوانبار لەسـەر ئەو کەسـە لا

بچێت تەنها لەبەر ئەوەی پیاوێکی کوردە و لەناو ئێراندا نەشـــیاوە کوردان بەم باســـە تـاوانبار بکرێن و ئەمە ســـینـاریۆی خودی حکوومەتە  کە ئەم کەســـەی بەو ئاوەڵناوە ناحەزەوە پێناسە کردووە. ئیمە ئەو سوبژەی کە بەم شـــیوە ڕەفتار دەکات بە قوربانیکار واتە Sacrifier ناو دەبەین. سـوبژە هەندێ جار تەنها یەک کەس یان یەک ژنە، هەندێ جار حەشـــیمەت و گروپ و خێزانێک. هێنری ئۆبێر و مارســێل موس لە پێناســەکردنی قوربانی و ژێ-سـیاســەتی ئەودا، ئەوەمان پیشــان دەدەن کە هەندێ جار ئەم قوربــانییە نوێنەر و دەنــگ و ســـەمبۆلی دیکەی قوربــانییەکـانە لەم بوارەدا. کەواتە ئەو پێنج کەســـە لە دۆسییەی "ک. ا"دا ڕوخساری دیکەی قوربانییەکانن و ئێمە هەمووماں بێپشـــت و پەنا و بە داخکردنی کۆمەڵایەتییەوە بەجێ هێشـــتووە و دەســـتی تاوانبارمان کردووە. ئەمەیە لایەنی دیکە ژانووســـی ئێمە. لەبەر ئەوەی بەپێی گرێی مەدۆنا، پێمان وایە هەموو ژنەکان دەبێ پاکیزە بن و هەر کەس دوور بێت لەم یاســـایە کەواتە ســـۆزانییە، حوکمی کوشـــتنی ئەو ژنە دەدەین و گەر نەتوانین بیکوژین، بە شـــێوەیەکی ســـەمبۆلیـک دەیکوژین. دەچینە پشـــت

دەستدرێژیکارەکە و بە حوکمی ناسیۆنالیزم هەموو قوربانییەکان دەمکووت دەکەین.

## روو لە فرانکێنشتاین، دووبارە دروستکردنەوەی دێوەکان

سوننەتە فەرهەنگییەکان و دووبارە سازکردنەوەیان یان داتاشینی ئەم دابونەریتانە بەشێکی کۆنکرێتن لە توێژینەوە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان. لای ئێمە ئەم بابەتە دژە ژنانە هەموو کات لە ڕوخساری تازەدا خۆیان نیشان دەدەن. هەر وەک چۆن ئێرک هابسبام و ڕینجر و بە تایبەت هابسبام لە کتێبی "داهێنانی سوننەت(ترادیسیۆن)" باس لەوە دەکات کە زۆربەی دابونەریتەکان، جێژن و بۆنەکان بابەتگەلێک نین کە ڕاستەقینە بن بەڵکوو دەستکردن و هەر بەم شێوەیە دەکرێ سیاسەتگەلێک داڕێژین کە بۆ سەرکوتکاری و گوشار خستنەسەر ژنان بەکار دێن.

هابسبام سێ گروپ لە سوونەتە دەستکردەکان ناو دەبات: ئەو دەستە لە دابونەریتەکان کە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی یان بوون بە ئەندام لەناو گروپ و تاقم و دەستە ڕاستەکان یان دەستکردەکان دابین دەکات و سەمبۆلیکیان دەکاتەوە. دووهەم ئەو دەستە دابونەریتگەلە کە دامەزراوە، پلە و پێگە یان پێوەندییەکانی دەسەڵات تەئید دەکەن و ڕەوایەتی پێ دەبەخشن. سێهەم ئەو دەستە لە دابونەریتگەلەی کە مەبەستی سەرەکییان کۆمەڵ قبووڵکردن، پەسندکردنی باوەڕەکان سیستەمە بایەخییەکان و ئادابی ڕەفتارکردنە. ئەم سازکردنەوەی بایەخەکان میکانیزمێکە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تازە کە لە ڕوانگەی هابسبامەوە دابونەریتگەلێکی دەستکردن کە لەگەڵ نەتەوە، ناسیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوە و هەروەها گشت سەمبۆل و هێما نەتەوەیی و مێژووییەکان لە پێوەندییەکی قووڵ و بنەڕەتیدایە. ئێمە لە هەر سێ جۆرەکەیدا تووشی بەرهەم هاتنی قەبە و فرانکینشتاین ئاسا بووین. ڕوخساری ژانووسی کە سۆزانی بوونی ژنان وێنا دەکات و تووشی گرێی مەدۆنایە، باوەڕی بەوە هەیە کە دەبێ گشت نەریتەکان بە پاڵپشتی ناسیۆنالیزمی کوردی سەر لە

نویَ بەرهەم بێنەوە. کەواتە ناتوانین بەوە دڵخۆش بین کە دێوەکانمان کوشتووە و ئیترهیچ سوننەتێکی فڕێدراو لەناو مێژوو بەدوامانـدا نـایەت. هەموو ژنەکانیش لەم کاتـانەدا ڕوو دەکەنە میکانیزمە پارێزەرییەکانیان و ئەو دابونەریت و سـتراتیژییە تایبەتانە دادەڕێژن ک دەتوانێت بیانپارێزێت. لە کۆتاییدا ئاماژە بەو باســـە گرنگەی کاترین مەک کینۆن دەدەم کە دەڵێـت مێژووی پێوەنـدییەکـانی نێوان ژنـان و پیاوان هیچ شوبهە و تاریکاییەکی نییە بەڵکوو لەژێر گشت ئەم دەریـا و بـیـابـان و جەزر و مەد و تـۆفـان و وشـــکەســـاڵییانەدا یەک شـــت نەگۆڕ بووە ئەویش بە ئەســـیرکردنی ژنان و زاڵبوونی پیاوانە. ڕیچارد ڕۆرتی باســـەکەی بەم شـــێوە تەواو دەکات و منیش حەز دەکەم ئـاوا کۆتـایی پیَ بێنم کە: گروپێـک لە پیـاوەکـان کە مـاســـولکەکانیان تۆزێک گەورەتر بووە بۆ گروپێک لە ژنەکان کە ماســولکەکانیان تۆزیک بچووکتر بووە، خۆیان نواندووە و لە خۆیان بایی بوون. هەر ئەمە و هیچی تر.

**تێبینی:** ئەم بابەتە یەکەم جار لە ٢ی کانوونی دووەم ٢٠٢٢ لە ماڵپەڕی ژنەفتن بڵاو کراوەتەوە

# بێ ڕزگاریی گشت، هیچ ڕزگارییەک نییە!

# چەند سەرخەتێک.



نەبەز خالید

شـــێرکۆ بێکەس لە یەکێـک لە هۆنراوەکـانیـدا بـاســـی پێشـــمەرگەیەک وەک نموونە دەکات کە دەچێتەماڵێک بۆ پشوو و نانخواردن، ژنی ماڵەکە کە هاوسەرەکەی کوژراوە و باری مەینەتی ژیانی لەســـەر شـــانە، بە پێشـــمەرگەکە دەڵێت، -بۆ هاتووی؟

چی ماوە تا بۆی بێن؟ بێژنگی لاشەمان؟!
یان نانی خوێناوی؟!
چی ماوە بۆ هاتووی؟!
تفەنگتان بۆ خۆتان!
شۆڕشتان بۆ خۆتان!
کوردستان بۆ خۆتان!!
چی ماوە؟ بۆ هاتووی؟!

ئەمە وینەیەکە بۆ لێکـدانەوە، ئەو دەنگە نـاڕازییە و ئەو هاوارە کە پێشـمەرگەکە شـەرمەزار دەکات، باش دەزانێت کە ڕزگـارییەکەی ئەوان و چەک و درووشـــمەکـانیـان، ڕزگاری ئەم نییە، ئەو هاوارە ئێشـتا لە گەروی ئەو ژنە و

باقی ژنانی تردا گوێ کەڕ دەکات و نایەکسـانی و سـتەم لەسەریان بەردەوامە.

بە دوور لە پێنـاسـه بـاوەکـانی فێمینیزم و قوتـابخـانە جیاوازەکانی، بەگشـتی ئەم بزووتنەوەیە! ئاکتی و گوتاری لە جیهاندا و بەتایبەتیش لە کوردسـتان، درێژەی هەمان گوتـاری چەمکە ئیزمـاویەکـانە کە توێژی مـامنـاوەنـدی کۆمەڵگـا خـۆی بە خـاوەنـی دەزانـێ و نـوخـبەیەک و کارەکتەرانێکی تایبەت نوێنەرایەتی دەکەن کە لە باشـترین حـاڵیـدا داواکـاری مـافە مەدەنیەکـانی ژنـانن و قوتـابخـانە ڕادیکاڵەکەشـی یەکسـانیان دەکاتەوە بە پیاو! لەکاتێکدا کیشـەی ژنان کێشـە بنەرەتیەکەی کۆمەڵگایە و ڕزگاری ژنان ڕزگاریی گشتە.

فێمینیزمی سـەردەم لێرە دابڕاوە لە ژنـان و خـاوەن پرۆژەیەکی بنەڕەتی نییە. داوایەک هەیە لە ژنان کە دەبێ خۆیان ڕزگار بکەن، هەوڵ بدەن بۆ ڕزگاری. لەکاتێکدا ئەم فیمێنیسـتانە خۆنواندنێکیان هەیە کە داواکە دەباتە سـەر ئەوەی کە بۆ وەک من نیت و بۆ قبوڵی دەکەیت. فێمێنیزم

بۆتە ژێست و ئیمیجی تایبەت، بۆتە دووبارەکردنەوەی زانیارییە ویکیپیدیاییەکان، تووڕەییەک لە پیاو و سیستەمەکەی. یان داواکاری بۆ دانانی یاساکانی داکۆکیکار لە مافی ژنان، لە کاتیکدا ئیمە باش دەزانین کە دەستور و یاساکان ئەوەندەیان دەق تیایە کە بتوانێ لانی کەم مافە مەدەنییەکانی ژنان دەستەبەر بکات لە بەشداری کۆمەڵایەتی و سیاسی و مافە سەرەتاییەکانی بەپێی دەق بە هەق ناسیوە بۆیان، بەڵام بارودۆخی ژنان لەوە کارەساتبارترە کە بە یاسا و لێکدانەوەکان هەڵسەنگێندرێ و چارەسەر بکرێت.

فێمێنیزم پڕۆژەیەکی ڕۆژاواییە و ئێمە لە میژووی خەباتی ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازی ناوچەکەماندا و بەتایبەتی کوردستان ئەم دەستەواژەیەمان نەبووە. هەروەک تا ئێستاش کەسێک ناتوانێ بڵێ من بۆرژوازیم، بەڵام زۆر بەئاسانی دەوترێ من پڕۆلیتاریم. هەر ئاواش کەمتر یان هەر نابیستین کەسێک خۆی بە فێمینیست بناسێنێ، بەڵام یەکسانیخوازان و ڕزگاریخوازان زۆرن. گومان دەکەم کە لە باشووری کوردستان تا کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی

ڕابردوو دەسـتەواژەی فێمێنیزم لە ئاسـتی گشـتیدا بەکار هاتبێ و ڕێکخراو کاری بۆکرابێ، تا ئیسـتاش بە دەگمەن ڕێکخراو دەبینین کە ناوی فێمینیسـتی لە خۆنابێ، یا هەر نییە! باسـی جێندەر لە ناو کایەی ئەکادیمی و فکریدا بەکار دێت تـا فێمێنیزم. ئەم فـاکتە ئەوەمـان پێ دەڵێ کە ئێمە خەریـکـین دەسـتەواژەکە بەسـەر بـزووتـنەوەی یەکسانیخوازیدا بە زۆر دەسەپێنین و دەشمانەوێ لەسەر شـتێک کە نییە توێژینەوە بکەین، هەر بۆیە کاتێک باس دێتە سـەر فێمێنیزم دەبێ بـاسـی ئەو لێکۆڵینەوانە و پێشـڕەوانە بکەین کە لە ڕۆژاوادا چالاک بوون و تیۆری جیاوازیان لەسەر بەرهەم هیناوە،

نوێنەرایەتی فێمێنیزم لەلایەن کێوە دەکرێـت؟ پلەوپـایەی کۆمەڵایەتی و ئابووریان چۆنە؟ ئەم پرسیارانە بۆ کەسیک کە دەروانێتە میـدیـا و ڕێکخراوەکـان، دەبینێ کە ئەم نوێنەرایەتییە لەلایەن توێژی مـامنـاوەنـدی تـاڕادەیەک ئـاسـودە لەبـاری ئـابوورییەوە و خـاوەن بڕوانـامە زانسـتییەکـانن. هەر بۆیە ژنـانی پەڕاوێزخراو کە دەبنە

زۆربەی ژنانی کۆمەڵگا نەک سوودمەند نابن لە باسەکانیان بەڵکوو زۆربەشـــیان ئەم باســـانەیان پێ ناگا و ئاگاداری نین، لە کاتێکدا ئەوانن کە ئامانجی ئەم چالاکییانەن. ژنان لای ئەم توێژە بووەتە ( ئەوان) ( ئەوانی بێچارە وگوناح) کە خۆیان و هاوســـتاتوســـەکانی وەک خۆیان ناگرێتەوە، هەر بۆیەش ئەکتئڤیســـتەکانی فێمێنیزم کولتوور و زمان و ئیمیجی تایبەت بە خۆیانیان پەیدا کردووە، هەر ئەمەشـــە بەشـــێکی ڕەخنەی کۆمەڵگای لە بەرانبەریان دروســـت کردووە. کێشـــەی ژنان تەنها مافە مەدەنییەکان نییە کە لێیان ســـەندراوەتەوە، بەڵکوو ژنان خودی کۆمەڵگان کە کێشـە سـیاسـی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەیە، بەو مانایەی کە ژن لە پەنابەریا، لە دینداربوونیدا، لە بازاڕی کاردا، لە ســـیاســـەتدا، چینایەتیدا و لە خێزاندا خاوەن کیشـەیە هەر وەک پیاو و باقی توێژەکانی کۆمەڵگا. ناکرێ هەموو کێشـــەکانی ژن بخەینە ســـەبەتەی جێندەرەوە، بەڵکوو دەبێ ڕیشـــەی جۆرەکانی ســـتەم و هەڵاواردن دەست بۆ بەرین و لەوێوە کیشەی ژنانیش ببینین.

چارەسەری ئاکتی ستەم لەسەر ژنان لە هەموو بوارەکاندا، پێویســـــتی بە ڕادیکـــالیزمێکی لێبڕاوانەیە، بەتـــایبەتی لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا ســـتەم لەســـەر ژنان لە ئاســـتێکدایە کە ڕەگی قووڵی لە ئـاین و خێڵگەرایی و پیـاوســـــالارییەکی بێشــــەرمـانەدایە، کە چۆتە نـاو زمـان و ئەدەب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ژنانی ئێمە کێشـەیان تەنها بازاڕی کار نییە، کەم و زۆری مووچە و ئازادیی پۆشــاکەوە نییە، ژن لای ئێمە ئەکوژرێت بە کۆمەڵ و بکوژەکان بەپێی یاســـا و ســــولحی کۆمەڵایەتی ئازاد دەکرێن، ژن لای ئێمە ڕۆژانە ئەشـــکەنجە دەدرێت. زمانی ڕۆژانەمان بۆ ئاخاوتن پڕە لە دەســتدرێژی ڕاســتەوخۆ بێ ئەوەی کەس پێی وابێت ئەمە دەســتدرێژییە، جەســتەی ژنان بە ئاشــکرا ڕۆژانە لەبازاڕ و شـوێنە گشـتییەکاندا دەسـتدریژی دەکریتە سـەر و چووەتە نـاو گۆرانی و ئەدەبیـاتەوە. هەڵبژاردن لەســـــەر ژیـان و چـارەنووس نەک مـانـایەکی نییە بەڵکوو بووەتە داب و نەریـت و ئـاســــــایی بووەتەوە. بۆ ژنـان ئەم جۆرە لە فێمێنیزمی باو لێرە یارمەتی ئەم بارودۆخەی ژنان نادات.

گۆڕانکـاری لە بـارودۆخی ژنـان دەکرێت بە تێکەڵکردنی بیری سـیاسـی بێت لەگەڵ بزووتنەوەی فێمێنیسـتی. سیاسـەت بە مانای دەسـت بردن بۆ چەمکەکانی عەدالەت، دەسـەڵات، ئاسـایش و دەوڵەت. ئەم چەمکانە هەمیشـە پیـاوان خەریکی بوون و پوزەتەڤیزمێکی بێهەسـت و نائینسانی بە سەرەوە زاڵ بووە، دیارە مەبەست ئەوە نییە کە ئەگەر ئەو ئەکتانەی سـیاسـەت تەنها بەدەسـت ژنەوە بێت دنیا باشـتر دەبێت، بەڵکوو تێگەیشـتنێکە لەوەی کە ئێسـتا دەگوزەرێ لە پیاوسـالاری لەباری مێژووییەوە. یەکسـانی لە ئاکتی سـیاسـی و بەڕێوەبردنەوە یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی کە دەتوانێ ببیتە بنەمای دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکسـان. ژنان ناتوانن تەنها لە چوارچێوەی مافی مەدەنی و مافە ئینسـانییەکانیاندا بمێننەوە، بەڵکوو دەبێ دەسـت بەرن بۆ چەقی سـیاسـەت کە دەسـەڵات و بەڕێوەبردن و ئاشـتی. خودی بیری سیاسـەتی ڕزگاریش ناتوانێ خۆی بەدوور بگرێ لە مەسـەلەی سـتەم لەسـەر ژنان. چالاکوانانی مافەکانی ژنان لە ڕۆژئاوا لەسـەرەتادا دەسـتیان بۆ مافەکانی وەک بوونی موڵک وماڵ و دەنگدان سـەرقاڵ بوون، بەڵام ئێسـتا تێگەیشـتوون کە فێمێنیزم

پڕۆژەیەکی سیاسی کولتوورییە و هەر ئەمەش بۆ کۆمەڵگای ئێمە ڕاستە و کارایە.

**تێبینی:** ئەم بابەتە یەکەم جار لە ١٩ی ئابی ٢٠٢١ لە ماڵپەڕی ژنەفتن بڵاو کراوەتەوە